# کۆمەڵگەی مەدەنی
# مێژوویەکی رەخنەگرانە


**کامیل محەمەد قەرەداغی**

**کردوویەتی بە کوردی**



مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ 121

کۆڵانی ـ 44

ژ. خانوو ـ 1

www.hoshiari.org

govarynovin@yahoo.com



ئەم کتێبە دەقی تەواوی وەرگێڕدراوی ئەم کتێبەیە:

عنوان الكتاب: المجتمع المدني – تأريخ نقدي

أعداد: حسن ناظم / علي حاكم حسن

التحريرو الإشراف اللغوي: حسين بن حمزة

الطبعة: الأولى 2007 بغداد ـ أربيل ـ بيروت

معهد الدراسات الاستراتيجية

ناوی کتێب: کۆمەڵگەی مەدەنی: مێژوویەکی رەخنەگرانە

وەرگێڕان بۆ کوردی: کامیل محەمەد قەرەداغی

دیزاین و بەرگ: ئەمیرە عومەر

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

تیراژ: (2000) دانە

ژمارەی سپاردن: (1550) ی ساڵی 2009 ی وەزارەتی رۆشنبیری

ژ. زنجیرە: (302)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێشەکیی وەرگێڕ

ئەگەر بمانەوێت بە پرسیاری ئەوە دەست پێبکەین، کە داخۆ کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟ ڕەنگە ئەو وەڵامەی، کە بە بیری هەر کامماندا بێت بۆ پێشکەشکردنی سادەترین تێگەیشتن لەبارەیەوە, ئەوەبێت، کە بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی مافە بنچینەییە سیاسیو ئابوورییەکان لەپاڵیشیانەوە دیموکراسیەت بۆ ئەندامەکانی خۆی دابین دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکی بەراییە لەبارەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەوە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو وردتریش بڵێین لەپاش شۆڕشی فەرەنساوە بووەتە مایەی قسەوباس لەسەرکردنو ئەزموونکردنو تادێت چەمکو بۆچوونی گرێچنتر لەناو هزری مرۆییدا لەبارەیەوە دروستدەبێ.

بەڵام لە سەروبەندی زۆربەی ئەو بۆچوونانەوە واتێدەگەین، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بریتی بێت لە قۆناغێکی پێشکەوتنو لەپاش



قۆناغی فیودالیزمەوە سەرهەڵبدات. لە هەر دەمێکدا فیودالیزم دەگاتە دوا قۆناغەکانی روو لە هەڵوەشانەوە، کۆمەڵە زاراوەیەکی وەك: یاسا، مافی مرۆڤ، دەستوور، یەکسانی، ئازادی، مافە سروشتییەکان بەسەر زمانی ڕاگەیاندندا زاڵ دەبن. لەپاڵ ئەمەشەوە پیادەکردنی ئەم دروشمانەو خستنەگەڕیان هەوڵو کارو کاتی زۆری دەوێ. ئەگەرچی یەکسانیو ئازادیی تەواو لەوانەیە تا سەردەمێکی زۆر درێژخایەن هەر لە ئاستی دروشمبازیدا بمێننەوە.

لەناو بیریارە لیبراڵەکاندا (کینیو مارکیز دی میرابۆو مێرسی دۆلاڕیڤێرو تۆرگۆ) کە خەڵکانێکی فیزیۆکرات بوون، لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا بانگەشەیان بۆ (کۆمەڵگەی بازاڕ) کردووەو دەکرێ وا سەیری تێرمی (کۆمەڵگەی بازاڕ) یش بکرێ، کە سەرەتابێت بۆ کارکردن بۆ بەرپاکردنی لایەنە فیکرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئەوەی لەم کتێبە بچوکەدا بەرچاو خراوە بریتییە لە پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بە لایەنە فکرییەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنیداو بەرچاوخستنی ئەو گفتوگۆ هزرییانەی کە کاریگەرییان لەسەر ساغڵەمەدانی ئەم تێزە هەبووەو تێگەیشتنێکیشیان داوە بە خەڵك لەسەر ئەوەی، کە ئەو کۆمەڵگەیە چۆن لەسەر زەمینەی واقع دروستدەبێو چۆن دەتوانێت لەسەرپێی خۆی رابوەستێت.

دیاره جیاوازیی بۆچوون لەم بوارەشدا وەك هەموو بوارەكانی تر هەن، بۆ نمونه, لەم كتێبەدا ئەوه دەبینیت، كه ئەگەر یەكێك لە پێداویستییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیی بریتی بێت لە سەرهەڵدانی بازاڕی ئازادو لاوازبوونی رۆڵی دەوڵەت، ئایا لە دەوڵەتەكانی پاشماوەو ئێستای كۆمۆنیزمدا، كە دەوڵەت رۆڵێكی سەنتەریو هەرەمیی هەیه, ئایا هەوڵدان بۆ گەیشتن به كۆمەڵگەی مەدەنی به چ ئاكامێك دەگاتو كێن ئەوانەی دەیانەوێو دەتوانن كار لەسەر كۆمەڵی مەدەنی بكەن؟

ئەم كتێبەی ئێستا وەك ناساندنێكی ئەو بواره وایەو هیوادارم لە ئاییندەدا بتوانم كتێبێكی تر لەم بوارەدا پێشكەش بكەم، كه تەواوی مێژووی سەرهەڵدانی كۆمەڵگەی مەدەنیی تێدابێت له سەردەمی بالآیی دەسەڵاتی دەوڵەتی یۆنانییەوه، كه دەگەڕێتەوه بۆ پێش مێژوو، تا ئەمڕۆی سەردەمی دونیای هاوچەرخ.

**كامیل محەمەد قەرەداغی**

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام چەمکێکی تەمومژاوییشە, زۆریی بۆچوونە جیاوازو بگرە دژبەیەکەکانیش لەبارەی ئەم چەمکەوە، بەڵگەیەکن لەسەر تەمومژاویبوونەکەی. بەڵام رەنگە رانانێکی مێژوویی‌و رەخنەگرانە بۆ رەوتی چەمکەکە بتوانێت یارمەتیمان بدات لە لێکجیاکردنەوەی ئەم وێناکردن‌و بیرو روانینانەی لەبارەیەوە هەن‌و پاشان هەموویان لەگەڵ ئەو واقعە کۆمەڵایەتی‌و ئابورییانەدا تێکەڵ دەکرێنەوە، کە تیایانداو لەڕێگەیانەوە پەیدابوون‌و سەریانهەڵدا. هەموو ئەم وێناکردن‌و روانینانەش پەیوەستبوون بە سەردەمەکانی خۆیانەوە، جاران‌و ئێستاش پێکەوەکۆبوونەوەی مرۆڤایەتی بووەتە تەوەری بیرکردنەوەی مرۆیی. هەموو فەلسەفەکان، ئایینەکان، ئایدیۆلۆژیاکان، هەریەکەیان بەپێی ئاراستەو وێناکردنی خۆی لێپێچینەوەی لەبارەی چۆنیەتیی رێکخستنی ئەم شێوە کۆبونەوەیەوە کردووەو بەهانەی لەسەر رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان‌و دامەزراوە یاسایی‌و سیاسییەکانیش هەبووە. بەڵام هەر خودی کۆبوونەوەی مرۆیی، بەپێی پێداویستیی وەرچەرخانەکان‌و فراوانبوون‌و فرەچەشنبونەکانیەوە، کۆمەڵە وێناکردنێکی وا دەهێنێتەئاراوە، کە پێشتر لەوێنەیان نەبووە. یان لەوانەیە هەندێجار پێویستیی گرتنەبەری چەند رێوشوێنێك



بسەپێنێت، کە دەکرێ ناویان لێبنێین رێوشوێنەکانی دەربازکردن، بەتایبەتییش لەکاتێکدا، کە کۆمەڵگەی مرۆیی دەگاتە بارێکی خنکێنەرو رێبەست. لەبەرئەم هۆیانەیە، کە بەدرێژایی ئەم مێژووە کۆمەڵە وەرچەرخانێکی گەورە دەبینین، کە خودی واقعە کۆمەڵایەتییەکە سەپاندوونی.

ئەوە بەبیری کەسدا نایەت، کە ئەوەی رێبەرایەتیی بەڕێوەبردنی ئەم وەرچەرخانانە دەکات, تەنها بریتی نییە لە هزری ئازاد، بەڵکو زۆر فاکتەری تریش هەن بەشدارن تێیدا. گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، فراوانبوونەوەی جووڵەی بازرگانی، دەرکەوتن‌و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتەکان، سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و باوبوون‌و بە دامەزراوەبوونی هزری ئایینی، هەموو ئەمانەو شتی تریش هەن، کە لەوانەیە کاریگەری‌و بەشدارییان لەسەر ئەم وەرچەرخانانە هەبێت، لەبەرئەوەی ئەمانە هەموویان سیمای کۆمەڵگە بەرەو سیمایەکی نوێ‌و جیاواز دەبەن‌و کۆمەڵە گرفتێك دەوروژێنن، کە لەسەر هزری مرۆڤایەتی پێویست دەبێت لێپێچینەوەیان لەبارەوە بکات، بۆئەوەی رێکیان بخات‌و جڵەویان بگرێتەدەستی خۆی.

لەوانەیە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مەدەنی جەختێکی زیاترمان لێبکات بۆئەوەی سەرلەنوێ بیخەینەوە سەر سەکۆی شیکردنەوەو راڤەکردن. سەرلەنوێ بیرکردنەوە لەم چەمکە, مەسەلەیەکە لەلایەن

کۆمەڵە وەرچەرخانێکی زۆرەوە سەپێنراوە. بۆنمونە دەرکەوتنی دەوڵەتی سۆشیالیستی لەسەدەی بیستەمدا دەرکەوتنی چەمکێکی نوێ بووە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەگەرچی بەلای هەندێ کەسەوە وا بۆی روانراوە، کە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە سەرلەنوێ هێنانەوەکایەی ئەو تێزە سەرکوتکارییانە بووە، کە مێژوو بەخۆیەوە بینیونی. بەڵام بەلای هەندێ کەسی ترەوە وا بۆی روانراوە، کە ئەو کۆمەڵگەیە بەوشێوە گشتگیرییە نەبووە، کە رۆژئاوا وێنایان کردووە. بەڵام بەهەرحاڵ, تەنها دەرکەوتنەکەی‌و بە دامەزراوەبوونی لە چەند دەوڵەت‌و چەند دەستەیەکی دەوڵەتاندا، جۆرێکی نوێی رێکخستنەوەی کۆمەڵایەتیی سەپاندووە. لەدایکبوونی دەوڵەتی سۆشیالیستی نە سووک بووەو نە ئاسان. ئەو رکەبەرییە ناوخۆیی‌و دەرەکییانەشی، کە یەخەیان پێگرتووە، هەر بۆئەوە بووە وایلێبکەن (ئەگەر ئەم دەربڕینەمان راست بێت بیڵێین) کە سەرلەنوێ خشتەبەندییەك بۆ بیرکردنەوەکانی خۆی بکاتەوە.

ئەو سۆشیالیزمەی کە ئامانجی ئەوەبوو لەناو کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنستیدا دەوڵەت هەڵبوەشێنێتەوە, ملی رێگەیەکی گرت، کە دەسەڵاتی دەوڵەت‌و دامەزراوەکانی دەوڵەتی خەستتر کردەوە.

ئەمە تەنها یەك نمونەی سەرەتایی بوو, بۆئەوە هێنامانەوە تا سروشتی ئەو وەرچەرخانانەی پێ روون بکەینەوە، کە بەسەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاتوون. لەم رانانە کورتەماندا ئەوەش



دەبینین، کە چۆن ئەم وەرچەرخانە گەورانە هەندێجار لە رەگەوە هەموو پەیوەندییە مرۆییەکانیشیان گۆڕیوە. سروشت‌و شێوەی پەیوەندیی نێوانی کۆمەڵگەو دەوڵەت وەکو تەوەری هەموو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان دەمێنێتەوە. ئەمجا بۆئەوەی هەندێ لەسەر گرنگترینی ئەم وێناکردنانە راوەستین، دەبێ لە سەرەتا هزرییە پەیڕەودارو رێکخراوەکەوە دەست پێبکەین، کە مەبەستمان هزری گریکییە لە سەردەمی ئەفلاتۆنەوە. چونکە شارستانیەتی گریکی تێگەیشتنێکی کلاسیکییانەمان لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەداتێ. لەباسی ئەوەوە چاوێك بە هزرەکانی هاووڵاتیبوون‌و ئەرکەکانی سەرشانی کۆیلەو بەرپرسیارێتیی سەرکردەکان‌و دابەشکردنی کاریشدا دەخشێنین. چونکە بەپێی تێگەیشتنی کلاسیکییانە کۆمەڵگەی مەدەنی گروپێکە لەڕووی سیاسییەوە رێکخراوبێت.

* * *

ئەفلاتۆن کۆمەڵگەی مەدەنی بە لەشی مرۆڤ دەشوبهێنێت، کە چەند ئەندامێکی جیاوازی هەیەو هەریەکە لە ئەندامەکان کارێکی جیاواز ئەنجامدەدەن. ئەوەتا بوونەوەری مرۆیی چەند پێداویستییەکی مادیی وەکو شوێنی نیشتەجێبوونو بەرگو خۆراکی هەیە. هەروەها (کاردابەشکردن)لەناو ئەو تیۆرەی ئەفلاتۆندا، کە لەبارەی دادپەروەریو سیاسەتو کۆمەڵگەی مەدەنیەوەیە، شوێنێکی گرنگی هەیە. بۆیە لەمەوە تیۆرەکەی وەکو تیۆرێکی (وەزیفی) باسکراوە، لەبەرئەوەی هەر رەگەزێك، کە لەناو ئەو تیۆرەدا ناوی هاتبێت, وەزیفەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدات, بۆئەوەی گونجانێك لەناو هەموویاندا دروست ببێت.

شتێك، کە بەلای ئەفلاتۆنەوە گرنگ بوبێت, بریتی بووە لە یەکێتیو یەکگرتوویی دەوڵەت. ئەو پێیوابووە زاڵکردنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتیدا سەرچاوەی هێز بووە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە دەیبینین هۆکاری تێکشکانی ئەسینابیەکان بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانیان خستۆتە سەرووی



بەرژەوەندیی گشتییەوە. هەروەها لەدژی ئەوە بووە(زیادەڕەوی لە خۆشنوودیدا) بکرێت. لەبەرئەوەی پێیوابووە ئەم زیادەڕەویکردنە ململانەی دەوڵەمەندبوون لەنێوانی دەوڵەمەندو هەژاردا دروستدەکات. کەوابێ لەلای ئەو(یەکێتی) بنچینەیەو بە گونجاوی لەگەڵ ئەو تیۆرەیدا دایدەنێت، کە لەبارەی جیهانی نمونەکانەوەیە، ئەو جیهانەی، کە ویستویەتی هەموو سیماکانی (بوون)ی پێ یەکبخات.

ئەفلاتۆن لەو حیکمەتەی سۆکراتەوە دەستی بە کارکردن کردووە، کە لەبارەی مرۆڤی دڵخۆشەوەیەو دەڵێت، ئەوە مرۆڤێکە بەپێی ئامانجە جەوهەرییەکانی ژیان، ئاراستە بەخۆی دەدات. هەرچی چاکەیە، بۆخۆی هەیە، لێرەوەیە کە مشتومڕەکەی لەگەڵ ئەو گروپی تێزی رەنگاڵەییانەدا (سەفسۆتاییەکان) دروست بووە، کە پێیانوابووە ئەپستمۆلۆژیا بریتییە لە رستێك لە کارامەیی، کە لە پێناوی بەرژەوەندیی کەسێتیدا بەکاردەهێنرێن.

ئەفلاتۆن هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆمان بۆدیاری دەکاتو داوادەکات زاڵبین بەسەریانداو بنەبڕیان بکەین. (نایەکسانی) بە پێشەنگی ئەو هۆیانە دەزانێت، ئەمجا خۆپەرستیو پەرتەوازەییو بڵاویشی دەخاتەپاڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، کە دان بە گرنگبوونی دەسەلات لە مەسەلەی راساندنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

دەنێت، بەڵام هەرخۆی وادادەنێت دواجار ئەو راساندنە لەسەر مەسەلەی نمونە هزرییەکانو لەسەر چاکەی عەقڵسەروەری رابوەستێت.

لەلای ئەفلاتۆن، جگە لە عەقڵ، هیچ شتێکی تر نییە ئەو راستییە پیشان بدات، کە جیهان رێکدەخات، هەر لێرەوەیە، کە گومانی لە (سۆز)کردووەو شیعرو شاعیرانو وێنەو وێنەکێشانی داوەتە بەر پەلامارو پێیوابووە ئەمانە خۆیان دەدەنە دەستی هەڵچوونەکانی ناخیانەوەو رەهەندێکی خودی دەدەن بەسەر حەقیقەتدا، ئەمەش لەلای ئەو بەشێواندنو داپلۆسین دادەنرێ، بگرە بە شێواندنی شێواندنیش دادەنرێ، لەبەرئەوەی گوایە خاوێنیی بێگەردی تەنها لە جیهانی نمونەکاندا نەبێت، لە هیچ شوێنێکی دیکەدا بوونی نییە، تەنانەت شتە واقعییەکانیش لە لاساییکردنەوەیەکی نمونەکان بەولاوە چیی دیکەنیین. ئەمجا دەبینی لەپاش ئەوەشەوە شاعیرو وێنەکێشەکان دێن لاسایی شتە واقعییەکان دەکەنەوە، بۆئەوەی هێندەی تر بیانشێوێننەوە. دەسەڵاتی سیاسی بەدەستی تەنها یەك کۆمەڵە دەستەبژێرەوەیە، کە ئەپستمۆلۆژیایەکی ئاکارییانەیان هەیە، ئەم دەربڕینەیش لە کرۆکەکەی خۆیەوە نارەزاییدەربڕینێکە بەرامبەر بە دیموکراسی، لەبەرئەوەی گوایە لاوازیو چاوپۆشیو پەشێویی تێدایە.



ئەفسانە بەناوبانگەکەی (ئەفسانەی ئەشکەوت) ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە(فەیلەسووف– پاشا) ناچاربووە، سەرباری ئەوەی خواستی خۆیشی نەبووە، دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت. ئەفلاتۆن بڕوای وابووە، کە موڵکداریو خێزانو دامەزراوە تایبەتییەکانی تری ژیان هەمیشە بەتەنگ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوەن، لەبەرئەوە مەرجی ئەوەی داناوە، ئەوکەسانەی دەبنە پاسەوانی کۆمارەکەی, هیچ موڵکێك، هیچ پەیوەندییەکی خێزانییان نەبێتو ژیانیان بریتی بێت لە ژیانێکی سادەی سەربازییانە.

هەرچی ئەرستۆی قوتابیشیەتی، لەڕووی لۆژیکی فەلسەفییانەی قووڵەوە، پێیوایە مەحاڵە هەموو سیماکانی بوون لەناو یەکەیەکی چەمکیدا یەك بخەین، چ ئەو یەکەیە جیهانی نمونەکان بێت یان هەر شتێکی دیی تر. وەك دەبینین, ئەرستۆ لەبری یەکێتی, جەختی لەسەر فرەیی کردووەو پێیوابووە، کە خێزان بناغەی دەوڵەتە، ئەوکاتە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنەرە. ئەرستۆ هەر بە زوویی روو لە شار دەکات. رێبازە مەبەستدارەکەی بەرەو ئەوەی بردووە، واسەیری شار بکات، کە گشتگیرترین پەیوەستی مرۆڤایەتی بێت، لەبەرئەوەی هەموو ئامانجەکانی شاری تێدایە. بۆیە بەلای ئەوەوە شار بەرهەمێکی پێگەیشتوو تەواوی پەرەسەندنی ئاکاری مرۆڤایەتییە. هەروەها دەکرێ شیانی ئاکاری لەناو خێزانو لادێیشدا بەرپاببێت، کە دیارە شیانی ئاکاری لەڕووی کاتەوە دەکەونە پێش

دەرکەوتنی دەوڵەتەوە. لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە، کە مرۆڤ ئامادەیی ئەوەی تێدایە بچێتە ناو سیستمەوە. بەلای ئەرستۆشەوە دەوڵەت بریتییە لە گۆڕەپانێك، کە دەکرێ تیایدا گوزارشت لەو توانایەی ئادەمیزاد بکرێ، کە دەتوانن لەڕێگەی راوێژو کاری هاوبەشەوە ژیانی ئاکاریی خۆیان بەرقەراربکەن، بەڵام دەوڵەتیش بریتی نییە لە تاکە گۆڕەپانی بەرپاکردنی ئەو ژیانە ئاکارییە.

سێ جۆر پەیوەندی هەن جڵەوی خێزان بەدەستەوە دەگرن: سەرۆك/کۆیلە، مێرد/ ژن، باوان/ منالآن. لەلای ئەرستۆ راییکردنی کاری ناوماڵ مەبەستێکی ئاکارییانە ئەنجامدەداتو بەشدارییش دەکات لە پەرەپێدانی شارداو واباسیلێکردووە، کە بریتی بێت لە هونەری سەرۆکاریکردنی کۆیلەکانو پیادەکردنی دەسەڵاتی مێردو دەسەڵاتی باوکایەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە لەسەر پەیوەندیی پێداویستیو نایەکسانی بونیادنراون، کەچی مەبەستە ئاکارییەکەیانو بەشداریکردنیان لە خزمەتکردنی شاردا، شتێك نییە فەرامۆشی بکەیت.

بەلای ئەرستۆوە کۆیلە وەکو رەگەز پۆلێن ناکرێ، بەڵکو کۆیلایەتی سیستمێکە بۆ خزمەتکردنی ناوماڵو فاکتەرێکە لە فاکتەرە ئابورییەکانو کۆیلەو سەرۆك لەناو تۆڕێکی پەیوەندیی پشت بەیەکتربەستنی ئاڵوگۆڕکراودا بەیەکترەوە بەستراون.



روانینەکەی ئەرستۆ بۆ کۆیلەو سەرۆك دەچێتە ناو چێوەی پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوای سروشتی (سەرۆك) بە بەرفەرمانی سروشتییەوە(کۆیلە). کۆیلەکە ناتوانێت رەهەندی ئاکاریو عەقڵانی بۆ خودی خۆی بپارێزێت، لەمەوە پێویستی بە سەرۆك دەبێت، سەرۆکیش ناتوانێت خزمەتگوزارییەکانی ناوماڵ بۆ خۆی دابین بکات، لەمەوە پێویستی بە کۆیلە دەبێت.

مەسەلەکە بۆ پەیوەندیی خێزانیو پەیوەندیی باوکایەتییش هەروەهایە، ئەم دوو پەیوەندییەیش لەسەر بنەمای نایەکسانیو سوودی ئاڵوگۆڕکراو بونیادنراون. زاڵبوونی ئاکارییانەی مێرد بەسەر ژنەکەیداو باوك بەسەر مناڵەکەیدا، مەبەستێکی ئاکارییانە ئەنجام دەدات. جاران خێزان یەکەیەکی بەرهەمهێنەربووە، بۆیە ئەوکاتە ئاڵوگۆڕکردنەکە رۆڵێکی سنورداری هەبووە، بەرهەمەکەش هەر بۆ بەکارهێنان بووە، کەمجار رێککەوتووە زیادەی هەبێت. بەڵام لە گونددا ئاڵوگۆڕکردن فاکتەرێکی گرنگ بووەو شێوەی گۆڕینەوەی سادەی وەرگرتووە. ئەفلاتۆنو ئەرستۆ لەسەر ئەوە هاوڕابوون، کە سوودی تایبەتو کەڵەکەبوونی سەرمایە لەلای تاکەکان دووفاکتەری وێرانکەرن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. پەیدابوونی پارە ئاڵوگۆڕکردنی کالآی لەنێوانی خەڵکی شوێنە لەیەك دوورەکاندا ئاسان کردو یارمەتیی کەڵەکەبوونی سەروەتی دا. بۆیە کاتێك، کە چالاکییە

مرۆییەکان کەوتوونەتەگەڕ لەپێناوی تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆیاندا نەبووە، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی پارە بووە.

ئەرستۆ پێیوایە دەستکەوتی بازرگانی لەسەر حسابی خەڵکانی تر نەبێت بەدەستنایەت، بۆیە بازرگانیکردن دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت دەکاتە کارێکی مەحاڵ.. پووختەی روانینەکەی ئەو بۆ چالاکیی ئابوری ئەوەیە، کە ئەگەر لەپێناوی بەدەستهێنانو کۆکردنەوەی پارەدابێت, ئیدانەی دەکات، بەڵام ئەگەر بۆ بەکارهێنانی بێت، ئەوا هانی دەدات. ئەم پوختەیە بریتییە لە ناوەڕۆکی هزری سیاسییانەی گریکیش.

مەرگی ئەرستۆ هاوکات بوو لەگەڵ مەرگی دەوڵەتی شاردا، بە مردنی دەوڵەتی شاریش بیرۆکەیەکی گرنگیش مرد، ئەویش بیرۆکەی ئەوەی، کە مرۆڤ دەتوانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، کاری هاوبەش بکەن، تێگەیشتنێکی نوێی سیاسەت جیاواز لە تێگەیشتنی پێشووی خۆیان بەرهەم بهێنن، لەبریی ئاراستەگرتن بەرەو دەرەوە (واتە بەرەو کاری هاوبەش) ئاراستە بەرەو ناوەوە گیرا، واتە بەرەو (کاری خۆژێن), ئەمەش بوو بە چێوەیەکی نوێی تێگەیشتن. بەمشێوەیە کەلبییەکانو ئەبیقۆرییەکانو رەواقییەکان کاری خۆیانیان چڕکردەوە سەر جیهانی ناوەکیی مرۆڤو ئاسوودەیی تاکەکەسیو سەربەخۆیی تاکەکەسیو یەکسانیی بوونو راستڕۆیشتنی کەسێتی. بەمەش پێوەرە ئاکارییەکان لەناو



کۆمەڵگەی شاریدا کاراتربوون، خۆگرتنو بەڕێوەبردنی کارو فەرمانو لێبوردەیی کاریگەرییەکی گەورەیان بۆسەر هزرو ژیان دروستکرد.

ئەبیقۆر رقی لەئایینەکانو سیاسەتە کۆنەکان دەبۆوە، وتی سروشتی کوێر ناتوانێت ئاراستە بۆ رەوشت دیاری بکات، داوای خۆدەربازکردنی مرۆڤی لە پووچگەریو خواوەندەکان دەکرد، بۆئەوەی مرۆڤ پەیڕەوی لە ئارەزووی تاکەکەسیی خۆشنودیو خۆ لەئازارپاراستن بکات. گوزەرانکردن بەشێوەی پاشەکشەکردن لە جیهانی خەڵکانی تر, مانای سەربەخۆییو رەسەنایەتیی دەگەیاند. ئەم دوو خەسڵەتە کۆمەڵگەی شاریی هیلنیستییان لەوانی دیکە جیاکردەوە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی لەبەرچاوگرت. سیستمی گشتی بوو بە ئامرازێك بۆهێنانەکایەی خۆشنوودیی تاکەکەسی، خودیش هەر لەناوەوەی خۆیدا خودێتیی خۆیی دەهێنایەدی، نەك بە پەیوەندیبەستن لەگەڵ ئەوانی دیدا، ئەم هەڵوێستە گوێڕایەڵیکردن بوو لەو ئامۆژگارییەی ئەبیقۆر، کە دەیگوت: (دەبێ خۆمان لە زیندانی پەیوەندییەکانو سیاسەتکردن دەربازبکەین). تەنانەت (سینیکا)یش دانی بە پێویستیی تایبەتمەندێتیدا ناوەو دژایەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، ئەگەرچی دوایی ئەم هەڵوێستەی خۆیشی بەوە سازداوەتەوە، کە وتویەتی ئەو تایبەتمەندێتییە بەرەو ژیانی هاوبەشمان دەبات. ئەمە بەو مانایە دێت، کە لەلای ئەو، کۆمەڵگەی

مەدەنی بە دابڕان پتەوتر دەبێ. سینیکا پێیوابووە تێزی تاکڕەوی ڕێگە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی جیهانیی وا ناگرێت، کە بناغەیەکی لەسەر عەقڵ بێت. بەڵام ئەم دەوڵەتە دوژمنێکی سەرسەختی هەیە، ئەویش بەرژەوەندیی تایبەتییە. ئەمەش ئاکامی ئەو ڕوانینەی ئیمپراتۆری ڕەواقی (مارکۆس ئۆرلیۆس)ە، کە پێیوابووە بەرژەوەندیی تایبەتی دوژمنێکی سەرسەختی عەقڵە. بۆیە لێرەوە ڕەواقیزم هەوڵیداوە چەمکێکی یەکگرتوو لەبارەی کۆمەڵگەیەکی جیهانیی واوە بونیادبنێت، کە دامەزراوەی ناوەنجیی هەبێت.

شیشرۆن، کە لە ساڵی (106) زایینی دا لەدایکبووە، هەوڵیداوە هەرەسی ڕۆمای کۆماری رابگرێت، بەڵام بەچاوی خۆی هەڵکشانو شکستخواردنی یۆلیۆس سیزاریشی بینیوە، شتەباشەکانی کۆماریی ڕەواقیی وەکو کەرامەتو بینایيو لێبوردەیی لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا کردووە. پێیوابووە، کە دادپەروەری بناغەی ژیانە. پێیوابووە، کە تەنگوچەڵەمەی لەوەدایە پێشبڕکێ لەسەر دەسەڵاتو سەروەری بکەن. ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنی لەلای ئەفلاتۆن بە کاردابەشکردن گەڵاڵە ببێتو لەلای ئەرستۆ بە توانا سروشتیو ئاکارییە جیاوازەکان گەڵاڵە ببێت، ئەوا لەلای شیشرۆن بەپێی پرەنسیپەکانی عەقڵ گەڵاڵە دەبێت، چونکە مرۆڤەکان ئامادەییەکی خۆڕسکیان هەیە بۆ کۆبوونەوەو عەقڵ بەڕێوەیان دەبات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە شیشرۆن دەیویست پارێزگاری موڵکدارێتی بکات،



بۆئەوەی ئەرستۆکراتیەتو موڵکەکانيو سەربەخۆییبونەکەشی بپارێزێت. بۆیە زۆر بەتووندی لەدژی ئەوەبوو هەر یاسایەکی کشتوکاڵی دەربچێت، کە بوار بۆ دەستبەسەرداگرتنو دابەشکردنی سەرمایە خۆش بکات، ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ئەو هاندەری دەوڵەمەندەکان بوبێت لەدژی هەژارەکان، بەڵکو دەیویست چەند ڕێوشوێنێکی وا دابنێت, هەژاران لە چڵێسیی دەوڵەمەندەکان بپارێزێت، پێیوابوو ئەو ڕێوشوێنانەش بەوە دەبن, کە سنور بۆ ئاستەکانی سەرمایە دابنرێن. ئەم جۆرە نەیارییە بە پاوانکردن جەخت لەسەر گرنگیی بوونی دامەزراوەی سیاسی دەکاتەوە، چونکە کەسەکان تا لەلایەن فشاری دەوڵەتەوە ناچارنەکرێن، لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا واز لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ناهێنن.

شیشرۆن هەوڵیداوە لەڕێگەی تێزە دەستوورییە ئەرستۆکراتییەکەی ئەرستۆوە سیاسەتێکی هاوسەنگکردنی نێوانی دەوڵەمەندانو هەژاران بدۆزێتەوە. بۆیە بڕوای وابووە، دەبێ دەستوورێکی تێکەڵمان هەبێت، ئەو دەستوورە تێکەڵە گوزارشتێکی سیاسییانە لە جیاوازیی هەڵوێستە سیاسییەکان بکاتو دەسەڵاتی هەریەکە لە فەرمانڕەوا، ئەرستۆکرات دیاری بکاتو شەڕەنگێزەکان کۆك بکاتو نەهێڵێت هیچ کامی ئەم کەسانە یاساکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشێل بکەن.

شیشرۆن پشتی بە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سیاسی بەستووە، کە تیایاندا هەموو پرەنسیپەکانی موڵکایەتیو ئەرستۆکراتیەتو دیموکراسی بتوێنەوەو ونبن. بێوێنەترین دەسەڵاتی ناو دەوڵەتی داوەبە ئەنجومەنی پیران، لەبەرئەوەی پێیوابووە گەر ئەم ئەنجومەنە هەبێت، ناهێڵێت سیستمە کۆمارییەکە هەڵبوەشێتەوە. بەڵام پرەنسیپە کۆمارییپارێزەکانی شیشرۆن بە چ ئاکامێك گەیشتن؟ مێژوو پێماندەڵێت لەسەر هەردوو ئاستی گشتیو تایبەت بە ئاکامێکی تراژیدییانە گەیشتوون. چونکە ئەو ئیمپراتۆریەتە ڕۆمانییە گەورەیە بە هەڵمەتی سەربازیو بشێوییە ناوخۆییەکان لاواز بوو. یۆلیۆس سیزەر پەیدابوو، کە بوو بە گۆڕهەڵکەنی کۆمارەکە. بۆیە ئەوەبوو کۆمارەکە کۆتاییهاتو لەگەڵ کۆتاییهاتنەکەیشیدا هەریەکەی شیشرۆنو یۆلیۆس سیزەریش پێکەوە لەساڵێکدا تیرۆرکران.

لەپاش ئەوەشەوە (ئۆگستس)ی ئیمپراتۆر هات، دڵسۆزو خواوەندی ئاشتی بوو، دەیویست غەزووە دەرەکییەکان بۆسەر وڵاتەکە رابگرێتو کڵو کۆی هەڵچوونی ئەنجومەنی پیرانو ئەرستۆکراتیەتیش دابمرکێنێتەوە. لەوێوە ئیتر زاراوەی بەرژەوەندیی گشتی، مانای کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی پێکهاتوو لە جوتیارانو سەربازانی پاراستنی ئیمپراتۆریەتی دەگەیاند. بەڵام



بەرفراوانبوونەوەی پانتایی ئیمپراتۆریەتەکە وایکرد دوژمنەکانیشی زۆربن. ئۆگستس توانیی سوپا بکاتە دەزگایەکی بێلایەن، سنورێك بۆ ئیمتیازاتەکانی ئەنجومەنی پیران دابنێت، گرنگییەکی زۆر بە پاسەوانانی ئیمپراتۆریی تایبەت بە خۆی بدات، بەڵام دوایی وادەرکەوت کە ئەو گیروگرفتانەی لەم هەنگاوانەوە پەیدابوون, زۆرتربوون لەو گرفتانەی دەویسترا بەم هەنگاوانە چارەسەر بکرێن. ئیتر بە تێپەڕبوونی کات چەمکی بەرژەوەندییە گشتییەکە، چەمکی بەرژەوەندیی تایبەتییشی هاتەپاڵ. ئیتر دان بە سنوری ناوچەی ژیانی تایبەتدا دەنرا، یاسا بۆ داڕشتنی پەیوەندیی نێوانی کەسەکان دانرا، هەروەها بۆ خێزانو موڵکدارییش، تاکەکەس جیابووەوەو بوو بە هاووڵاتییەکی گشتی، هەرچی ئایینیشە, بوو بە مەسەلەیەکی تایبەت، خەڵکەکەش لەوەدا ئازادکران چی بپەرستنو چی بە خواوەندی خۆیان بزانن. لە کەسێتیی ئۆگستسدا روانینەکەی ئەفلاتۆن بۆ سەرکردەی سیاسی بەرجەستە دەبوو، چونکە مەعریفەو دەسەڵاتیشی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئۆگستس نەیتوانی ڕۆما لەناوەوەو لە دەرەوەش بپارێزت، ئەویش هەروەکو هەوڵێکی تری کلاسیکییانەی لێهات بۆ دەربازکردنی مرۆڤایەتی لە بەربەریەت.

کۆمەڵگەی مەدەنی داهێنانێکی مرۆییانە بوو، ئەگەرچی چەند هەڵبەزو دابەزیشی لەناو باوەشی شار، یان کۆماری، یان

ئیمپراتۆریەتدا کردبێ. ئەرکە گشتییەکەی بریتی بووە لە پاراستنی عەقڵو شارستانیەت، بەڵام باوانی ناو کڵێساو لەسەرووی هەمووشیانەوە قەشە (ئۆگستین) لەبەرامبەری ئەم هیوایەدا وەستانو قۆڵیشیان لەدژی هەڵماڵی.

* * *

ئایینی مەسیحیەت وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتو سیاسەتدا، بوو بە بنکەی ئایدیۆلۆژییانەی هەموو ئەو شتانە. لە چاخەکانی ناویندا کڵێسا لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیستمی سیاسی کاری خۆیی دەکرد، بەو مانایەی لەو دەمەدا ئایین لە خزمەتی دەوڵەتدا نەبوو، بەڵکو خەونی ئەوەی هەبوو رێبەرایەتیی کۆمەڵگە بکاتو لەناو پێکهاتەی کۆمەڵدا رکەبەریی دەوڵەتیش بکات، بوونی ئەم خەونە وایکرد ململانەیەکی گەورە لەنێوانی دەوڵەتو کڵێسادا دروست ببێت. چونکە ئیتر کڵێسا هەر تەنها بە رێبەرایەتیکردنی رووحییانەی کۆمەڵگە قایل نەدەبوو، بەڵکو دیویست سەرکردایەتیی سیاسییانەیشی بگرێتەدەست. لەسەرەتاوە کڵێسا باکی بە دەوڵەت نەبوو، لەبەرئەوەی دەوڵەت لەلای ئەو ئاییندەی نەبوو، ئەم دەیویست خەڵك لە جیهاندا بەئاشتی بژین، لە چاوەڕوانیی دروستبوونی شانشینییەکەی خواوەندا بوون.



بەڵام لەگەڵ دەوڵەتیشدا بە شێوازی لەیەکترتێگەیشتن گەیشتبوو، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو لێکتێگەیشتنەوە بتوانێت بێتە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. پاپا یەکەمینەکانی ناو کڵێساکان بوونی دەوڵەتیان وەکو پرەنسیپێکی هەڵەی بنچینەیی مرۆڤ لەقەڵەم دەدا، سوكو ئاسان ناوەڕۆکی لێکدانەوەکەیان بەوشێوەیەبوو، کە پەیدابوونی دەوڵەت بەرەنجامێکی هەرەسهێنانی مرۆڤایەتی بووە، بۆیە دەوڵەت بۆئەوە هاتۆتەئاراوە، کە ئەو هەڵە مرۆییە چاك بکاتەوە، کەواتە پەیدابوونی دەوڵەت وەك سزادانێك وایە بەرامبەر بە ئەو هەڵەیە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی، کە بە روانینی کڵێسا سیاسەت لە ئەنجامی شکستخواردنو نوشستیهێنانی مرۆڤایەتییەوە پەیدابووە.

لەوکاتەوەی، کە بۆ یەکەمینجار(کۆستەنتین)ی ئیمپراتۆر مەسیحیەتی وەکو ئایین وەرگرتو پلەبەپلەیش سەپاندی بەسەر ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیدا، تێکەڵکردنێکی ئایین بە دەوڵەت پەیدابوو ئەمەش بەرەنجامی خراپی لێکەوتەوە. چونکە لەو تێکەڵکردنەوە دەوڵەتێکی ئایینی پەیدابوو، کە کەسی ئیمپراتۆر لە هەمانکاتدا پاپای ئایینییش بوو، بەمەیش دەسەڵاتەکەی بوو بە دووهێندەو قەیسەری پاپا پەیدابوو، ئەو دەسەڵاتە گەورەو بالایانە چوونەدەستی یەك کەسەوەو ئەرکی زۆریشی پێسپێردرا، وەك پشتیوانیکردن لە کڵێساو پاراستنی ئاشتیو بیروباوەڕ،

دەسەڵاتێکی مەزنی لەمشێوەیەش دەبێ هەرکەس بەڕوویدا وەستایەوە, سەرکووتی بکاتو پێیبلێت، ئەوە (هەرتەقە)یە. لێرەوە مەسیحییەت بوو بە پرەنسیپێکی بنچینەیی یەکگرتوویی سیاسیو لەژێر ڕۆشنایی هەڵە رەسەنە یەکەمینەکەدا تیۆرێکی لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە داڕشت، داڕشتنی ئەم تیۆرەش هەر لەسەرەتاوە کەوتە ئەستۆی قەشە (ئۆگستین).

بەپێی روانینی (ئۆگستین) ئەم ڕۆمایەی، کە تازە بووە بە نەسرانی, شکستخواردنەکەی پێشووی لەبەرئەوەبووە چاوپۆشیی لەبتپەرستیو هەرتەقەو خراپەکاری کردووە. بۆیە هات پشتیوانیی لە کلێسا کردو یەکەمین تیۆری مەسیحیی پەیڕەوداری لەبواری مێژوو کۆمەڵگەی مەدەنیدا داڕشت.

بەهۆی ئەم تیۆرەوە ڕۆڵی زانستو عەقڵ کەم بۆوەو بڕوای ئایینیو سۆزی خوایی جێگەکەیانی گرتەوە، بەمەش توانای عەقڵیی مرۆڤ بۆ شوێنکەوتنی پرەنسیپە ئاکارییەکانی خۆی کەمبۆوە. ئۆگستین وتی لەڕێگای رووحی پیرۆزەوە نەبێت، رێگایەکی تر نییە بمانگەیەنێتە حەقیقەتو جوانیو چاکە.

(ئۆگستین) کۆمەڵگەی مەدەنیی لە گۆڕەپانێکی وتووێژکردنو کاری ئاکاریی هاوبەشەوە گۆڕی بۆ میکانیزمێکی زۆرەملەیی وا، کە ئامانجەکانی خواوەند بەوە بهێنێتەدی سزای توێژە چەواشەکان بداتو کەمێك لە گرانیی یەکەمین هەڵەکەیش کەم بکاتەوە. تەنانەت



ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنی نەتوانێت گوتاری خۆی ئاراستەی عەقڵ بکات، ئەوا دەتوانێت ئەو مرۆڤە گەندەڵەی, کە برای خۆی دەکوژێت، ناچاربکات وا هەڵسوکەوت بکات، کە بوونو هەستی براکانی خۆی لەبەرچاوبگرێت.

ئۆگستین بەهانەی بۆ بوونی ئەشکەنجەو توندوتیژیو نایەکسانیو کارسازاندنی نێوانی کلێساو دەوڵەت دەهێنایەوە. بە تیۆرەکەی خۆی هێزی کلێسای پتەوتر دەکرد، بۆئەوەی کۆمەکی پاشاکانی پێبکات. هەروەها لەڕێگەی ئەو بەهانەیەوە، کە دەڵێت دەبێ دەوڵەت بۆ خزمەتکردنی مەسیح بتوانێت بەرامبەر بە هەڵەکردن توندوتیژی بەکاربهێنێت، ئۆگستین دەبێت بە یەکەمین فەیلەسووفی بواری (دادگاکانی پشکنین)، هەروەها پێیوابووە، کە دەوڵەت لە رەحمی هەڵەکردنەوە لەدایکدەبێ، ئامرازێکیشە بۆ کۆککردنی مرۆڤو بۆ پشتیوانیکردن لە کلێسا، بۆیە بەهانەی ئەوەی بۆ دەوڵەتیش هێناوەتەوە, کە بتوانێت کاری زۆرەملەیی بە خەڵك بکات، بۆ بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەی خۆی نمونەیەکی لە تەوراتەوە هێناوەتەوە، چونکە لە تەوراتدا ئەوە هەیە خوا گوێی بەوەنەداوە، کارەسات بەسەر ئەو گەلەدا بهێنێت، کە هەڵبژاردەی خۆی بوون، لەبەرئەوەی ئەو گەلە لەخۆیان بایی بوبوون. ئەم توندینواندنەی خواوەند ڕۆڵێکی بنچینەیی هەبووە لە ناو مێژووی ئیسرائیلییەکاندا، لەوانەیە ڕۆڵێکی لە هەمانشێوەیشی هەبێت لەبارەی

بەرەوپێشچوونی کلێساوە، بەڵام دەبیٚ کلێسا لەو توندی نواندنەدا بە دەستی پاکەوە دەربچێت، چونکە ئەوە دەبێتە ئەرکی سەرشانی دەوڵەت. لەلای ئۆگستین بەرپرسیارێتیی کلێسا بریتییە لە ئاکاری کۆمەڵگەی مەدەنی، مرۆڤایەتیی خراپەکاریش پێویستی بە بوونی سزادانی رووحیی زۆر هەیە, بۆئەوەی رێگەی ئەنجامدانی خراپەکاریی لێبگیرێت، کەواتە پێویستە کلێسا بۆ وەستانەوە لە دژی بزوتنەوە جیاخوازەکانو هەرتەقەکانو بتپەرستانو جوولەکەکان, داوای یارمەتی لە دەوڵەت بکات.

لەپاش سەدەی پێنجەمەوە دەسەڵاتی پاپاو دەسەڵاتی ئیمپراتۆر پتەوتر بوون، هەردووکیان ناولێنران ئەو(دووشمشێر)ەی حوکمی جیهانیان پێدەکرێت. هەرچی کلێسایە سەرپەرشتیی مەسەلە رووحییەکانو رەوشەکانی دڵسۆزیی بەرامبەر ئایینی دەکرد، هەرچی دەوڵەتیشە سەرپەرشتیی سیستم، ئاشتیو دادپەروەریی دەکرد.

پاپا(گیلاسیۆس) ئەو دوو شمشێرەی وا لە یەکتری جیاکردەوە، کە دوو گۆڕەپان بن بۆ کاروباری مرۆیی، دوو شمشێربن، جیاوازبن لە یەکتریو پێکەوە تێکەڵیش بن. دابینکردنی سیستمو یاسا دەسپێردرێت بە دەوڵەت، هیدایەتدانی هەموو ئەندامەکانیش دەسپێردرێت بە کلێسا، ئەم دوولایەنە هەردووکیان دوو دەسەڵاتی



بالان، بەڵام ئەگەر ناکۆکی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەوا کلێسا باڵادەستترە.

چەمکی (کۆمەڵەی مەسیحی) چەمکێکە لەلایەن پاپاکانی کلێساو (ئۆگستین)ەوە گواستراوەتەوە بۆ چاخەکانی ناوین. فەلسەفەی چاخی ناوین بە گریمانی خۆی، کلێسای بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی مەسیحی دادەنا، کە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی کلێساو دەوڵەتەوە بە تێکەڵکردنو رێکخستنو یەکخستن حوکمی دەکریٚ. لەبەرئەوە لەوکاتەدا هەموو چالاکییە مرۆییەکان، بە سیاسەتو ئابوریو زانستو ئاکارو هونەرەوە ملکەچی ژێر کاریگەریی زانستی لاهووتی کران. ئەم هەلومەرجەش وایکرد بەدەستهێنانی هەر جۆرەپێشکەوتنێك لەم بوارانەدا ئەستەم بێت، لێرەوە ئیتر چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لە چاخی رێنیسانسدا ئەو هەستانەوەیە بێتەدیو ئەو یەکخستنە بشکێت وتێکەڵکردنەکەشیان هەڵبوەشێتەوە.

بەشدارییەکانی (تۆمای ئەکوینی) بە وەرچەرخانێکی گرنگی ئەم بوارە دادەنرێن. تۆما لە پاریسو لەساڵی(1245)دا لەسەر دەستی ئەلبێرتی گەورە وانەی خوێندووە. لەوکاتانەدا لەناو کلێساوە کاردانەوەیەکی توند بەرامبەر بە ئاراستەی زانیارییە عەرەبی- ئەرستۆییەکان هەبوو، هەوڵەکەی تۆما بۆئەوەبوو لاهوتێکی مەسیحیی وا دابمەزرێنێت، کە عەقڵیش بگرێتەوە. بۆیە یەکەمین

شتێك، كە كردی ئەوەبوو بەهای ئەو بیرۆكانەی ئۆگستینی كەمكردەوە، كە لەسەر شكستخواردنو هەڵەكاری بوون. دووەمیان ئەوەبوو دامەزراندنی شارستانیەتێكی مەسیحییانەی بەستەوە بە داننان بەو جیاوازییانەدا، كە لەناو بوونەوەراندا رەگیان داكوتاوە، هەروەها بەستیەوە بە ریزبەندییكردنی ئەرستۆییانەی ئامانجەكانەوە. لەمەوە ئیتر كۆمەڵگەی مەدەنیی مەسیحی بوو بە سیستمێكی ئەندامیی پێكهاتوو لە چەند گروپو چینێكی كۆمەڵایەتیی جیاوازی ناوەوەو دەرەوەی كڵێسا، كە هەموویان خۆشەویستیی خوا بەرەو ئامانجی هاوبەشی گەیشتن بە دەربازبوونی هەمیشەیی یەكیدەخستن. ئەكوینی هەوڵی ئەوەی دەدا جێگەیەك بۆ عەقڵ چێ بكات، دیارە لەمیانەی ئەوەوەی دان بەوەدا بنێت, كە دەوڵەت لە بەرهەمێكی عەقڵی مرۆیی بەولاوە چیی دیكە نییە، هەروەها بریتییش نییە لە ئەنجامێكی هەڵەو چارەسەریی ئەو هەڵەیەیش نییە، كە ئۆگستین وێنای دەكرد.

ئەكوینی (لەناو چێوەی روانینی مەسیحییانەدا بۆ جیهان) ئامادەبوو هەوڵی داهێنانی سازاندنێكی نێوانی ئەو چەمكە كلاسیكو چەمكە مەسیحییانە بدات، كە لەسەر كۆمەڵگەی سیاسی لەئارادابوون. بۆیە لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕابوو، لەوەدا، كە حكومەتێكی تێكەڵ باڵاترینو گشتگیرترین نمونەی پەیوەستێكە، كە عەقڵی مرۆیی پێكیهێنابێت.



كڵێسا سواری پشتی ئایین دەبێتو خۆی بە پاسەوانی رەهای ئامانجە خواییەكان لە قەڵەم دەدات. بەڵام مارسیلیۆسی بادوویی دێت ناوەڕۆكی ئەم بانگەشەیە پووچ دەكاتەوەو دەڵێت ئەم ئامانجانە پەیوەندییەكیان بە رێكخستنی سیاسییانەوە نییە. هەر لەم رووەوە كارێكی بنچینەیی تریشی كردووە، ئەویش ئەوەیە، كە وایداناوە كاری كەهنووتی یەكێك لە رەگەزەكانی ناو كۆمەڵگەی مەدەنییە.

مارسیلیۆ نەتەوەی مەسیحی لە ناوەڕۆكە ئایینییەكەی دادەماڵێت، ئەمەش مانای وایە ئەو نیازێكی لەوە گەورەتریشی هەیە، كە پەلاماری دەستوەردانی كڵێسا لە شتەكان بدات. ئەو دەیویست كاری حكومەت تەنها بۆ كاروبارە مادییەكانی مرۆڤ تەرخان بكرێتو دەوڵەتیش سەرچاوەی باڵای یاسابێت. لێرەوە مارسیلیۆس دێت جەخت لەسەر ئەوەدەكات، كە كڵێسا ئەندامێكی سەر بە دەوڵەتەو ئەمجا پێشبینیی ئەوەدەكات، كە كۆمەڵگەی مەدەنیی كڵێسایی كۆتایی پێبێتو بەمەش بەشدارییەكی كردووە لە دانانی ئەو دواچارەنووسەدا.

لەچاخەكانی ناوەڕاستدا كڵێسا هەرچی توانایەكی خۆیی هەبوو, خستیەگەڕو سەرفی كرد، كۆمەڵگە مەسیحییەكانی ئەوروپاش گەیشتنە خاڵێك، دەبوو لەوێدا بیر لە فۆرمی تری رێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسی بكەنەوە. چونكە باڵادەستیی كڵێسا بەرەو

کۆمەڵە تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی وایبردبوو، کە ناکۆك دەهاتەوە لەگەڵ ئەو هۆکارە مادییانەی ناو کۆمەڵگەدا، کە روویان لە گەشەکردن کردبوو. مەبەستمان لەو هۆکارانەش گەشەکردنو فراوانبوونی بازاڕەکانە، چونکە لەو دەمو کۆتایی چاخە ناوینانەدا گەشەیەکی بێوێنە لەبازاڕەکانو جووڵەی بازرگانیدا روویدا. هەروەها ئەو بارودۆخانەش، کە دەوڵەتی نەتەوەیان هێنایەئاراوە, وایان پێویست کرد دەوڵەت لەژێر قەڵەمڕەوی باڵادەستیی پاپایی رۆما بێتەدەرەوەو وردەوردە بەسەر ئەو بونیادە کۆلاکییانەشدا زاڵ ببێت، کە پشتیوانییان لێدەکرد. هەموو ئەمانە پێکەوە نوقڵانەی جیهانو ژیانێکی نوێیان پێبوو. لەپاش ئەم قۆناغەو بەرەوسەر، بە هەوڵی زۆرو درێژخایەن، ئەوروپا گەڵاڵە دەبێت، سیماکانی ئەو ناسنامەیەی پێدەگەن، کە بەپێی کۆمەڵە جیاوازییەکی بونیادگەریو مێژوویی لە باقیی نەتەوەکانی تر جیای دەکەنەوە، ئیتر ئەوروپا جیاواز دەبێ لەوکاتەی، کە سەر بە جیهانی کۆن بوو، جیهانێکی نوێ دەکەوێتە هەناسەدان، جیهانی کۆن هەرەس دەهێنێ.

ئیتر دەبوو دامەزراوە تیۆرییە کۆنە باوەکەی ناو چاخەکانی ناوین هەڵوەشێتەوە، لەناوەوەو دەرەوەی بواری ئایینیدا، لە کۆتاییەکانی چاخی ناوینو سەرەتاکانی چاخی نوێدا، چەند بیریارێك سەریانهەڵداو کەوتنە کاری تیۆریزەکردن لەبارەی سیاسەتو کۆمەڵگەی مەدەنیی نوێوە. سەرباری جیاوازبوونی ئەو بیریارانەی،



کە لە زۆر بواری مەسەلەکانی پرەنسیپو وردەکاریی تریشدا لەدژی تێزی باو شۆڕشیان بەرپاکردبوو، شتێك هەبوو هەموویانی پێکەوە کۆدەکردەوە، ئەویش بریتی بوو لە لێکجیاکردنەوەی لایەنی رووحی لە لایەنی دونیایی، کە ئەمەش دەکاتە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئایین، لەبەرئەوەی هەموویان پێیانوابوو پێکەوە جووتکردنی ئەم دووانە هۆکاری هەموو تێکشکانەکان بوو. ئیتر وەختی ئەوە هاتبوو ئایین لە دەوڵەت جویێ بکرێتەوە.

ئامانج لە هزرە سیاسییەکانی (میکیاڤیلی) ئەوەبوو گەندەڵیو یەکترکوژیو پەرتبوونەکانی ناو ئیتالیا کۆتایی پێبهێنێت، بۆیە ئەو ئومێدە ئەمی خستبووە جووڵە. هەرچی کلێسایشە, هێندە لاواز بوو نەیدەتوانی لەپێناوی یەکخستنو ئارامکردنەوەی وڵاتەکەدا شتێك بکات. لەبەرئەوە میکیاڤیلی پێیوابوو هەموو مەسەلەکان بە دەوڵەت رێکدەخرێنەوە. دەوڵەتی تەندروستو بەهێزی وەکو مەرجێکی پێویست بۆ ژیانی مەدەنییانە لە قەڵەم دا، هەرچی ئەو مەسەلانەشە، کە پەیوەندییان بە ئایینو خێزانو ئابوریو ئاکارەوە هەیە, هێندە کاریگەرییان هەیە, کە کاردەکەنەسەر یەکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەمیریش تێپەڕێت، کێ هەیە بوێرێت دەست بۆ ئەم ئەرکە ببات؟ بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش هات کتێبی (میر)ی نووسی، میکیاڤیلی دەیویست لەڕێگای تیۆرە سیاسییەکەی خۆیەوەو بەپشتبەستن بە نەریتە شارنشینییە رۆمانییە کۆنەکان,

مەرجەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دابنێتو مەرجی میرێكی وا دابنێت، كە بتوانێت دامەزراوە كۆنەكان تێكبشكێنێتو دامەزراوەی نوێتر بونیادبنێت. دەیویست ئەو میرە بەهێزە بە سەلیقەیە كەسێكی كارابێت لەبونیادنانی دەوڵەتێكی بەهێزداو بتوانێت ئارامیو ئاسایش بڵاوبكاتەوە.بەڵام لەسەر ئەو میرەش پێویستە لە هەمان كاتی ئەنجامدانی ئەوكارانەیدا پەیڕەوی لە كۆمەڵە بەهایەكی ئاكاریی وەها بكات، كە ئەو دەسەڵاتەی بۆ بپارێزنو مافە ماكیو مینۆكییەكانیش بۆ خەڵكەكەی (لێرەدا خەڵك بەمانای رەعیەت) بپارێزن. هەرچی هێزی میرو دەوڵەتیش هەیە ناتوانێت بەبێ پشگیریی گەل لەسەر پێی خۆی رابوەستێت، ئەو پشتگیرییەش دەبێ لەڕێگەی چەند دامەزراوەیەكی بەهێزی رەسمییەوە بكرێت.

ڕاستە هێزی میرو سەلارییەكەی دوو ئاراستەپێدەری بنچینەیین بۆ رێكخستنی دەوڵەت، بەڵام دەبێو پێویستە لایەنە تەواوكەرەكەی دووەمی لەپشتەوەبێت، كە ئەویش بریتییە لە رەزامەندێتیی گەل.

میكیاڤیلی لە كتێبی(میر)دا كەوتۆتە ژێر كاریگەریی نەریتەكانی كۆماری رۆمانیو دامەزراوەكانییەوەو پێیوابووە، كە ململانە كوشندەكەی ناو رۆمای ئیمبراتۆری مەسەلەیەكی سروشتیو پێویستە، ئەگەرچی دەشتوانرێ ئەو ململانانە بە یاساو دامەزراوەی دەستووری چارەسەر بكرێن. پێیشیوابووە، كە ئەگەر سنووری كۆمەڵایەتی بەدەوری  ناكۆكییە چینایەتییەكاندا بكێشین، دەتوانین



چاوەڕوانی شتی باشیان لێبكەین، بەڵام ئەگەر بیاندەینە دەستی سیاسەتەوە، ئەوا ئەنجامەكەی ناخۆشو نەخوازراو دەبێ. بۆتاوتوێكردنی ئەم باسەش هات كتێبی (تێزەكان)ی نووسی، بۆئەوەی چاكەو باشییەكانی سیستمی كۆماریی تێدا پیشان بداتو بەپێی پێداویستییەكانی ئەو سەردەمەی خۆی چەند وانەیەكیش لەبارەی چاكەكاریی سیاسییانەوە پێشكەش بكات. لەوانەیە ئەم دەستوورە تێكەڵە یەكێك لە گرنگترین خەسڵەتە جیاكەرەوەكانی كۆماری رۆما بێت، كە هەمووكەسێك نوێنەرایەتییەكی لەناو دەسەڵاتی سیاسییدا هەیە.

ئەوەی سەرنجڕاكێشە، ئەوەیە، ئەو بەپێچەوانەی خەڵكانی ترەوە پێیوابووە ئەم ململانانە بریتین لە تەلیسمی مەزنیو هێزی رۆما، نەك ئەوەی هۆكارێك بن بۆ رووخانەكەی. بەڵام نێربوونی بەرژەوەندیی تایبەتیو دروستبوونی ململانەی توندی كۆمەڵایەتیو سیاسی لە نێوانی بەرژەوەندییەكانداو زاڵكردنیان بەسەر بەرژەوەندیی گشتیدا دەبنە ئەو هۆكارەی لەپشتی تێكشكاندنی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەوەستن، هەرچەندە ئەو كۆمەڵگەیە بەهاو نەریتی باڵاشی هەبێت.. ئەوەی لە رۆما روویدا رێك ئەم شتەبوو، ئەو ناكۆكییانەی، كە لە یاسای چاكسازیی كشتوكاڵییەوە بەرپابوون بوونە هۆی بەرپابوونی شەڕێك، هەموو بەهاكانی نێوانی خەڵكی گشتیو خانەدانانەكانی تێكشكاند، خۆپەرستییەكی كوێرانەی لێ بەرپابوو, لە

خۆپەرستییەکەشەوە هەتاوی بەرژەوەندیی گشتی ئاوابوو، هەر لایەنەو لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا کەوتە خۆسازدان. دواجار سیزەرێکی سەرکوتکار بەبێ بوونی هیچ رکەبەرێك دەسەڵاتی رۆمای گرتەدەست. ئیتر میکیاڤیلییش بە وردبونەوەی لە مێژوو ئەو قەناعەتەی لەلا پەیدابوو، کە ئەو مەترسییانەی لەو سەردەمەی ئەودا هەڕەشەیان لە فلۆرەنسە دەکرد، هەر هەمان ئەو مەترسییانەن، کە رۆمایان بەرەو نەمان برد.

(مارتن لۆسەر) چەند مەرزێکی بۆ ئایین دانا، ئەو بزوتنەوەی ریفۆرمەشی دروستکرد، کە تێگەیشتنێکی نوێی لەبارەی ئایین‌و ئایینداریییەوە تێدابوو، پەیوەندیی مرۆڤ لەلایەك بە کلێساوەو لە لایەکی تریشەوە بە دەوڵەتەوەو رۆڵی کلێسا لە ژیانی گشتی‌و تایبەتیدا, هەموویانی گۆڕی.

هەموو ئەمانە دامالینی دەسەڵاتە گشتگیرەکەیان لە کلێسا لێکەوتەوە، بەڵام دیارە ئەمە بەناوی لە ئایین دەرچوونەوە نەکرا، بەڵکو بەناوی نوێکردنەوەوە کرا.

مارتن لۆسەر جیاوازیی کرد لەنێوانی لایەنی ناوەکی‌و لایەنی دەرەکیی لای مرۆڤ، گۆڕەپانی شەرعی‌و رەسەنی هەریەکەی ئەم دووانەشی دیاری کرد. لۆسەر وتی ئایین شتێکی ناوەکییەو هەرگیز هیچ پەیوەندییەکی نییە بە کردە رواڵەتییەکانی کەسی بڕوادارەوە. ئەم پرەنسیپە سەلاحیەتەکانی پیاوە کەهنوتییەکانی ئایین‌و



خزمەتگوزاریەکانیانی کەمکردەوە. لەمەوە تاکەکەس هەر هیچ نەبێ, لەناوەوەی ناخی خۆیەوە لە رکێفی هەر جۆرە دەسەڵاتێك رەهابوو. بۆیە هەنگاوی یەکەمی سەر ئەم رێگەیە بەوە دەستی پێکرد جیهانی ناوەکیی تاکەکەسی لە هەر دەسەلاتێکی دەرەکی رەهاکرد. کاتێکیش، کە کەسەکە ئازاد بوو, بەدەستهێنانی بەرائەت‌و پاکبوونەوە لە گوناهو هەڵە درایە دەست خۆی, بۆئەوەی لەڕێگەی بڕوایەوە پیادەی بکات، نەك لەو رێگەیەوەی کلێسا لێیخۆش ببێت. چونکە هەریەکە لە مەسیح‌و کتێبی پیرۆز دوو میانکاری رەوای تەنهان لەنێوانی کەسی بڕوادارو رووحی پیرۆزدا، بەپێچەوانەی ئەوەی، کە کلێسا دەڵێت بەزەیی‌و بەخشین دوو بوونی بابەتین‌و لەڕێگەی قوربانییە پیرۆزەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

ئاکامی حەتمیی ئەم پرەنسیپەی لۆسەر ئەوەیە دەسەڵاتی ئایینی لە دەسەڵاتی دونیایی جیابکرێتەوە. لە دەسەڵاتی دونیاییش بەولاوە کەسێکی دیکە نییە بتوانێت لە دەستنیشانکردنی کایەکانی بەرپرسیارێتییەکاندا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبسێت. بەرپرسیارێتیی رێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دانانی سنورێك بۆ لێخۆشبوونە پاپاییەکان‌و قوداسی مردن و بێبەریکردنی کلێساییانە لە ئەستۆی ئەون.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی دەوڵەت رادەوەستێ، وردتریش بڵێین لەسەر ئەو شتە رادەوەستێ، کە

(هۆبز) ناوی لێدەنێت دەسەڵاتی (خاوەن سەروەری) ئەمە بیرۆکە بنچینەییەکەی ناو کتێبی(لیڤیاتان)ی هۆبزە، کە لە ساڵی(1651)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەو خاوەن سەروەرییە لەوانەیە یەك کەس بێت، یان گروپێك کەس بن. لێرەدا ئەوەی گرنگە, ئەو پۆستەیە کە بەدەستیەوە دەگرێ، کە دیارە ئەو پۆستەش دروستکراوە، لەبەرئەوەی هۆبز ناوی لێدەنێت (بوونەوەری دروستکراو)و گیانی سەروەرییەکی دروستکراویشی بەبەردا دەبڕدرێت، خودی کۆمەڵگەش هەر بونیادێکی دروستکراوە، کەوابێ بیرۆکە بنەڕەتییەکەی لای هۆبز ئەوەیە گوزەرانکردن لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا بەبێ دەوڵەت ناشێتو ناکرێ. هەرچی مرۆڤیشە، نە لە دەسەڵاتو نە لەپارە، لە هیچیان تێرناخوات، هەمیشە هەر بەدوای زۆرترینیاندا دەگەڕێت. دیارە هۆکاری ئەمەش ئەوەنییە ئارەزووی وابێت زۆرترین بڕی خۆشحاڵی بۆ خۆی دابین بکات، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئێستا لەبارەی ئەو دەسەڵاتو ئامرازی خۆشنوودییانەوە، کە لە بەردەستیدان, نیگەرانە.

بێگومان هەوڵدانی لێبڕاوانە بۆگەیشتن بەم ئامانجە خۆپەرستییانە بەرەو بەرپاکردنی شەڕی هەمووان لە دژی کۆمەڵگەمان دەبات، ئەمەش مانای لاوازبوون لە دامەزراندنی شارمان پێدەدات، کە دواتر بەهۆی ئەم لاوازییەوە مرۆڤ لە هەموو نیعمەتەکانی شارو کۆمەڵگەکەشی بێبەری دەبێت، چونکە نە پیشەسازی لە ئارادا



دەبێتو نە کشتوکاڵو نە بازرگانیو هونەرەکانو نە ئەدەب، لەبەرئەوەی تۆ کۆمەڵگایەکت نییە ئەمانەی هەبێت. بۆیە دەبێ هەموو مرۆڤێك واز لەو مافەی خۆی بهێنێت، کە دەبێ بە ئاشتی بژێت. ئەم وازهێنانو دەستلێهەڵگرتنە کەسێکی نوێ دادەمەزرێنێت، کە خەسڵەتی شارییانەی هەڵگرتووە، هۆبز ئەم کەسە ناودەنێت (تاکەکەسی بەرژەوەندیخواز)، کە ئەمە کەسێکە واز لە سەلیقەکەی خۆیو بۆچوونە تایبەتییەکانی لەبارەی ئەو شتانەوە دەهێنێت، کە پێیگرنگن، بۆئەوەی ئاشتییەك بەرپابێت، لەو ئاشتییەدا زیاتر لەوەی زیانی تێدابێت، بەرژەوەندیی خۆیی تێدایە.. کەوابێ پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن دەکرێ لەسایەی هەلومەرجێکی ئاشتیو ئارامیدا کۆبوونەوەی خەڵك پێکەوە ڕێکبخەین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، دەبێ لەناو (پەیمانێکی کۆمەڵایەتی)دا ڕێکیانبخەین.

پێناسەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی خەڵك لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا واز لەبەشێکی زۆری ئەوشتانە بهێنن، کە وەکو تاکەکەس تایبەتە بە خۆیان. بەڵام ئەم پەیمانەش لەبەرگریمانی پێشێلکردندایە، لەبەرئەوەی وازهێنانی تەواوەتی لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی مەسەلەیەکی مەحاڵەو نارێك دێتەوە لەگەڵ جەوهەری سروشتی مرۆڤایەتیدا، کەواتە دەبێ زامنێك بۆ ئەم پەیمانە دابین بکەین، ئەو زامنەش بریتییە لەو شمشێرەی کە دەوڵەت بەڕووی هەرکەسێکدا بەرزی دەکاتەوە، کە مەرجەکانی پەیمانە

کۆمەڵایەتییەکە پێشێل بکات. ئارەزووکردنی مرۆڤ لە پاراستنی سەلامەتیی خۆی وایلێدەخوازێت خۆی بدات بەدەست سەروەریی دەسەڵاتێکی سیاسییەوە، کە بتوانێت بە زۆرەملەییو ناچارکردن نزمترین ئاستی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی دابین بکات. ناوەڕۆکی ئەم خۆبەدەستەوەدانە وەك ئەوە وایە، کە هەرکەسێك بە هەرکەسێکی تر بڵێت: من دان بەوەدا دەنێم، کە خۆم واز لە مافی حوکمکردنی خۆم دەهێنمو دەیدەمە دەستی ئەم پیاوەوە، یان ئەم ئەنجومەنی پیاوانەوە، لەسەر بنەمای ئەم مەرجە، ئەو مەرجەیش ئەوەیە کە خۆت بە زمانی خۆت واز لەو مافەت بهێنیت بۆئەو، بەهەمان شێوە دان بە هەموو کردەوەکانی ئەودا بنێیت، ئەگەر ئەمە روویداو هەمووان لەسەر یەك کەس دەنگیان یەك کەوت، ئەوا بەو گروپەیان دەوترێت گروپێکە لەڕووی سیاسییەوە رێکخراوە، واتە(کۆمنوێڵس).

دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وەزیفەکانی دەوڵەتەو بەبێ دەوڵەت ناکرێ کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێت. بەرپابوونی سیاسییانەی دەسەڵاتی دەوڵەت پەیوەندییەکی جەوهەریی هەیە بە بەرقەراربوونی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، لەڕاستیدا هەردووکیان لەڕووی زەمەنەوە هاوتان، چونکە ئەگەر دەوڵەتێکی زۆرەملەکار نەبێت، هەموو ئەرکەکانی وەکو: سەرۆکاریکردنی کاروبارە ناوخۆییو دەرەکییەکانی دەوڵەتو پەیبردن بە مەسەلەکانی شەڕوئاشتیو دەرکردنی بڕیاری گونجاو لەبارەی ئەو مەسەلانەوە



کە ناکۆکی دروستدەکەن, بگرێتەئەستۆی خۆی، ئەوا نە بە شاربوونو نە مەدەنیەت هیچیان روونادەن.

پەیوەندیی نێوان (سەری دەوڵەت)و هەموو تاکەکانی تر پەیوەندییەکی راستەوخۆیە، ئەو، پەیوەندییە بنچینەییەکان دروستدەکاتو گرنگیی دامەزراوەکانو ئەو رێکخراوە میانکارانەو هەرشتێکی تر بەهەند وەردەگرێ، کە کاریگەرییەکیان هەبێت بۆسەر بەهێزکردنی دەسەڵاتی کەسی خاوەن سەروەریو بۆسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانیشی. بۆیە ئەگەر راساندنی ئەو شتانە پێویست بن، ئەوا بەخواستو بڕیاری ئەو کەسە خۆی نەبێت, نایەنەدی، کارەکەی هەر لەکاری خواوەندێك دەچێت، بەڵام خواوەندی ناو دونیای فانی، ئەم خواوەندە فانییە بەپێی دەسەڵاتەکەی کەسی بەرپرسە لە بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەوانەیە یەکێك لە دیارترین سیماکانی وەرچەرخانی بەرەو مۆدێرنە بریتی بێت لە خەباتی درێژو تاڵی دژ بە ئەم تێکەڵکردنە زۆرەملەییەی نێوانی ئایینو دەوڵەت. جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایینو بەخشینی ئامادەییەکی کاراو کاریگەر لەسەر ژیانی خەڵك بە دەوڵەتو دەزگا دەسەڵاتپارێزە زۆرەملەییەکانیو پشت نەبەستن بەو هێزە ئاسمانییانەی، کە کڵێساو پیاوانی کڵێسا نوێنەرایەتییان دەکرد، بە چەند پێشەکییەکی بنچینەیی دادەنران لە سەردەمی وەرچەرخانی بەرەو مۆدێرنەدا، ئەگەرچی هەندێکی شتە

بەرجەستەکانی کلێسا هەروەکو خۆیان لە هەموو جومگەکانی دەزگای تیۆریی مۆدێرنەیی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەمێننەوە. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی پێشوو لە لایەنێکی گرنگدا لاوازییان هەبووە، کە دیارە ئەو لایەنە پاشتر لەناو هەوڵە تیۆرییەکاندا دەردەکەوێ، کە چەند گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، مەبەستم لەو لایەنانە لایەنی ئابوری‌و پرۆسە مادییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتییە.

مەسەلەی خۆدەربازکردن لە گرفتی سەرکوتکاری لەڕۆژئاوادا چەندان هەوڵی زۆر مەزنی ویستووە. یەکێك لە دیارترینی ئەو فەیلەسووفانەی بەشدارییەکی گرنگیان هەبوو لە مێژووی پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بریتی بووە لە (جۆن لۆك)، ئەم فەیلەسووفە گرنگییداوە بە رەخنەکردنی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی پادشایی رەهاو بەداماڵینی بناغە پیرۆزەکەشی، ئەو بناغەیەی، کە تاجی پاشایی بەریتانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتە رەهاکەی خۆی پشتی پێبەستوو.

بەپێچەوانەی روانینەکەی هۆبزەوە بۆ دەوڵەت، کە پێیوابووە دەبێ کەسی خاوەن سەروەری بەسەر لوتکەکەیەوە دابنیشێت، لۆك پێیوابووە، پێویستە کۆت‌و بەند بۆ دەوڵەت‌و سەلاحیاتەکانیشی دابنرێن‌و بڕێکی بەرفراوانی ئازادی‌و توانای دەستپێشخەری ببەخشرێت بە تاکەکەس.

(لۆك) کاری بۆ پتەوکردنی ئازادیی تاکەکەس‌و بۆ توانای تاکەکەس لەبەرامبەر دەسەڵاتی قەببەی پادشادا کردووە، کە



دیاریشە پاشا چ دەسەڵاتێکی رەهاو بێسنووری هەیە. چونکە ئەو دەسەڵاتە رەهایەی، کە ئەسڵەن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت پارێزگاری لە تاکەکەس‌و کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، ئەو ئازادییە بەرتەسك دەکاتەوەو کۆمەڵگەش لاواز دەکات.

وەك ئەوەی (لۆك) پێماندەڵێ, وادیارە ئەم پەیوەندییە بەپێچەوانەوە راست بێت، واتە چەند دەوڵەت‌و دامەزراوە دەسەڵاتخوازەکانی بەهێزو بەتوانابن هێندە کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبێ. لەم راستیەوە، کە (جۆن لۆك) بڕوای پێیهەبووە، بە هەوڵێکی دانسقەوە کاری بۆ ئەوەکردووە هێزی دەوڵەت‌و دەسەڵاتخوازییەکەی لاواز بکات‌و کۆمەڵگەی مەدەنییش بەهێزبکات، بۆیە تاچەند کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزبێت، هێندە ئازادیی پێویستی بۆ دابین دەبێ, بۆئەوەی ببێتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی راستەقینە.

کەشی لیبرالیزمانە بە تیۆرکەی (جۆن لۆك) ئاوەڵابوو. ئەم فەیلەسووفە ئینگلیزییە تیۆرەکەی خۆی لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لەسەر بناغەی مافی موڵکداریی تاکەکەس داناوە. بۆیە بەڕاستی تیۆر سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکەی ئەو بەسەرەتایەکی راستەقینەی دەستپێکردنی سەردەمی لیبرالیزم دادەنرێ. لێرەوە موڵکدارێتیی (خاوەندارێتیی) تاکەکەسی دەبێتە بناغە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی خاوەندارێتییش بۆ هەمووکەس بەرقەراردەبێ، تەنها بۆئەوانە نەبێت، کە سەروەرییەکەیان

(سیادەکەیان) بەدەستەوەیە. ئەو مافی خاوەندارێتییە سەرباری پاراستنی ژیانو ئازادی، پاراستنی چینیش دەگرێتەوە. بەمەش (لۆك) زیاترو جیاوازتر لە هەر کەسێکی تر قەواڵەیەكو گەورەییەکی قەببە دەبەخشێتە (چین).

ئەم مافی موڵکدارێتی بەشێوەیەك دادەڕێژێت، لەرێگەی بارە سروشتییەکەی پێش دەرکەوتنی کۆمەڵەوەیە. چونکە لەو بارەدا چالاکیی کارکردنو ئاڵوگۆڕکردنێکی تێدابووە، بارێك بووە ئازادیو موڵکدارێتی دوو باری تێکەڵ بە یەك بوون، لەبەرئەوە دەوڵەت نەیتوانیووە ئەو مافە لە تاکەکەس قەدەغەبکات، بەتایبەتییش کاتێك، کە بزانین هەموو تاکێك مافی لەوشتەدا هەیە، کە سروشت خۆی پێیدەبەخشێت. ئەمەش یاسا سروشتییەکەی مەرجە ئەسڵەکەی موڵکدارێتییە. سروشت موڵکی هیچ کەسێك نییە. بەڵام کەموکورییەکی کوشندەو وێرانکەر لە بارەسروشتییەکەیشدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە تاکەکەس خۆی یاسادانەرەو هەر خۆیشی جێبەجێکاریەتی، لەبەرئەوەی یاسایەکی گشتی لەئارادانییە بتوانێت تاکەکەسەکان لە یەکتری بپارێزێت، هەوڵی رەوایان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزێت. چونکە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان گریمانی دژەبەیەکوەستانەوەو بەریەککەوتنیان هەیە، لەوانەیە ببنەهۆی هاتنەئارای بوغزاندنو رقلێبوونەوەو دژایەتی، لەبەرئەوەشە، کە کەسە تایبەتەکان ناتوانن



خۆیان بە خۆیان سەرۆکاریی کێشەو ناکۆکییەکانیان بکەن، چونکە چاوەڕوانی ئەوە لە خەڵك ناکرێت بتوانن بە بێگەردیو پاکی مەسەلەکانیان کۆتایی پێبهێنن. لەمەوە دروستبوونی دەسەڵاتێکی گشتیو یاسایەکی گشتیی، بەناچاری بووە بە کارێکی پێویست. شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتەش، کە دروست دەبێ, هەر لەوەوەنابێ، کە بەرژەوەندیی تاکەکەسەکان بپارێزێت، بەڵکو دەبێ ئەو شەرعیەتە لە رەزامەندیی خەڵکەکەوە وەربگیرێت. ئەمە هۆیەکی ترە بۆ رەتکردنەوەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی سەرکوتکاری لەوشێوەیەی هۆبز باسیکردووە.

ڕوودانی گۆڕان لە ژیانی ئابوریدا کاریگەرییەکی هاوشێوەی هەبووە لەسەر بەرپابوونی گۆڕانێکی هاوتەریب لە ژیانی کۆمەڵایەتییشدا. بۆیە تیۆرە سیاسییەکەی (جۆن لۆك) قەرزارباری رەوشی ئابوریو ئەو وەرچەرخانە ئابورییانەیە، کە بەپێی پێداویستییەکانی ژیان هاتونەتەئاراوە. لەڕوانینو بۆچوونەکانی (لۆك)دا سیاسەت نەدەچووە ناو کرۆکی رێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم گۆڕانەش لە رۆڵو پایەی سیاسەتدا، هەر لە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی گۆڕانێکی جەوهەرییەوە بووە لەناو خودی پرۆسە ئابورییەکانەوە. لە سەردەمانێکدا پرۆسە ئابورییەکان نە لەپرۆسەکانی تری ژیان جیابوونو نە سەربەخۆیش بوون، لەو سەردەمانەی پێش سەرمایەداریدا بەرهەمهێنان تەنها لەپێناوی

بەکاربردندا بوو. ئەم جۆرە ئابوورییە لەلایەن (کارڵ بوولیانی)یەوە لە کتێبی (وەرچەرخانی مەزن: رەچەلەکە سیاسیی و ئابوورییەکانی سەردەمەکەمان)دا ناوی لێنراوە (ئابوریی ناوەکی). لەپاش ئەم سەردەمەوە ئابوری کەوتە ئەوەی پانتاییەکی تایبەت بە خۆی داگیربکات، بەتایبەتییش کاتێك کە وایلێهات بەرهەمهێنان لەپێناوی ئاڵوگۆڕ کردندابوو، ئیتر یاسای تایبەت بە خۆیشی بۆ پەیدابوو، جۆرە رێکخستنێکی ناوخۆیی بۆهاتەپێشەوە، کە جیاواز بوو لە بوارەکانی تری ژیان، ئیتر بازاڕە ئابوورییەکان فراوانتر بوونەوە، ئاڵوگۆڕی کاڵاکان بەرفراوانتربوون، لەمەوە پەیدابوونی (نرخ)و نرخدانان و باج و گومرگکردن هاتنەئاراوە، بەدەربڕینێکی تر، ئابوری بە سیما نوێیەکەی خۆی رۆڵێکی نوێی بەسەر سیاسەتدا سەپاند.

تیۆرەکەی (لۆك) بەبێ کۆسپ و بێڕەخنە تێنەپەڕی. ئەو بونیادە فەرهەنگی، سیاسییەی تیۆرەکەی، کە پشتی بەو پێشنیارە دەبەست، کە دەبێ جێگیرکردنی موڵکیەت وەك بنچینەو بناغەیەکی زۆر پێویستی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی سوودی لێوەربگیرێت, مشتومڕێکی زۆری نایەوە، داننان بە موڵکایەتی تایبەتیی و بەرژەوەندیی کەسێتی هەندێ خەڵکی ترساندو گومانی ئەوەی پەیداکرد ئەم شتانە بەهۆی دژبەیەکوەستانەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا  ببنە هۆی بەهەدەردانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە ئیتر پێویستیی ئەوە هاتەپێشەوە، کە چەند تیۆریەکی تر دەربکەون و



هەوڵ بدەن بناغەی پێکەوەگرێدان و گونجاندنی ئەم دوو جۆرە بەرژەوەندییە بدۆزنەوە.

(ئادەم فێرگەسن), کە یەکێکە لە رێبەرانی چاخی رۆشنگەریی سکۆتلەندی، هەوڵی دا سنورێك بۆ دەسەڵاتی سیاسیی و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتییش دابنێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەی پشتی بە هەستە مرۆییە خۆڕسکەکان بەست.

ئومێدی کارکردنەکەی فێرگەسن لەسەر ئەوەبوو، کە بە خۆڕسك مرۆڤ ئارەزووی ئەنجامدانی کاری چاکەی تێدایە، حەزی بە خۆشویستنی مرۆڤ و کۆبوونەوەو توانا و هێزی عەقڵیش هەیە. ئەم سیفەتانە هەموویان پاڵنەری راستەقینەن و لە مرۆڤەکاندا پێکەوە شتێکی هاوبەشن. بەڵام نە لەبەرژەوەندیی تاکەکەسیی و نە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیشدا هیچ شتێکی وانییە تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە ببەستێتەوە. هەر تاکەکەسێك توانایەکی سروشتیی ئەوەی هەیە جیهان لەچاوی کەسانی ترەوە ببینێت. بۆیە بەڕوانینی فێرگەسن مێژووی بونەوەری مرۆیی ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت، کە خۆپەرستی پاڵپشتی کردارەکانی ئێمە نییە. راستە پاڵنەری گوزەرانکردن و مانەوە, کانیی رەسەنی هەڵقوڵانی کردەی مرۆیین، بەڵام مرۆڤەکان بەهانەی زۆر لەوە بەرفراوانتریان هەیە لەپێناویدا کۆببنەوە، ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکن هەستی هاوشانیی و بەرامبەری بەرپێوەیان دەبەن، ئەم هەستە لەمیانەی هاوسەنگیکردنی نێوانی

هەلی دەرکردنی حوکمی ئەخلاقییانە دەڕەخسێنێت لەنێوانی تاکەکەسێتیو کۆمەڵگەی مەدەنیدا. کەوابێ، ئەوەی بریتییە لە (ڕەچەڵەکی کۆمەڵگەی مەدەنی)،(خۆشەویستیی چەشنی مرۆییە)، نەك لۆژیکی بەرژەوەندیی تاکەکەسی.

کەوایە، بەپێچەوانەی (هۆبزو لۆك)ەوە، کاری (فێرگەسن) بۆئەوە نەبووە کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێت. لەبەرئەوەی ئەم پەیمانە ناتوانێت راستیی ئەو سروشتە کۆمەڵایەتییە راڤە بکات، کە لە مرۆڤدا هەیە. چونکە مرۆڤ پێش ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیو پاڵنەرە خۆپەرستییەکانی خۆی بکاتەوە، لەسەر ئەو ئارەزووە رەسەنەی خۆی گۆشکراوە.

هەروەها بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە، فێرگەسن ئەوەی رەتکردۆتەوە بیر لە باری ئەو سروشتە بکاتەوە، کە لە پێش(کۆمەڵ)ەوە دەرکەوتووە، لەبەرئەوەی تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست نەبوون، مرۆڤ مرۆڤی راستەقینە نەبووە. بۆیە ناتوانین لەناو ئەو سروشتەدا باس لە مرۆڤو کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ بکەین، چونکە ئەوکاتەو لەودەمەدا (کۆمەڵ) مانایەکی نەبووە، بگرە باری گوزەرانی مرۆڤەکانیش بەشێوەیەك نەبووە بۆئەوە سازیان بکات بچنە ئاستێکی مرۆڤایەتییەوە. ئەی ئیتر چۆن بتوانن کۆمەڵگەیەکی وا دابمەزرێنن، کە لەسەر بناغەی هەستکردن بە بوونی کۆمەڵگەیەکی رێکخراو راساوبێت!



فێرگەسن پشت بە دوو بنکەی گرنگ دەبەستێت: ئامادەیی خۆڕسکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ یاسای بەرەنجامە نامەبەستەکان، یان چاوەڕوان نەکراوەکان.

ئەو گەلاڵەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەوڵەت لە میانەی ئەو شتەوە راڤەدەکات، کە خۆی ناوی لێدەنێت (یاسای بەرەنجامە نامەبەستەکان، یان چاوەڕوان نەکراوەکان). کەوابێ، دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی کارێکی هۆشیارانە نەبوون، بەڵکو دوو ئاکامن بەبێ مەبەستو بێپلان سەریانهەڵداوە. ئەمە هەموو ئەو دامەزراوانەش دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەدەستیهێناونو پێیانگەیشتووە. بۆیە هەرچییەك روویدابێت، بەبێ پلانی پێشوەختو بێبیرکردنەوەو بێ کارسازی روویداوەو لە ئەنجامی چەند هەڵسوکەوتێکی ئاساییەوە بووە، کە بەپێی پرەنسیپی ئاکاریو ئامادەیی کۆمەڵایەتی بەڕێوەچوون، دیارە ئەم دووانەی دوایی هەردووکیان دووشتی خۆڕسکن. ئەوشتەی ئەو ناوی لێدەنێت (یاسای ئاکامە نامەبەستەکان، یان چاوەڕوان نەکراوەکان) دەبێتە پرەنسیپێکی بنچینەیی لە ناو بونیادی ئەو بیرۆکەیەیدا، کە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی هەیەتی، لەبەرئەوەی ئەو دەیەوێت تای تەرازووەکە بەدیوی بەرژەوەندیی ئامادەیی تاکەکەسیی خۆڕسکدا وەرچەرخێنێت، نەك کۆمەڵگە. هەرچی (خۆڕسك)یشە، ئەوەندەی بە

مانای ئامادەییەکی سروشتیی وادێت، کە لەلای مرۆڤ دروستدەبیٚ، هێندە بەمانای بیرکردنەوەو کارسازیکردن نایەت. ئەو، رەهەندێکی ئاکارییانە دەبەخشێتە ئەم ئامادەییە، کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکدەبیٚ.

بۆیە (فێرگەسن) بەتەنگ ئەوەوە بووە کۆمەڵگە بە یەك پارچەیی بمێنێتەوە، بەوە گوزارشتی لەم بۆچوونەی کردووە، کە هاتووە رواڵەتەکانی ژیانی مۆدێرنی رەخنە کردووە. زۆر بە گومان بووە لەوەی پێشکەوتنی خێرای ناو جووڵەی بازرگانیو گەشەی بازاڕ بتوانێت سودو کەڵك بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بهێنێت. ئەو تێبینیی ئەوەی کردووە بەمانە گەندەڵیو گوێپێنەدانو بەرتیلدانو سەرکوتکردنی رەها بڵاودەبنەوە. زۆر لەوە دەترسا پەیوەندییە ئاکاریو سۆزدارییە خۆڕسکەکانی مرۆڤ لەبەرامبەر بزاوتی سەختی بازاڕو پاڵنەرەکانی کەڵەکەپێکردنی سەرمایەدا تێکبشکێن ولەمەوە کۆمەڵگەی مەدەنی ببێتە میکانیزمێك بۆ بەرپاکردنی ئەم شۆڕشەیانو نەبێتە بناغەیەك بۆ داهێنانی ژیانێکی مەدەنییانەی ئاکاریی راستەقینە. بەڵام توانای ئەوەی نەبوو بەناو وردەکارییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییە نوێیەکاندا رۆبچێت. ئەم ئەرکەیان شتێکی ترەو قورسییەکەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی کابرایەکی تر، ئەویش (ئادەم)ە، (ئادەم سمیس) ی زانای ناوداری بواری ئابوریی سیاسی.



ئادەم سمیس لەڕێگەی ئەو کارە مەزنەیەوە، کە ناوی(سەروەتی گەلان)ە، بە یەکێك لە خاڵەکانی وەرچەرخانی ناو مێژووی پەرەسەندنی هزری نویٚ دادەنریٚ، لەسەر دەستی ئەو، یەکەمین تیۆر بۆ شیکردنەوەی وێنای بۆرژوازییانە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی داڕێژراوە. لەسەدەی هەژدەیەمدا ئابووری بووە شادەماری زیندووی ژیانی مەدەنییانەی شارنشینی، چونکە بازاڕەکان گەشەیەکی بێوێنەیان بەخۆیانەوە بینی، شۆڕبوونەوە ناو هەموو کایەکانی ژیان، زانستی ئابورناسییش کاریگەری گەورەی خۆیی خستەسەر زانستەکانی تریش.

ئەمە وای لە بیریارانی ئەو سەدەیە کرد، کە بە سەدەی ئابورناسەکان ناسراوە، چەندان تیۆر لەسەر مەسەلەکانی باج، نرخ، بەها، گومرگو مزو ئەو مەسەلانەی تر دابڕێژن، کە پەیوەندییان بە ناو کرۆکی پرۆسە ئابورییەکانەوە هەیە.

ئەوکاتە هزری (مەرکەنتیلی) بەشێوەیەك وێناکانی خۆیی لەسەر گەلاڵەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەرپرسیارێتیی دەوڵەت ئاراستە پێدەدا، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا رێك بێتەوە. بەڵام سمیس پێیوابوو، کە مەرکەنتیلیەت وەك لەمپەرێك لەبەردەم ئازادیی تاکەکەسیدا قووتدەبێتەوە، بواری ئەوەش بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دەڕەخسێنێت بەشێوەی بەرفراوان دەست لە چالاکیی تاکەکەسەکان وەربدات، پێیوایە سەروەتی گەلان بریتییە لەو زێڕو

زیوەی، کە هەیانە. بەڵام ئەم بۆچوونەی دوایی بەلای سمیسەوە رەتدەکرێتەوە، لەبەرئەوەی سمیس پێیوایە لەلایەك خەزێنەی ئەو سەروەتە کەمەو لەلایەکی دیی کەشەوە پێیوابووە، بازاڕی ناوخۆ دەبێتە بناغەی گەشەکردنی نیشتمانی.

فیزیۆکراتە فەرەنسییەکان شاڵاوێکیان بردەسەر مەرکەنتیلیەتو ئەو دروشمەی خۆیانیان بەرزکردەوە، کە دەڵێت (لێیگەڕێ با کاربکات، لێیگەڕێ با تێپەڕێت). ئەم دروشمە داوای لە دەوڵەت دەکرد ئابوری لەژێر قەڵەمڕەوو پارێزی ئەو مەرکەنتیلیەتە بهێنێتە دەرەوە، کە هەموو دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسییانەی پەکخستبوو. سمیس لەگەڵ هەندێك لەم رەخنانەی ئەم فیزیۆکراتانەدا هاوڕا بوو، کتێبەکەی (سەروەتی گەلان)ی خۆیی بۆ پرەنسیپی کاردابەشکردن تەرخان کردو تیۆرێکیشی لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی پێ گەڵاڵە کرد، کە پشتی بە چالاکیی ئابورییەکی ئازاد دەبەست، کە لەلایەن دەوڵەتێکی لیبراڵەوە پشتگیریی لێکرابێت.

ئادەم سمیس تیۆرەکەی (ئادەم فێرگەسن) رەتدەکاتەوە. هەرچی سمیسە, نەهاتووە بەشێوەی فێرگەسن یاسای ئاکامە نامەبەستەکان پیادەبکات، چونکە وەك ئەوەی هەستکردنی ئاکارییانەی خۆڕسك ئەوەی پێنەمابوو باشبوونی ئاکاری خەڵك مسۆگەر بکات، ئەو پیادەکردنەیش کەڵکێکی نەمابۆوە. سمیس هات



تەواوی مەسەلەکانی بەستەوە بە ئابورییەوە. کاردابەشکردن لەلای ئەو بوو بە کرۆکی ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو زامنی باشبوونی ئاکاریش.. جووڵەی بازاڕ پێویستی بە بوونی ئاڵوگۆڕی نەرمو خێراو ئازادانە هەیە، ئەمەش پێویستیی بە ئازادییەکی چێوەفراوان هەیە بۆ کارکردنی تاکەکەسەکانو چالاکیی ئابورییان. بۆیە دەبێ رەوتی کارکردن سەربەخۆو ئازادبێت لە هەر کۆتوبەندێك، کە بەسەریدا بسەپێنرێ، لە هەر هاوپەیمانێتییەکی خاوەن کارو پیشە تەقلیدییەکان دەربازبکرێ. چونکە ئێستا سێ چینە تەقلیدییەکەی جاران نەماونەتەوە، لەجێگەکەیاندا چینە نوێیەکانی (زەویدارەکان، کرێگرتەکانو سەرمایەداران) پەیدابوون، کە ئەمانە نوێنەرایەتیی سێ پێکهاتەی نوێی بەرهەمهێنان دەکەن، کە بریتیین لە زەوی، کار، سەرمایە.

هەرچی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یشە، هیچ سەرنجێکی (ئادەم سمیس) ی رانەکێشا. بەڵکو بەپێچەوانەی هۆبزەوە، لە راڤەکردنی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا سمیس بەلای چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا نەچووە، بەڵکو بە ئاراستەی رەوتی یاسای ئاکامە چاوەڕواننەکراوەکانی (فێرگەسن)دا رۆیشتوە، بەڵام بێگومان بەشێوازەکەی ئەو تەوزیفی نەکردووە. هاوپشتیی پێکەوەیی کۆمەڵگەی نەبەستۆتەوە بەچەمکێکی ئاکاریی خۆڕسکەوە، بەڵکو بەستویەتییەوە بە بوونی تۆڕێکی تەواوو بەرفراوانی کارو

بەرژەوەندیی ئاڵوگۆڕکراوەوە. هەر ئەم تۆڕە خودی مۆرکی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنێت. بۆیە تێزە سروشتییەکانی مرۆڤی وەکو (ئاڵوگۆڕکردن، مامەڵەکردن، کاڵاگۆڕینەوە) جێگەی هەستە ئاکارییە خۆڕسکەکانی لای (فێرگەسن) ی گرتەوە.. چونکە ئەو تێزانە چەند دۆزێکن پێداویستییەکانی مرۆڤ دەنوێنن‌و دەتوانن پڕیشی بکەنەوە، جگە لەوەی کە بۆ خۆشیان دەتوانن ئاکاریش دابڕێژن.

گومان لەوەدانییە، کە بەرژەوەندیی تاکەکەسی رەمەکێکی سروشتی یە لەلای مرۆڤو بۆ تێرکردنیشی پێویستی بە ئاڵوگۆڕکردن‌و چەندان چالاکیی ئابوریی تر هەیە، لە ئەنجامی ئەم حەتمیەتەیشەوە پێکەوەگونجانێکی سروشتی لەنێوانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و بەرژەوەندیی گشتیدا هەیە، بەڵام کاری ئەم گونجاندنە شتێکی بەمەبەستەوە نەبووە. لەبەرچاوگرتنی سوودی تایبەتی تاکە هاندەرێکە بۆئەوەی کەسی خاوەن سەرمایە والێبکات سەرمایەکەی خۆی لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازی یان هەر لقێکی تری بازرگانیی کۆفرۆشی‌و تاکفرۆشیدا بخاتەگەڕ. بەڵام ئەو بڕە جیاوازانەی کاری بەرهەمهێنەری بەڕێوەچوو ئەو بەها جیاوازانەی، کە دەچنە سەر داهاتی ساڵانەی زەوی‌و سەر هەر کارێکی کۆمەڵگە، کە هەر کامێکی ئەم شێوازانەی تێدا بەکاربهێنرێت، هەموو ئەمانە هیچیان بە بیری ئەودا نەهاتوون. کەوابێ شتێکی تر هەیە، کە بەرژەوەندیی



تاکەکەسی تێکەڵی بەرژەوەندیی گشتی دەکاتەوە: سمیس ئەو شتە ناو دەنێت (دەستی نەبینراو). بۆ روونکردنەوەی زیاتر، دەڵێین تاکەکەس تەنها لەلایەن پێویستییەکانی‌و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە هەڵدەسوڕێنرێ‌و هیچی ترنا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا باشترین هێنانەدیی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، لەناوەڕۆکەوە پێویستیی بە هێنانەدیی بەرژەوەندیی گشتییش هەیە، ئەو پێویستیی بوونە ناوەکییەش ئەوشتەیە، کە (سمیس) ناوی لێدەنێت(دەستی نەبینراو)، دەستێکە کەسەکە هەڵدەسوڕێنێت، بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لەوەبێت چی روودەدات.

بەپێی ئەمەش دەسەڵاتی دەوڵەت شل‌و خاو بۆتەوەو ئەو توانایەی نەماوەتەوە وەك مشەخۆر، بەشێوەی خراپ دەست لە کاروباری تاك‌و کۆمەڵە مرۆییەکان وەربدات، تەنانەت بازاڕیش چووەتە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە. گرنگترین سیفەتێك، کە ئەم خەسڵەتانە بە بازاڕەوە بلکێنێت، ئەوەیە بازاڕ (خۆی خۆی ڕێکبخات)، بۆیە ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییەیش، کە لە دەوری ئەم بازاڕە رێکدەخرێت، توانای ئەوەی دەبێت (خۆی خۆی ڕێکبخاتەوە). ئەم بارودۆخە مانای چی؟

ماناکەی دەکاتە پێشێل نەکردنی یاساکانی دادپەروەری‌و دەستدرێژی نەکردن بۆ ئەو موڵکانەی خەڵکانی تر هەیانە، هەوڵدانی تاکەکەسەکان، لەسایەی ئەم بارودۆخەداو سەرباری مەرجی بوونی

ئازادییش بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان، کە پەیوەستە بە بەرژەوەندیی خەڵکانی تریشەوە.

هەموو ئەم شتانە جیهانێکی ئابوریو کۆمەڵایەتیی وا گەڵاڵە دەکەن، کە خۆی خۆی هەڵدەسووڕێنێت.و هەر لەمپەرو گرفتێکیش بێتە سەر ڕێگەی, ڕاستەوخۆ بەبێ یارمەتیی کەسی دەرەکی بەسەریدا زاڵ دەبێت. بازاڕ کۆمەڵە یاسایەکی ناوخۆیی خۆیی هەیە ڕێکیدەخاتو پاشانیش بازاڕەکە بەپێی یاساکان خۆی ڕێکدەخاتەوە. ئەمەش بۆ خۆی بەرفراوانکردنێکی دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە لەبەرامبەر بچوککردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا. دیارە کارەکەش هەر بەمەوە ناوەستێت. ئەو دەوڵەتەی پاشەکشە لەوە دەکات لوتی خۆی بژەنێتە ناو پرۆسەکانی بەرهەمهێنانو ئابورییەوە سێ ئەرکی گرنگ دەکەونە سەرشانی، کە دەبێت ئەنجامیان بدات. یەکەمیان ئەوەیە دەبێ دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر مەترسییەکی دەرەکی بپارێزێت، ئەمەش مانای دامەزراندنی سوپایەك دەگەیەنێت، کە ئەم ئەرکەی پێبسپێردرێت، دووەمیش ئەوەیە, کە هەمیشە هەوڵ بدات تواناکانی خۆی باشتر بکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تەحەداکان.



سێیەمیان بریتییە لە پاراستنی تاکەکەسەکان لە هەر ستەمو ئازاردانێك، کە دەشێت پێیانبگات، بۆئەمەش پێویستمان بە دامەزراندنی دەزگایەکی دادوەری دەبێت، کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو پارێزراوی هەبێتو بەپێی یاساکانی دەستوور پارێزراوبێتو حکومەت بۆی نەبێت دەست لە کاروبارەکانی وەربدات. ئەرکی سێیەمی سەرشانیشی بریتییە لە ڕاساندنی دامەزراوەکانو کاری گشتیو خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی, هەروەها ناکۆك نەبێت لەگەڵ لۆژیکی بازاڕو کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە ئەمان خۆیان دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو سێ ئەرکەی دەوڵەتیشدا بگونجێنن، لەبەرئەوەی لەوسەرەوە ئەو ئەرکانە دەچنەوە بەرژەوەندیی ئەمانو پتەوتریان دەکەن.

کەوابێ، ئەوەی، کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنێت, بریتییە لە ئابوری، نەك سیاسەتو بەها ئایینیو ئاکارییەکان، یان پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان. بێگومان دەبێ دەوڵەت ڕۆڵێکی هەبێت، ڕۆڵێکی گەورەیش، بەڵام تەنانەت خودی ئەم ڕۆڵەش لەلایەن لۆژیکی بازاڕو لۆژیکی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەسەپێنرێنو پێچەوانەی ئەمەش ڕاست نییە. کۆمەڵگەی بەهێز پێویستی بە دەوڵەتی لاواز هەیە. هەرچی تیۆرە لیبراڵییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە, وای بۆدەچن،

که وایه. جاران بازاڕ، بەپێی ئەو پەیوەندییە ناکەسێتییانەی، کە هەیبوون، بوبووە تاکە ئەڵتەرناتیڤی یەکە نەریتییە باوەکان. لەڕاستیشدا ئەمە وایکرد کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی راستەقینە، کۆمەڵگەیەکی بەهێز سەرهەڵبدات، کە مل بۆ فەرمانەکانی دەوڵەت کەچ نەکات، جا ئیتر سیفەتو لۆژیکو ئایدیۆلۆژیای ئەو دەوڵەتە هەرچییەك بێت.

* * *

هەوڵێکی فەلسەفییانەی مەزن هەیە، کە چاخی رۆشنگەری بەخۆیەوەی بینیوەو لەناو کەسێتیی (ئیمانۆئیل کانت)دا بەرجەستە دەبێت. پێگەو سەرەتای ئەم هەوڵە لەڕووی بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی مرۆییەوە ئەوەبووە، کە بەرژەوەندیی خۆیی ناتوانێت بناغەیەکی پەسەند بۆ ژیانی مرۆیی دابین بکات. بۆیە (کانت) ویستی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەسەر ئەرکی ئاکاری دابمەزرێنێت، بەڵام لە بەهای ئەو تیۆرە سکۆتلەندییە سادەیەیشی کەم کردەوە، کە لەسەر هەستە خولقییە خۆڕسکەکان هەبوو. کەوابێ, ئیتر چۆن بتوانرێت یاسایەکی ئاکاری لەنێوان مرۆڤگەلێکدا دابمەزرێنرێت، کە بەهۆی بەرژەوەندییە لاوەکییەکانی خۆیانەوە هەڵدەسوڕێنرێن؟



کانت گەیشتبوو بە شیانی ئەوەی (میتافیزیایەکی خولقی) لە عەقڵەوە بەرهەم بهێنێت، بۆئەوەی کۆمەڵە پرەنسیپێکی وای لێبەرهەم بهێنێت، کە خۆیان توانای بەپێوە راوەستانیان هەبێت، لەبەرئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەریی هەڵبەزو دابەزەکانی سەلیقەوە. (کانت) جیاوازیی کردووە لەنێوانی جیهانی سروشتی, واتە جیهانی هەرشتێك، کە بوونەوەربێتو جیهانی خەلقی، واتە جیهانی هەرشتێك، کە پێویست بکات هەبێت. مرۆڤ دەتوانێت پرەنسیپەکانی ئەم جیهانە خەلقییە، بەدەر لە ئەزموونیش دیاریو دەستنیشان بکات. ئەم توانایەیش بۆ خودی سروشتی پێکهاتەی عەقڵی مرۆیی دەگەڕێتەوە. چونکە عەقڵ توانایەکی باڵای وای هەیە، دەتوانێت بیرۆکەی وامان پێبدات، کە شارەزایی ناتوانێ بماندات. هەرچی عەقڵە, لە بونیادێکی وتەزایی وا پێکدێت، کە توانای ئەوەی هەیە دەرکپێکردنە هەستییەکان رێکبخاتو بابەتەکانیشی بونیادبنێت. ئەم توانایە توانایەکی هاوبەشە لەنێوانی ئەو دووشتەدا، کە (کانت) ناویان لێدەنێت(عەقڵی تیۆریو عەقڵی پراکتیکی). هەرچی یاسا خەلقییەکانیشن, پابەند نین بە شارەزاییەوە، بەڵکو لەو گریمانە وتەزاییەوە هەڵدەهێنجرێن، کە رێساو پێوەری کارو حوکمی دروستی هەر تاکەکەسێك دابین دەکات.

ئەو گریمانە گوتارییەی کە دەڵێت: "ئەو رێسایەی، کە لەژێر رۆشنایی ئەودا ئیرادەت بەڕێوەدەچێت بکە پرەنسیپێك، کە لە

هەمان کاتدا یاسای گشتییش دابین بکات، چونکە ئەو ڕێسایە ڕێوشوێنێکە, بەسەر ئەو هەڵوێستە لاوەکییەشدا زاڵ دەبێت، کە مرۆڤ خۆیی تێدادەبینێتەوەو لە لایەنە شکڵانیەکەشیەوە سیما گشتییەکەی وەردەگرێ. کارکردن بەپێی ئەم شتە, ئەو ئازادییە مرۆییە دابین دەکات، کە بەسەر زەرورەتدا زاڵدەبێو ئیرادەیش پێکدەهێنێت".

کانت لەو بڕوایەدا وابووە, کە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر لە دەوری کۆمەڵە ئامانجێك بێت، لەڕووی ئاکارییەوە لەوە باشترە بەپێی پێداویستییەکانی بازاڕ پێکیبهێنیت. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی ئاکارییانەی هەبووە، ئەوەی لە خەڵکە سەربەخۆکان خواستووە هەڵسوکەوتیان بەپێی کۆمەڵە پێوەرێکی دیاریکراوبێت، بۆئەوەی بتوانن شارستانییانەبن. کانت ئەوەی ڕەتکردبۆوە ئاکار لە سیاسەتەوە بەرهەم بهێنرێت، بەدڵنیاییشەوە سیاسەتی لەسەر بنەمای ئاکار دامەزراندبوو. ئاکاری فەرمان بەرەو سیاسەتی مافەکانمان دەبات. لەسەر یاساش پێویستە ئەوپەڕی هەلی زیاد بخاتەبەردەستی خەڵك, بۆئەوەی بتوانن لە هەلومەرجێکی ئازاددا بڕیاری خۆیان بدەن، دەبێ ئەو توانایەیان پێبدات، کە بەپێی خواستی خۆیان بژین. ناشکرێت ئازادی تەنها بۆ بەشێکی دیاریکراوی خەڵك تەرخان بکرێت، دەبێ هەموویان بگرێتەوە.



ئەو کۆمەڵگە مەدەنییەی بە حوکمی یاساو مافەکانو ئازادییە مەدەنییەکان پارێزگاریی لێدەکرێت، دەتوانێت گوزارشت لە توانا خولقییە گشتیو یەکسانەکانی ئەندامەکانی خۆی بکات.

کانت لەناو شۆڕشی فەرەنسادا کۆمەڵە بەڵگەو ئاماژەیەکی لەسەر بوونی ڕۆشنگەریی ئاکاری دۆزیوەتەوە. پێیوابووە گەلی فەرەنسا بەو شۆڕشەی خۆی ئەو دەستوورەی هێناوەتەئاراوە، کە خۆی دەیەوێتو ئومێدی پێی هەیە. بۆیە کانت شۆڕشی بە ئەو یەکەمین ماڵی گۆڕەپانە گشتییە ڕەسەنە لە قەڵەم داوە، کە بەکارهێنانی سەراپاگیریو گشتیی عەقڵ ڕێکدەخات، لەبەرئەوەی تیایدا هیچ ئاکامێکی سیاسیی وا لەئارادانییە, کە پێشوەخت بڕیاری لێدرابێتو ئازادییە مەدەنییەکانیش ڕەخسێنراون. بەڵام کاتێك کە هەستی کردووە ئازادییە مەدەنییەکان کەوتوونەتە بەر مەترسییەوە, وازی لەوەهێناوە ئەو پشتگیرییەی لێبکات. جەختکردنەوەی کانت لەسەر پرەنسیپەکانی شەرعییەت بووە، هەروەها لەسەر ئەوەی خەڵك چۆن پەرە بە ئەو ڕێسایانە بدەن، کە لەسەری دەژین، لەسەر ئەو ئازادییەیش، کە توانای ئەوە بە مرۆڤ دەدات، بە بەکارهێنانێکی گشتی عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پارێزکردنێك لەسەر بەکارهێنانی ئازادی عەقڵ هەیە، ڕێکەوتنی لەسەر پەیدانابێ. ئەو گۆڕەپانە گشتییەی بەپێی یاساو دامەزراوەکان پارێزراوە، دەکات بەجیاوازییەك، کە بە مسۆگەری لە

خزمەتی رۆشنگەریدابێت، چونکە مشتومڕکردن ئەو بەرژەوەندییە تاکەکەسییانە ئاسانتر دەکاتەوە، کە بە کۆمەڵگە نەیارن. گرفتی مرۆڤایەتییش _ئەو مرۆڤایەتییەی چەند لەڕێگەی ئارەزووی گوزەرانکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا پاڵی پێوەدەنرێت، هێندەیش لەڕێگەی گوزەرانکردن بەجیا لە خەڵکی ترەوە پاڵی پێوەدەنرێت _ لەوەدایە، کە چۆن گۆڕەپانێکی گشتی بونیادبنرێ، کە بتوانرێت بەشێوەی ئاکاری پشتیوانیی لێبکرێ‌و ئەویش بتوانێت کۆمەکی ئازادی بکات‌و رێز لە سەربەخۆیی بگرێت. ئەمە تەحەدای راستەقینەی هاتنەئارای کۆمەڵگەی مەدەنییە.

پێش ئەوەی لەگەڵ فەیلەسوفێکی دیکەی مەزنی ئەڵمانیدا بکەوینە قسەوباس، کە ئەویش (هیگڵ)ە، با تۆزێك راوەستین‌و بڕوانینە ئەو وێنەیەی، کە ئەو کۆمەڵگە نوێیە دروستیدەکات، کە شۆڕشی فەرەنسی هێنایەئاراوە. شۆڕشی فەرەنسا ئەو بونیادە پلەبەندییەی تێکشکاند کە بەدرێژایی چەندان سەدە ژیانی خەڵکی فەرەنسای پێکدەهێنا، بەڵام دامەزراوە میانکارەکان هەموویان تێدانەچوون، تەنها ئەو دامەزراوانەی، کە لەسەر بنەمای خزم خزمێنە‌و بنەماڵە دامەزراوبوون, شانسی مانەوەیان نەمایەوە. چونکە ئەوەبوو لە شەوی (1789/8/4)دا ئەو دابەشکردنە هەڵوەشێنرایەوە، کە گەلی فەرەنسای بەسەر سێ چیندا دابەش دەکرد، جاڕی ئەوەدرا، کە هەموو هاووڵاتییەکان, بەبێ حسابکردن



بۆ بنەچە‌و خێزان یەکسانن. لێرە بەدواوە (وەك ئەوەی ئەنجومەنی دەستووری رایگەیاند) دەوڵەت لە خزمەتی هاووڵاتیانیدا دەبێت. ئەمە ئەو کودەتا شۆڕشگێڕانەیە ئەو رەوشەی جاران‌و ئەو سیمایەی رەوشەکەشی گۆڕی، کە تیایدا هاووڵاتییان لە خزمەتی دەوڵەتدابوون.

کڵێسا، بەو موڵك‌و دادگا‌و ئەنجومەن‌و دامەزراوە داراییە سەربەخۆیانەوە کە هەیبوون, دەوڵەتێك بوو لەناو دەوڵەتدا. ئەوەبوو لەڕاستیدا هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی لەدەستچوو، پلەبەپلەش دامەزراوە سەربەخۆکانیشی نەمانەوە، هەروەها ئەو قەڵەمڕەوە بەرفراوانەشی بچووك بۆوە، کە لە رۆژگارێکی نزیکی رابوردوودا نمونە‌و سەرتۆپی باس بوو. ئیتر کڵێسا پاش ئەوەی بۆ هەتاهەتایە دەستوەردانی خۆی لەبواری گشتیدا لەدەستچوو، دەسەڵاتی بەسەریدا نەما، وەرچەرخانە درێژەکەی خۆیی بەرەو ئەوە دەست پێکرد ببێتە دامەزراوەیەکی رووحیی پووخت، سنورەکەشی مایەوە سەر دیواری کڵێسا‌و کایەی سرووتە پەرستیارییەکانی خۆی. خانەدانەکانیش، کە نازناوە میراتییەکانی خۆیان‌و ئیمتیازات‌و دەسەڵاتەکانیان لەکیسچوو، هەروایان لێهات. سیستمی کۆیلایەتی‌و کێڵگە تایبەتەکانیش بەبێ قەرەبووکردنەوە کۆتاییان پێهێنرا، کۆشکە ئەرستۆکراتییەکانیش دیارنەمان.

کەوابێ یەکێك لە بەروبوومەکانی شۆڕش ئەوەبوو یەکسانیی یاساییو ئازادیی ئابووریی بۆ هەمووکەس دەستەبەرکرد، بەبێ گوێدان بەوەی چۆن بوونو چۆن دەبن. ئەم شتە دەوڵەتێکی نوێو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی نوێی دروستکرد. ئەوە ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە بوو، کە لە توندوتیژیو ڕەگاژۆییبونەکەی شۆڕشەوە هاتەدەرەوە.

هەڵوێستی (هیگڵ) لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە بەوشێوەیەیە کە بە نووقڵانەی سەردەمێکی نوێ دەیبینێ، نوقڵانەی مێژوویەکی نوێی وا، کە دەتوانێ هەموو مەسەلەکان نەك تەنها لە فەرەنسادا، بەڵکو لە هەموو ئەوروپادا بگۆڕێت، لەم بۆچوونەشیدا لەو کەسانەی هاو وەچەی خۆی دەچوو، کە چاویان بڕیبووە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی وا، کە بتوانێت سیستمە کۆنەکان بگۆڕێتو بە کۆمەڵە سیستمێکی نوێ جێگەکەیان بگرێتەوە.

هیگڵ لەو قەناعەتەی ئەرستۆوە دەسی پێکرد، کە واقع خۆی مەعقولەو عەقڵیش دەتوانێت سروشتی راستەقینەی شتەکان ئاشکرابکات، ئازادی لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە ئێمە بتوانین جیهان بەپێی خواستو ویستەکانی خۆمان ڕێك بخەینەوە. هیگڵ



هەوڵیداوە لە کتێبی (دیاردەناسیی عەقڵ)[1] دا متمانەکردن بە عەقڵ بێنێتە بەرباسو بە جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی کە عەقڵی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە لە واقع تێبگات, بەهایەکی گەورەی پێبدات.

ئازادی لەلایەن بونیادی (سروشتیی) خودەوە بۆ ئێمە دابین ناکرێت وەك ئەوەی کانت پێیوابووە، بەڵکو تەنها لە کارلێککردنی ئێمەوە لەگەڵ خەڵکانی تردا خەلق دەکرێ. دەکرێ ئیرادەش تەنها لە پەیوەندیی لەگەڵ ئیرادەکانی تردا نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئارەزووە ناوەکییەکانو بارودۆخی دەرەکییەوە. چونکە مرۆڤ بەوشێوەیە بە ئازادی لەدایك نابێت، کە هیگڵ بۆیچووە. بەڵکو ئێمە خۆمان ئازاد دەبین، هەتا وەکو بونەوەری کۆمەڵایەتییش هەست بە مێژووی خۆمان نەکەین، ناتوانین ئازادببین.

---

[1] ناوی ئەم کتێبەی هیگڵ لە هەندێ جاردا بە (فینۆمینۆلۆژیای رۆح) و لە هەندێ جاری تردا بە (فینومینولۆژیای عەقڵ) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکان, بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا بە هەردوو دەربڕینەکە هاتووە و لە وەرگێڕانی کوردیی ئەو کتێبەشدا بەناوی (فینۆمینۆلۆژیای رووح) ەوە هاتووە, بەڵام لەو سەرچاوەیەدا, کە ئەم وەرگێڕانەی لێوەکراوە, بەم ناوەی ئێستاوە هاتووە, واتە دیاردەناسیی عەقڵ. دواتر بۆ راستکردنەوەی ئەم ناوە سەیری هەردوو سەرچاوەی ئینگلیزی (ئینسایکلۆپیدیای بریتانی و ئینسایکلۆپیدیای ئینکارتا) م کرد, و لە هەردووکیاندا ناوەکە بە ( The Phenomenology of Mind) هاتووە, کە مانا کوردییەکەی دەکاتە دیاردەناسیی عەقڵ, هۆش و ناکاتە رووح - وەرگێڕ.

گرنگیی مێژوویی جیهانیی شۆڕشی فەرەنسا ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار ئاستی ئازادیی بەرزکردەوەو بردییە ئاستێکی پرەنسیپو ئامانجی هۆشیارانەی واوە، کە کۆمەڵگەو دەوڵەت لێی بەهرەمەندبن. چونکە ئازادی وا لە مرۆڤ دەخوازێت، کە بتوانن بەپێی ویستەکانی عەقڵ هەڵسوکەوت بکەن. بۆ یەکەمینجاریشە لە مێژوودا توانای ئێمە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو توانایەماندا دەردەکەوێ، کە داخۆ ئێمە تاچەند دەتوانین ئەنجامەکانی بیرکردنەوەی ئازادانەمان بەسەر بارودۆخی ژیانماندا پیادەبکەین. وێناکردنەکەی هیگڵ بۆ ئازادی, هەلی لێکۆڵینەوەی تیۆرەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی بەجیا لەدەوڵەت رەخساندو هێنایەپێشەوە.. کۆمەڵگەی مەدەنی رادەوەستێتەسەر پێشبڕکێکردنو تایبەتمەندێتی، تاکەکەسەکانیشی بەپێی خواستی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، لەبەرئەوەی سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی خۆیانن و دەیانەوێ کەسانی تریش وەك ئامراز بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانە بەکاربهێنن.

دەکرێ ئەم جۆرە خۆپەرستییە ئاڵوگۆڕکراوە لەناو کۆمەڵگەی مەدەنییدا ببێتە بناغە بۆ پەیوەندییە ئاکارییەکانی نێوانی تاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هیگڵ هەستی بەخۆی کردبوو، کە لەناخی خۆیدا (ئادەم سمیس)ی هەڵگرتووە. چونکە دەستە نەبینراوەکە دەتوانێت خۆپەرستی بگۆڕێت بۆ رۆشنگەری، کەسە



خۆپەرستەکانیش بکات بە چەند ئەندامێکی بەڕێزی هۆشیاری وا, کە هەست بە بوونی خۆیان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکەن، ئەمەش لەڕێگەی پێشکەوتنێکی دیالەکتیکییانەوە، کە هەڵپەکردنەکانی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت بۆ کارێکی لاوەکیی ناو کاری گشتیو بەمەش وابکرێ هەموو تاکێك دەستکەوتی هەبێت، بەرهەمی هەبێت، لە هەمان کاتدا لە حسابی تایبەتیی خۆیشی بەهرەمەند بێت، بەڵام لەپێناوی چێژی کەسێکی تریشدا بەرهەمو دەستکەوتی هەبێت.

ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییەی مرۆڤی ئابورییانەی تێدابێتو سەرقاڵی شتە تایبەتەکانی خۆی بێتو بازاڕیش رێکیبخاتەوە، پێشدەکەوێت. پێشدەکەوێت, چونکە ئێستا مۆدێرنە لە تێزە لاوەکییەکانی چاخەکانی ناوەڕاستو ئیمتیازاتو نایەکسانییەکانی رزگاری بووە. بۆ یەکەمینجاریشە مرۆڤ دەکەوێتە شوێنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیو بەپێی پێداویستییەکانی ئەو بەرژەوەندییە هەڵسوکەوت دەکات.

کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو تۆڕێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە دەوڵەتو رەگازۆ لەناو بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکاندا، کە لەناو یەك زنجیرەی سەربەخۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا ئەو تاکەکەسانە لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا پێکەوە گرێدەدات.. کۆمەڵە مەترسییەکیش هەن، کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەئەنجامی

پێداویستییەکانی خۆی‌و خواستە هەمیشە نوێیەکانیەوە دەیانهێنێتەئاراوە. ئاکامی ئەم پێداویستییە کەڵەکەبووانەیش ئەوەیە بەهۆیانەوە هەژاری‌و نەهامەتی بڵاودەبنەوەو نایەکسانی‌و جیاوازیی چینایەتی دێنەئاراوە. ئەوە دۆزینەوەیەکی هیگڵە، کە دەڵێ نەهامەتی‌و بێنەوایی ئەو گرفتە گەورەیەیە، کە کۆمەڵگەی مەدەنی دروستیدەکات‌و ناشتوانێت چارەسەری بکات. کەوابێ, کۆمەڵگەی مەدەنی (هەژاری‌و نەداری) وەك بەشێك لە جووڵەی ئاسایی خۆی دروستدەکات. سادەترین پێناسەیش بۆ سیستمی پێداویستییەکان ئەوەیە، کە بریتییە لە پشت بەیەکتربەستنێکی ئاڵۆگۆڕکراو، کە تیایدا تاکەکەس ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکو بۆ دابینکردنیان پشت بە خەڵکانێکی تر دەبەستێت. ئەم کەموکوڕییە مرۆڤی ملکەچی دەسەڵات دەکات بە کەسێکی لەناخدا نامۆو نائازاد. ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییەی لەم کەسانە دروستدەبێت, دەبێتە کایەیەك بۆ نامۆبوون‌و نائومێدی‌و ڕەتکردنەوەی ئازادی.

کەوایە, نایەکسانی دەبێتە هۆی تێکشکانێك لە ئاکاری کۆمەڵگەی مەدەنیداو تێکشکانێك لە ئەگەری ئازادییشدا. بۆیە لەیەك کاتدا دەوڵەمەندبوونی تائاستی دڕان‌و نەهامەتیی پڕ ئازاریش بڵاودەبنەوە، دەگەنە ئەو ئاستەی، کە هیگڵ ناویان لێدەنێت بەربەریەت. لەسایەی بارودۆخێکی لەمشێوەیەدا زەرورەتی بوونی



دەوڵەت سەرهەڵدەدات، کە بە بۆچوونی هیگڵ دەوڵەت بریتی دەبێ لە گۆڕەپانێکی ئاکاریی گشتی‌و کامڵبوون‌و دوایین بەرجەستەبوونی ڕوحە لەناو مێژوودا، لەبەرئەوەی لەسەر ئازادی رادەوەستێ، نەك لەسەر زۆرەملەیی، هەر ئەویشە کاروانی روح لەناو مێژوودا بەڕێوەدەبات، لەمەوە دەوڵەت چەند ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ، کە لەوە دەردەچێت، تەنها میکانیزمێك بێت بۆ پاراستنی ئاشتی، یان پتەوکردن‌و بەهێزکردنی بەرژەوەندیی کەسێك، یان پاراستنی مافە سروشتییەکان، چونکە دەوڵەت بریتی نییە لە ئامرازێکی دروستکراو، یان ڕێکەوتننامەیەك، بەڵکو لە خودی لۆژیکی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەرهەڵدەدات.

بالێرەدا بکەوینە شوێن پەیڕەوە دیالەکتیکییەکەی (هیگڵ)و ئەمجا بچینە سەر باسی نەیارە سەرەکییەکەی، کە بریتییە لە (دیالەکتیکی کارڵ مارکس). مارکس لە ساڵی (1848)دا مانیفێستی کۆمۆنستی داڕشتووە. ڕاگەیاندنی ئەو مانیفێستە ڕەخنەی تایبەتی مارکس بووە لەو تیۆرەی هیگڵ، کە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دەوڵەت بوون‌و پێیوابووە ئەم دووشتە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاکەکەسی چەقیان بەستووە، ئەم وێناکردنە سنوردارکردنێکی بیری هیگڵی تێدایە، لەبەرئەوەی گوایە هیگڵ ئاگای لە کاریگەرییەکانی ئابوریی سیاسی بۆسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەبووە. مارکس لاوازییەکەی هیگڵی گۆڕیوە بۆ هێزێك‌و لە بەرژەوەندیی خۆی

بەکاریهێناوە، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی ئاراستەیەکی نوێ بۆ ڕوانین بۆ پرۆسە مادییەکانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنی دابڕێژێت. چەپڕەویی لەپێش مارکسەوە هەبووەو لەئارادابووە، ئەو چەپڕەوییە لەلایەن سۆشیالیستەکانو شیوعییەکانو دیموکراتەکانو کۆمارییەکانو ئاژاوەگێڕەکانەوە هاتۆتەئاراوەو هەموویان هەوڵیانداوە لە گرفتە کۆمەڵایەتیو هێزە ئابورییەکان بپێچنەوە. لەساڵی(1840)ەوە، واتە لەو دەمەوە، کە ڕەوتی پیشەسازیکردن خێراتر بووەو ململانەیەکی سیاسییانەش هاتۆتەئاراوە، مارکس تیۆرە هیگڵییەکەی سەبارەت بە دەوڵەت ڕەتکردۆتەوەو ڕوویکردۆتە ڕەخنەکردنێکی ماتریالیستیانەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی. بەمەش تیۆرییەکی تازەی هێناوەتە کایەوە، کە پێیوانییە بەرژەوەندیی تاکەکەسی ببێتە بناغەیەك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵکو پرۆسە مادییە ئابورییەکانی ناو کۆمەڵگەکە بەرزدەکاتەوەو دەیکات بە پێکهێنەری بنچینەیی کۆمەڵگەی مەدەنی.

(برۆنۆ پاوەر) هیگڵیستێکی لاوو دیارە، ئایینی وەکو لەمپەرێکی بەردەم ڕەوتی پێشکەوتن لەقەڵەم داوە. پێیوابووە، کە دەکرێ خۆئازادکردن لە تەواوی ئایین دیموکراسیەتەکەی ئەڵمانیا لە کاردانەوەی دەرەبەگایەتی بپارێزێت. کەچی مارکس پێیوابووە (پاوەر) دارو درەختەکانی بینیوە، بەڵام نەیتوانیوە دارستانەکە بەگشتی ببینێت. چونکە دوورخستنەوەی ئایین لە سیاسەت



ناتوانێت نایەکسانییە ئابوریو سیاسییەکان لەناوبەرێ. چونکە ئەوە بەلای مارکسەوە ڕوون بوو، کە نابێت بازنەی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی ئەڵمانی زۆر فراوان بکەینەوە، لەبەرئەوەی گرفتەکان لەگەڵ دەوڵەتدا قووڵترن لە توندوتیژیو دەسەڵاتخوازییەکەی دەوڵەت. لەناو هەموو هەوڵەکانی پێکەوە بەراوردکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگای مەدەنییدا هەڵەیەك هەیە، پێوەیانەوە نوساوە. ئەویش ئەوەیە دابەشکردنی بوونەوەری مرۆیی بۆ مرۆڤی گشتیو مرۆڤی تایبەتو لادانی ئایین لە دەوڵەتەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، بریتی نییە لە قۆناغێکی بووژانەوەی سیاسی، بەڵکو قۆناغی کۆتاییپێهاتنیەتی، چونکە ئەم بووژانەوەیە ئایینداریی ڕاستەقینەی مرۆڤ هەڵناوەشێنێتەوەو کاریش بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناکات. سەرباری ئەوەی کە ڕەخنەکەی پاوەر لەوەدەچێت ڕەگاژۆ بێت، بەڵام وادیارە بەپێی پێویست تێیدا قووڵ نەبۆتەوە.

مەبەست لە جیاکردنەوەی کاروبارە تایبەتییەکان لە سیاسەت ئەوەبووە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵگەی مەدەنییش لە دەوڵەت ئازاد بکرێن. چونکە ژیان جیاواز لە موڵکیەتو چینو ئایینو شتەکانی تر بەڕێوەدەچێت، ئەمانیش (واتە موڵکیەتو چینو ئایین) جیاواز لە کاریگەرییە سیاسییەکان گەشە دەکەن.

مارکس هاتووە خودی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بیری لە ئەو (چین)ە کردۆتەوە، کە لەوانەیە

رێبەرایەتیی ململانەکردن بکات لەپێناوی (کامڵکردنو بەرقەرارکردنی مرۆڤایەتی)دا. لێرەوە ئەو پرسیارە هاتووە، کە دەڵێ: دەبێ مرۆڤ بڕوانێتە کوێ بۆئەوەی بتوانێت ئەو هێزە بزوێنەرە بدۆزێتەوە، کە بزوێنەری کامڵکردنو بەرقەرارکردنی ئەڵمانیا بووە؟

چینی کامڵبووی ناو مێژوو ئەو پرۆلیتاریایە، کە هیچ شك نابات، ئەمە روانینێکە ژیانی کۆمەڵگەی مەدەنی رەت دەکاتەوە، ئەگەرچی کارکردنی ئەو چینە بریتییە لە ئەو بناغەیەی، کە هەموو سیستمی کۆمەڵایەتیی لەسەر رادەوەستێ. چۆن دەرکەوتنەکەی وەکو وەك هێزێکی بزوێنەری بۆ کامڵکردنی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆرژوازی دەردەکەوێ، هەروەها وەکو هەڵوەشێنەرەوەشی دەردەکەوێ. ئەو پرۆلیتاریایەی، کە دەڵێت خۆی هەڵوەشێنەرەوەی ئەو سیستمە جیهانییەیە، کە تائێستا لەئارادایە، نهێنیی مانەوەشیەتی، لەبەرئەوەی ئەوچینە بەڕاستی هەڵوەشێنەرەوەی سیستمی جیهانییە. بەوەشی، کە داوای نەهێشتنەوەی موڵکدارێتیی تایبەتی دەکات, پرەنسیپێك بۆ کۆمەڵگە بەرزدەکاتەوە، کە کۆمەڵگە وەك پرەنسیپی پرۆلیتاریا لێی تێدەگات. دیارە سەرهەڵدانی چینەکەش وەکو رەتکردنەوەیەکی کۆمەڵگا وایە. شۆڕشی پرۆلیتاری رەتکەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنییە، هەرئەوەشی لەو شۆڕشە دەکەوێتەوە، لەوێیدا، کە دەیەوێ مرۆڤایەتی ئازادبکات، ئەگەرچی هێشتاش ئەوە روون نییە، کە مانای ئەو ئازادکردنە چییە.



مارکس لە کتێبی (سەرمایە)دا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆرژوازیی شیکردۆتەوە. ئەم کتێبە خاڵی دەستپێكو کەوتنەگەڕی سەرمایەداریو (چرکەساتی زاڵبوونەکەی)دەباتەوە سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان. ئابووریی سیاسیی کلاسیکی پێیوابوو، بەرهەمهێنان، بەکاربردن، دابەشکردنو ئاڵوگۆڕکردن چەند کردەیەکی جیان لە یەکتری، بەڵام مارکس قەناعەتی وابوو، کە دەکرێ وا لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی تێبگەین، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنان. چونکە مارکس پێیوایە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەند وەك شتی سەربەخۆیش دەربکەون، هەر بریتیین لە چرکەساتی بەرهەمهێنان.

مارکس پێیوایە کالاکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەدەکەنو بازاڕ پەیوەندییە چینایەتییەکان دەهێنێتەکایەوەو رێکیشیاندەخات. ئەمەش بەپێی لۆژیکی ئەم شتانە رێکدەخرێت: (کرێی کار، بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕکردنی کالا، پرەنسیپی قازانجو کەڵەکەبوونی سەرمایە). مارکس کۆمەڵگەی مەدەنیی وەك گۆڕەپانێکی زۆرەملەیی پیشانداوەو پێیوابووە دەزگایەکی سیاسیی بەهێز دەتوانێت رێبەرایەتی پەلاماردانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی ناو کۆمەڵگە بکات. چونکە دوایین ئامانج بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، کە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی کرێکارانیش بەتەنیشتیەوە دێت.

هەر هەوڵێك بۆ مێژووی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت، پێویستە بەشێوەیەکی بنچینەیی ئاماژەبدات بە چەمکی (کۆبوونەوەکان– بەمانای تەجەمووعات)و ئەو پەیوەندییە ناوەندییانەیش بدات، کە لەنێوانی دەوڵەتو کۆمەڵگەدا دروستدەبن.

لەم تەوەرەوە هەردەبێ لەگەڵ مۆنتیسکیۆدا دەست پێبکەین. مۆنتیسکیۆ بە ئینگلتەرە سەرسام بوو، چونکە یەکێك لە ئەنجامەکانی شۆڕشی پیرۆزی ئینگلتەرە ئەوەبوو سیستمێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی لێبوردەو میانڕەوی دروست کردو خەڵکی لە سەرکووتی ستێوارت پاشا رزگار کرد. دیارە ئینگلتەرە ئەو ئاواتەی ئەرستۆی هێنایەدی، کە حکومەتێکی هاوسەنگو کۆمەڵگەیەکی لێبوردەی لە سێ چینی (پاشا، خانەدانان، گشتی) پێکهاتووی گەڵاڵەکرد. ئەم کۆمەڵگەیە لەرێگەی دامەزراوەکانی (تاج، لۆردەکان، گشتی) یەوە گوزارشتی لە خۆی دەکرد. بەمشێوەیە دیارە ئەو خەونە دێرینە هاتۆتەدی، کە کەمینەو زۆرینە بتوانن لەسایەی دەستوورێکی ئاسوودەدا پێکەوە هەڵ بکەنو پێویستیان بە بەرپاکردنی شۆڕشی کڵپەسەندوو نەبێتو پێویستیان بەوەش نەبێت توێژێك لابەرنو توێژێکی تر بهێننەکایەوە.

ئەو کەشەی بیرکردنەوەکانی مۆنتیسکیۆی تێدا گەڵاڵەبووە، کەشی ململانەی سەختی نێوانی پاشاکانی فەرەنساو ئەرستۆکراتەکانە. ئەو کاتە پاشاکان پشتگیریی بۆرژوازەکانیان



دەکردو ئەرستۆکراتەکانیش لەپێناوی هێشتنەوەو چەسپاندنی ئەو ئیمتیازاتانەی خۆیاندا ململانەیان دەکرد، کە کەوتبوونە بەر هەڕەشە. هەموو ئەم شتانە لەپێشچاوی مۆنتیسکیۆ روویاندەداو لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو هزرەی گەڵاڵە دەبوو، کە سەرچاوەکەی دەچووەوەسەر ئارەزووی پاراستنی پەرلەمانی خانەدانەکانو کۆشكو موڵكو رێکخراوو شتەکانی تریشیان.

ئەرستۆکراتیزم خۆی وەکو باشترین میانەکاری نێوانی خواستەکانی پاشاو هەڵچوونەکانی خەڵکە رەشۆکییەکان دەبینێت. لەبارەی مەترسییەکانی خەڵکە کارامەکانەوە پاشا ئاگادار دەکاتەوەو بەسەرکوتکارییەکانی پاشایشەوە هەڕەشە لە کارامەکان دەکات. مۆنتیسکیۆش بڕوای بە ئەم هاوسەنگییە هەبووەو پشتیوانیشی لێکردووە. لەکتێبی (ڕووحی یاساکان)یدا باسی لەوەکردووە، کە چەند بیریارێکی ئەرستۆکراتی هاتوون چەند وانەیەکی بەریتانییانەیان کارپێکردووەو هیچ گوێیان بەو قسەباسە پێشوەختانە نەداوە، کە باس لە ئەو مافە سروشتییانە دەکەن، کە هەنو ناشتوانرێ بسەلمێنرێنو هیچ گوێیان نەداوە بە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی.

بۆیە بەشدارییەکەی ئەو لەوتیۆرە نوێیانەدا، کە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیین بیریتییە لەوەی پشتیوانیی لەو رێکخراوە

میانکارییانـە کـردووەو تیۆرێکیـشی لەسـەر دەسـتووری هاوسـەنگ داناوە.

مۆنتیسکیۆ جیاوازیی کردووە لەنێوانی سێ جۆر لە حکومەتدا: حکومەتی کۆماری (دیموکراتو ئەرستۆکراتی)، حکومەتی پاشایی (ئەو پاشایەی بەحوکمی یاسا فەرمانڕەوایی دەکات)و حکومەتی سەرکوتکار(ئەو پاشایەی بەبێ گوێدانە یاسا فەرمانڕەوایی دەکات). لەناو سەرکوتکارییەکەدا بۆشاییەك هەیە لەنێوانی کەسانی خاوەن سەروەریو کەسانی بەرفەرمانـدا. چونکە هەرچی کەسە خاوەن سەروەرییەکانن دێن ڕێکخراوە میانکارییەکان وێران دەکەن بۆئەوەی خۆیان وەکو کەسو لایەنی تەنها بمێننەوە، بە ئاگرو ئاسن حوکم بکەن، کەسەکان بتارێنن، بیانکەن بە ئەو کۆیلانەی خزمەتی ئارەزووەکانی خۆیانیان پێدەکەن.

باشترین پێناسە بۆ سەرکوتکاری ئەوەیە, کە پاشاییەکە، هیچ ڕێکخراوەیەکی میانکاریی بۆ ئەرستۆکراتیەت تێدانییە. بەلای مۆنتیسکیۆوە ئازادبوون پێویستی بەوە هەیە سنورێك بۆ دەسەڵات دابنرێتو لەڕێگەی دامەزراوەی ئەرستۆکراتییانەی کۆمارییانەوە دابەش بکرێت.

بیرۆکەکەی مۆنتیسکیۆ بەوشێوەیەیە، کە رژێمە پاشاییەکان لە رژێمە سەرکوتکارەکان ئارامگرتووترن، بەهۆی ئەو دامەزراوە میانکارییانەوە، کە پاشاییەکان هەیانەو بەهۆی ئەوەشەوە، کە



خانەدانان دەکەونە نێوانی پاشاو رەعییەتەوە. ئەم تێزە ئەوەشی تێدایە دان دەنێت بە گرنگیی بوونی جیاوازی لەنێوانی مرۆڤەکاندا, کە لەڕووی دەستکەوتو سەرمایەو شتەکانی تری لەمشێوەیەوە جیاوازییان هەیە. بەڵام هەرچی سەرکوتەکەیە, پێویستییەکی بە هیچ میانکارییەك نییە، لەبەرئەوەی خۆیی بەسە، هیچ شتێك لەبەرچاو ناگرێت، ئەوەندە نەبێت، کە دەیەوێ چۆك بە رەعیەتەکەی دابدات, هیچ شتێکی تر نازانێت، خۆشنوودیو ژیانی ئازاد لەلای ئەو مانایەکیان نییە.

بەڕوانینی مۆنتیسکیۆ تاکە چارەسەری گرفتی فەرمانڕەوایی لەڕێگەی رێکخراوە میانکارییەکانەوە پەیدادەبێ. واتە ئەوان دەتوانن ئەو شتە دابین بکەن، کە مۆنتیسکیۆ پێیدەڵێت (کۆمەڵگەی کۆمەڵگەکان)، واتە دامەزراندنی یەکێتییەك بۆ ئەو ڕێکخراوە میانکارییانەی، کە دەتوانن کۆتوبەند بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکارو توندوتیژیی کارامەکان دابنێنو ئازادییش لەبەرچاو بگرن. ئەو دەوڵەتە تێکەڵەی بەمشێوەیە دروستدەبێ, لە چاکەکاریی شارنشینیی سیستمی کۆماریو دەسەڵاتی دەرەکیی سیستمی پاشایی پێکدێت. ئەو رەخنە زۆروزەبەندانەی، کە بەهۆی ئەوەوە لێیگیراون, مۆنتیسکیۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵیی بە بەرژەوەندیی چینێکی تایبەتەوە بەستۆتەوە، باسیان لەوەکردووە، کە ئەم بیریارە کەوتۆتە داوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی

ئەرستۆكراتەكانەوە. بۆیە نیازە باشەكانی پشتی ئەم پرۆژەیەی ئەم هەرچییەك بن، هاتووە لەوسەرەوە بانگەشە بۆ چەسپاندنی چینی ئەرستۆكراتیو پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان دەكات.

بەپێچەوانەی ئەمەوە پرۆژەكەی (جان جاك رۆسۆ) هیچ هەوڵێكی پاراستنی بەرژەوەندیی چینێكی دیاریكراوی تێدانییە. بەڵكو تیۆركەی ئەو لەسەر كۆمەڵگەی مەدەنی تیۆرێكی ئاكارییە. تێیدا هەوڵیداوە بەپێی پێداویستیو خواستەكانی بڵاوبوونەوەی بازاڕەكانو دەسەڵاتی سەختی ئەرستۆكراتو پاشاكان گونجانێك بۆ چاكەكارییە رۆمانییەكانو تێزی كۆماریخوازیی مەكیاڤیلییانە بدۆزێتەوە. هاتووە بە پەیڕەویكردن لە كاری هاوبەشی خاوێنو بەرژەوەندیی گشتی، تێزە رۆشنگەرییە سكۆتلەندییە ئاكارییە تاكڕەوییەكەی تواندۆتەوەو كاریگەرییەكی زۆری خستۆتەسەر شۆڕشی فەرەنسی. رۆسۆ بڕوای وابووە، كە(مرۆڤ بە سروشتی، خۆی چاكەخوازە، هۆكاری گۆڕینی بۆ كەسێكی خراپ بریتییە لە دامەزراوەكانی خۆی) بۆیە لەتیۆری پەیمانی كۆمەڵایەتییەوە دەستی پێكردووەو گریمانی باری سروشتیی بە هەندوەرگرتووە.

(رۆسۆ) بۆ گوزارشتكردن لە بوونی پەیوەستێكی ئاكاری لەنێوانی تاكەكەسو كۆمەڵدا, بیرۆكەی (ئیرادەی گشتی)ی بەكارهێناوە. ئەم بیرۆكەیەی ئەو دەمانباتەوەسەر چەمكێكی كۆماریی كۆن، كە دامەزراندنو پێكهێنانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەسپێرێتە دەستی



بەرژەوەندیی گشتی، بەوەی، كە هەموو تاكەكەسەكان والێبكەن هەست بە فەرمانێكی ئاكاریی سەرشانیان بكەن. لەبەرامبەری ئەمەشدا نە لە حوكمی زۆرینەو نە لە دەسەڵاتی پاشایەتیدا چەمكێكی سیاسییانەی وا نابینێت, كە گوزارشتكردن بێت لە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵكو ئیرادەی سیاسییانە بریتییە لە دەربڕینێكی سیاسییانەی بەرژەوەندیی گشتی.. هەرچی بیرۆكەی پەیمانە كۆمەڵایەتییەكەی لای (هۆبز) و(لۆك) یشە دەوڵەت پێكدەهێنن، نەك كۆمەڵگەی مەدەنی. رۆسۆ لە فۆڕمی كۆمەڵگە رانەماوە، بەڵكو وابیری لێدەكردەوە، كە كۆمەڵگە دەبێ لەلایەن ئیرادەی گشتییەوە ئاراستەی بۆ دیاری بكرێتو مەحكومی یاسایش بێت.

پەیمانی كۆمەڵایەتیی راستەقینە لەلای رۆسۆ دەبێ بەوە دروست ببێت، كە مرۆڤی سروشتی لەبارە سروشتییەكەی خۆی دەربهێنرێتو بیكەیت بە مرۆڤێكی وا لایەنی مرۆڤایەتییەكەی زۆر تەواوبێت. رۆسۆ هەستی بەوە كردبوو، هەموو ناخێكی زیندوو بەهاو كەرامەتی هەیە. كۆمەڵگەی مەدەنیی ئێستایش لەم بارە گەندەڵەی ئێستایدا بواری ئەوە بۆ مرۆڤ ناڕەخسێنێت شیانە تەواوەكانی خۆیان بهێننەدیو بەرقەراری بكەن. پەیمانی كۆمەڵایەتی پێویستی بە گروپێك هەیە ئیرادەی گشتی رێكیبخات، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی هەمووان بواری ئەوە بۆ هەموو تاكێك دەڕەخسێنێت

قوولترینو راستگۆیانەترین ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. لێرەدا ئیرادەی گشتی وەك کلیلی مسۆگەرکردنی دژ بە خراپتێگەیشتنو دەمارگیریو حوکمی پێشوەختانەو دورەپەرێزخستن وایە. کورتەی تیۆرە سیاسیو ئاکارییەکەی(رۆسۆ) لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئەوەیە هێرشی کردۆتەسەر بەرژەوەندیی خۆییو حسابی عەقڵانییانەی بەرژەوەندی. چونکە ئیرادەی گشتیی ئادەمیزاد وایە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی دەکات بە چەند رێسایەکی گشتیی ئیلزامی، ئەگەرچی رۆسۆیش وەکو بیریارانی تری بواری پەیمانی کۆمەڵایەتی هەستی بەوەکردووە، مرۆڤ ئارەزووی تاکەکەسییانەشی هەیە. بەڵام داوای ئەوەشی کردووە پەیوەندیی ئاکارییانە لەنێوانی ئادەمیزاددا دروست ببێ.

ئەو هەوڵەی رۆسۆ داویەتی بۆئەوەی پەیوەندییەك لەنێوانی (ئەفلاتۆنو میکیاڤیلی) دا دروست بکات توانای ئەوەی پێبەخشیوە بتوانێت خاڵێکی لاوازی کوشندە لەناو ئەو تیۆرنەدا دروست بکات، کە بۆچوونێکی لیبراڵیزمییانەیان هەیە لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. ئەو کۆمەڵگە بازارییەی، کە هیچ گوێی بە مەسەلەگشتییەکانو بە تێگەیشتنی سیاسییانەی ئاکار نەداوە، زۆر باشتر نەبووە لەو تێگەیشتنەی, کە (هۆبز) لەبارەی شەڕی هەمووان لەدژی هەمووان هەیبووە. بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت توانای بڕیاردانی ئاکارییانەی هەبێت، دەبێ کەسانی تریش ئامادەییو چالاکیی



گشتیی خۆیانیان لەپاڵ ئەوەوە هەبێت. بۆیە ئەوە شتێکی نامۆ نییە(کانت) ئیلهام لە (رۆسۆ)وە وەربگرێت.

(رۆسۆ) بڕوای وابووە، کە هەمیشە ئیرادەی گشتی لەسەر حەقە، هەمیشەش بەلای بەرژەوەندیی گشتیدا دەیشکێنێتەوە. بۆیە دژایەتیی حزبو گروپە میانکارەکانی کردووە، لێرەوە دابڕانێکی تەواو لەگەڵ مۆنتیسکیۆدا دروست دەکات، چونکە ئەوەی زامنی ئارامیو ئاسایشو شارستانیەت دەکات, بریتی نییە لەو رێکخراوانە، بەڵکو ئیرادەی گشتییە. رۆسۆ ئەم تەحەداکردنەی خستۆتەبەردەمی ئەو گروپە مەبەستدارانەی کە تیۆری لیبراڵیزمو کۆمەڵگەی پێش شۆڕشی فەرەنسی بەهەندیان وەرگرتوون. چونکە رۆسۆ خۆی لەبەرئەوەی سەر بە چاخی رۆشنگەری بووە، دوژمنایەتیی لەگەڵ سیستمی کۆنو نەریتو تاریکییەکانی ئەو سیستمەشدا کردووە.

(ئێدمۆند بورك) پێیوابووە یەکسانی کۆمەڵگەی مەدەنی وێران دەکات، لێرەوەو لەگۆشەی ئەم روانینەوە لەکتێبی (چەند رامانێك لە شۆڕشی فەرەنسا)یدا پەلاماری ئەو شۆڕشەو دروشمو خەونەکانیی داوە. ئەو پێیوایە توندوتیژییەکەی شۆڕشی فەرەنسا تێکشکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەلاماردانی شارستانیەتو بەپێچەوانەی ئەم روانینەشیەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی پێیوایە شۆڕشە پیرۆزەکەی

ئینگلتەرە رێزگرتنی دەسەڵاتی نەریتەکانو دامەزراوە نەریتییە باوەکانە.

لەوباسەدا، کە رابورد بینیمان مۆنتیسکیۆ پشت بە ئەرستۆکراتیەت دەبەستێتو پێیوایە ئەمە رێکخراوێکی میانەکارەو پشتیوانی لە ئازادی دەکات، هەروەها رۆسۆیش کۆمەڵگەی مەدەنیی لەسەر بنەمای گروپێکی ئەندامیی وا دامەزراند، کە ئیرادەی گشتیی هەبێت، بەڵام بۆرك پشتی بە مێژوو نەریتەکان بەستووە.. بۆیە ئیتر لێرەوە کێ دەتوانێ مێژوو فەرامۆش بکات، یان سەرلەنوێ بەناوی هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوە بینووسێتەوە؟ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئارام دادەمەزرێنێت, بریتییە لە ئارامی، یاسا، نەریتەکان، داب، موڵکیەتو ئایین. هەموو ئەمانەش بە ئەو دامەزراوە میانکارییانە خۆیان گەڵاڵە دەکەن، کە مۆنتیسکیۆ دیاریی کردوون، رۆسۆ فەرامۆشی کردوونو شۆڕشی فەرەنسییش تێکیشکاندوون. بەلای ئێدمۆند بورکەوە شۆڕشی فەرەنسی وێرانکەر بوو هیچ بەهایەکی بۆ مێژوو بۆ نەریتەکان دانەنا، بۆیە ئەمەش خاڵێکی لاوازی ئەو شۆڕشەیە. بۆرك رەخنەی ئەوە لە رێبەرانی شۆڕشی فەرەنسا دەگرێت، کە دەستوورە بەرقەرارەکانیان فەرامۆش کردووە، بۆیە ئەنجامەکانی خراپ کەوتنەوە. هەروەها بۆرك پێیوایە حەزی ئەو سەرکردانەی لە پاکتاوکردنی پلەوپایەکانو نەهێشتنی



جیاوازییەکانی نێوانی مرۆڤەکان شتێکە بەپێچەوانەی سروشتی مرۆڤایەتییەوە جوڵاوە.

هەوڵەکەی (تۆکفیل) زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی یەکەمین هەوڵی رێبازدارە توانیویەتی لەلایەك سروشتی کۆمەڵگە نوێیەکەی ئەمریکا پیشان بداتو لەلایەکی تریشەوە ئەو کۆمەڵگەیەی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەوروپیدا بەراورد کردووە. هەروەها هەوڵێکیشە تا ئەمڕۆ لەلای زۆر بیری بیرياران و تیۆرکارانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتییش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەنگدانەوەی ماوە. ئێمەش، کە لێرەدا دەیهێنینەوە بەرباس، لەبەرئەوەیە سەرباری زۆر گرنگییەکەی, موفارەقەیەکی سەیری تێدایە، دەیکەینە دواین وێستگەی کۆتاییپێهێنانی ئەم رانانە مێژووییەمان.

تۆکفیل پێیوابووە کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانێکە (دەکەوێتە دەرەوەی سروشتی سیاسیی دەوڵەتو یاساکانیشیەوە), دەکەوێتە (دەرەوەی چێوەی حکومەتیشەوە)، ئەمە ئەو مانایەی تێدایە، کە گوایە کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانێکی رێکخراوەیی میانکارە لەنێوانی تاکەکەسو دەوڵەتدا. باشە ئایا ئەمە مۆنتیسکۆو ئەو تێگەیشتنەی ئەومان بیرناخاتەوە، کە لەسەر رێکخراوە میانکارییەکان هەیبوو؟

وەڵامەکەی: بەڵێ. بەڵام تۆکفیل ئەو ڕێکخراوە میانکارە ڕاست دەکاتەوە، لەبریی ئەوەی پێیوابێت ئەرستۆکراتیەتە، پێیوایە هەموو کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ڕێکخراوێکی میانکار کاردەکات.

تۆکفیل پێیوایە لە ئەمریکادا دەوڵەت لاوازەو کۆمەڵگە بەهێزە. ئەم ڕاستییەیش تووشی شۆکی کرد، لەبەرئەوەی پێچەوانەی بارودۆخەکەی ناو ئەوروپایە، لەئەوروپا دەوڵەت بەهێزەو کۆمەڵگە لاوازە. پێیوابووە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونیی کەلەپوری دەرەبەگی، کەمیی ئەو شارە گەورانەی، کە وادەکەن ئەنجومەنە خۆجێییەکان گرنگییەکیان هەبێ، نائامادەیی ڕێژەیی بیرۆکراسیەت، دابڕانی جوگرافییانە، نەبوونی سوپای گەورەو یەکسانیی کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری پشت بەخۆبەستن‌و ئاستی نزمی ململانەی چینەکان.

ئەمریکا سازاندنێکی نێوانی نەزعەی خۆجێیەتی‌و دەوڵەتی دیموکراسییانەی دۆزیوەتەوە. بۆیە بەشداریکردنی میللیانە دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییەوە، پشتیوانیی لە ئازادی دەکات، وا لە خەڵك دەکات هەست بە گرنگیی بەشداریکردن لە سەرۆکاریکردنی کاروباری گشتیدا بکەن‌و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیشی بکەن.

کەوابێ, ڕێوشوێنەکانی ناو شۆڕشی فەرەنسا بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەمریکییەکان لەبارنیین، بەڵکو ئەوەی بۆ کەلتورەکەی ئەوان بگونجێت, بریتییە لەو ئۆتۆنۆمییەی، کە تیایدا خەڵك پشت بەخۆیان



دەبەستن. هەموو کەسێك خۆی لە هەرکەسێکی تر باشتر دەتوانێت شتەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێت، خۆی باشتر شتی خۆیی پێدابین دەکرێت. هەرچی شارو وڵاتیشن, ناچارن خۆیان گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بدەن. دەوڵەت فەرمانڕەوایی خۆی پیادە دەکات، بەڵام یاساکان جێبەجێ ناکات. ئازادیی سیاسی‌و کەلتوری پشت بەخۆبەستن وایانکردووە ڕێکخراوە میانکارەکان لەلای دەوڵەت بتوانن بەئاسانی نوێنەرایەتیی خەڵك بکەن لە کێشەکانیاندا. ئەمەش وایکردووە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی دانسقەبێت. بۆیە ئەو پێیوایە لەم دونیایەدا دەوڵەتێك نییە توانیبێتی لە ئەمریکا زیاتر پرەنسیپی بەشداریکردن بەکاربهێنێت‌و بەسەر زۆرترینی شتەکاندا پیادەی کردبێت، سەرباری ئەو پەیوەستە هەمیشەییانەی یاسا لەنێوانی ناوی شارۆچکەو شارو هەرێمەکاندا دروستیکردون، ژمارەیەکی زۆری ناوی تریش هەن دەستەی تاکەکەسە تایبەتییەکان پێکیانهێناوەو لەبەرچاویان گرتووە. ئەمریکییەکان مەیلیان بەلای پێکهێنانی ڕێکخراوەی خۆبەخشانەدا هەیە، بەمەش خۆیان لە یەکلاییکردنەوەکانی مەسەلەکانی دەوڵەت‌و پرۆتۆکۆڵەکانی ئەرستۆکراتیەت لادەدەن.

دیارترین ڕۆڵێك، کە ئەم گروپە خۆبەخشانە پێیهەڵبسن, بەرژەوەندیی تایبەتی‌و بەرژەوەندیی گشتی پێکەوە دەتوێننەوەو تێکەڵیان دەکەن. سەیرو سەمەرە لەمەدایە، کە تۆکفیل لەبەرامبەر

تواناو هێزی ئەمریکییەکاندا تووشی ساکان هاتووە، بەتایبەتییش لەوەدا، لەسەر ئاستی تەرتیبیو ڕێكو پێکیو گونجان لەگەڵ خەڵکی ئەوروپادا بەراوردی کردوون. لەڕاستیدا تۆکفیل ئابوریی بەلاوە گرنگ نەبوو، لەچەند شوێنێکی بەپەلەو ڕاگوزاریدا نەبێت, ئاماژەی پێنەداوە. داهێنانی عەبقەرییانەی ئەو بریتییە لەوەی توانیویەتی لەناو چەمکێکی فراوانکراوەی کۆمەڵگەی مەدەنییدا یەکسانیو تێزی خۆجێیەتیو تێزی مادییانە پێکەوە کۆبکاتەوە. هەرچی بونیادی کۆمەڵایەتیی دیموکراسییانەی کۆمەڵگەی ئەمریکیشە, بەلای تۆکفیلەوە بووەتە هۆکاری جەختکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر سەرمایەی مادی، دیارە ئەو جەختکردنەیش بەبێ بەها نەبووە، بەڵکو بووەتە هۆی ئەوەی لەناو دابڕانێکدا بژی. هەروەها چەند خاڵێکی نەرێییشی دیاریکردوونو داونیەتە پاڵ تێزی یەکسانییەوەو پێیوایە یەکسانییش مرۆڤەکان لە یەکتری جیادەکاتەوەو وادەکات هەر مرۆڤێك ڕووبکاتەوە خودی خۆی، بۆیە یەکسانی کۆمەڵگەیەك دێنێتەکایەوە، کە کەسەکانی نامۆن بە یەکتری.

تۆکفیل چالاکیی خۆبەخشانەی لە هەرشتێکی تر بەلاوە باشتربووە، ئەوەی ئەو مەبەستی بووە, بریتی بووە لە چالاکیی خەڵك نەك دەوڵەت، بۆیە لێرەوەو لەناو کێڵگەی گرنگیدانی هاوچەرخانە بە کۆمەڵگەی مەدەنیدا, بیرۆکەی دژایەتیکردنی دەوڵەت پەیدابووە، لەبەرئەوەی تۆکفیل پێیوابووە ئەوکاتەی



دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەموو شتێکدا جێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوە، کۆمەڵگە تووشی لێکترازان دەکاتو دەیکاتە نێچیری دەم لاوازی. بۆیە وا ڕاسپاردەی کردووە، کە کارکردنی حکومەت تەنها لەبواری سیاسییدابێت.. ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییەی کە ئەم تێزە بێوێنەیەی ئەمریکا بۆ کۆبوونەوە لەپێناوی کارکردنو بەدواداچوونی بەرژەوەندییە خۆجێییەکاندا پاڵپشتیی لێدەکات, ئەرستۆکراتەکان دەگۆڕێت بە کۆمەڵە مرۆڤێکی یەکسانو هێزی زۆر توندی دەوڵەتی دیموکراسییش ناهێڵێت. ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتیی ئازادبوونە، چارەسەرێکی ئەمریکییانەشە بۆ قەیرانەکەی ئەوروپا. چونکە لە دەوڵەتە دیموکراتەکاندا زانستی کۆبوونەوەو گردبوونەوە باوکی زانستەکانی تر دەبێت، پێشکەوتنی تەواوی زانستەکانی تر دەوەستنە سەر ئەو پێشکەوتنەی ئەو بەدەستیدەهێنێت.

* * *

بەدرێژایی سەدەی بیستەم, دوو سیستمی سیاسیی زۆرلەیەك جیاواز باوبوون: سیستمی سۆشیالیستیو سیستمی سەرمایەداری. هەردووکیان چوونە ناو دوو تەکەتوولی سیاسی، ئابووریو سەربازییەوەو ئەو ناکۆکییە کەوتە نێوانیانەوە، کە بە شەڕی سارد ناسراوە. گومانێکیش لەوەدانییە، کە ئەم پەیوەندییە شلۆقەی نێوانیان کاریگەریی خستبێتەسەر سروشتی وێناکردنی هەریەکەیان بۆئەوی ترو سەر شێوازی پێکەوە هەڵسوکەوتکردنیشیان. کۆمەڵگەی مەدەنی لەلای هەردووکیان هەر گرفت بووە، ئەگەرچی هۆکارەکانیشیان لەیەکتری جیاواز بوون.

بێگومان دەوڵەتە شیوعییەکە گشتگیری، مەرکەزی بووەو هەر خۆی سیستمی ئابوریو سەربازیی وڵاتەکەی بەڕێوەبردووە. خۆی گەیاندبووە هەموو پنتو سوچێك . بارودۆخەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمو کاریگەرییە شلۆقەکانی ئەو جەنگە لەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی کاریگەریی شێوانی خستەسەر ئاراستەکانی شۆڕشی بەلشەفی. ئەم شۆڕشە کە لەو پرۆگرامە مارکسیستییەوە سەریدەرهێنا، کە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت لەناو کۆمەڵگەی کۆمۆنستیدا دەکات، کاری هێنانەئارای دەوڵەتو بە مەرکەزی کردنیشی کرد. هەروەها دەستوەردانە ناو هەموو کاروبارەکانی



ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی کردە رێگایەك بۆ بەرقەرارکردنی سیستمی دیموکراسی.

بەڵام دەرکەوت، کە دەستگرتن بەسەر رژێمی سیاسییدا زۆر ئاسانترە لە بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت. لەئەنجامی سەرکوتکردنی بەردەوامی هەر دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵایەتییەوە، کە لەدەرەوەی بوارەکەی خۆیەوە سەرهەڵبدات، کۆمەڵە کاردانەوەیەك دەرکەوتن، کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر گرنگیدانی هاوچەرخانە بە کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە ئەوشتە دەرکەوت، کە پێیدەوترا (ڕەخنەی جیاییخواز)، شتێکی سروشتیو ئاسایی بوو، ئەم رەخنەیە بەرەو تیۆرە لیبراڵییەکان کێش ببێت، چونکە ئەو رەخنەیە بوبووە سەرچاوەی ترسو نیگەرانیی ئەو دەسەڵاتدارە سیاسییە شیوعییانەی، کە بەدرێژایی دەیان ساڵ هەوڵو خەباتیان بۆئەوە دەکرد باری ناوخۆیی خۆیان ئاسایی بکەنەوە. لەوانەیە لەناو مێژووی رووسیای پێش شۆڕشەکەدا شتێکی وا بدۆزینەوە، کە وەکو بەهانەی بوونی ئەم ترسە وابێت، چونکە رووسیا بەپێچەوانەی دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوە بە نەریتە دیموکراسییەکان ئاشنا نەبوبوو، بەلشەفییەکانیش لەپاش ئەوەوە بەچاوی گومانەوە سەیری هەر دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵایەتییان دەکرد، کە لە دەرەوەی گۆڕەپانی دەوڵەتەوە سەری هەڵبدایە..

کەوابێ, بەپێی ئەم تێگەیشتن‌و روانینە بێت, دەوڵەت کاملترین ئامرازی هەڵگەڕاندنەوەو کۆککردنی سیستمی کۆمەڵایەتییە.

ئەم رێوشوێنانە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری بیریارانی رۆژئاواوە رەخنەی توندیان لێگیرا. ئەوەتا (فریدریك هایك) لە کتێبی (ڕێگای بەرەو کۆیلایەتی)دا کۆمۆنیزم وادادەنێت جۆرێك بێت لە تێزی تۆتالیتێری. دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر بواری ئابوریداو دەستوەردانیشی لە پلاندانانی سەرتاسەری، رێگایەکە بۆئەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵی رەهاو سەراپاگیری هەموو جومگەکانی ژیان بگرێت بەدەستی خۆیەوە.. بۆیە هۆشداریی دەدایە دەوڵەتانی رۆژئاوا، لەوەی نابێت پەیڕەوی لەم رێبازە بکەن، ئەگەرچی چالاکییەکی گرنگ دەدات بە دەوڵەت. کەوابێ ئەوەی بوونی ئازادی‌و فرەیی‌و دەستپێشخەریی تاکەکەسی مسۆگەر دەکات‌و هەموو ئەمانەیش بە یاسایەکی بێمەبەستەوە بەڕێوەدەبات, بریتییە لە بازاڕی سەرمایەداری.

(هایك) پێیوایە، کە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی روونترین حەقیقەتەو لە هەر شتێکی تر باشتر دەتوانێت بەرژەوەندیی گشتی لەپێشەنگەوە دابنێت، بەوپێیەی، کە هیچ بەرژەوەندییەکی گشتیی وانییە بتوانێت لەسەرپێی خۆی رابوەستێت، ئەگەر بەرژەوەندیی تاکەکەسیی تایبەتیی لەگەڵدانەبێت. هەرچی بەرژەوەندیی گشتییشە لەوە زیاترنییە ئاراستەیەکی گشتی بێت، بوونی تاکەکەس



رەتبکاتەوە لە بەرژەوەندیی وەهمێکی ناڕاستەقینە، کە ناوی بەرژەوەندیی گشتییە. ئەم ئاراستە گشتییە نازیزم‌و کۆمۆنیزم‌و فاشیزم وەکو یەك دەگرێتەوە.

(هانە ئارێنت) لە کتێبی (ڕەچەڵەکەکانی نەزعەی تۆتالیتاری)دا دەڵێ، تۆتالیتارییەت خەسڵەتێکە جەماوەری ناو دەوڵەتی تۆتالیتریستیی پێدەناسرێتەوە. ئەمەش لە لادانێك لەبەها بۆرژواییەکانی سەدەی نۆزدە بەولاوە چیی دیکە نییە. سەدەی بیستەم چەند دیاردەیەکی نوێی هێنایەسەر شانۆی مرۆڤایەتی، وەك دەرکەوتنی ئەو شتەی کەپێیدەوترێ کۆمەڵگەی جەماوەری‌و مرۆڤی جەماوەری. نەمانی بەرژەوەندیی خۆیی تاکەکەسی، جەماوەر بەرەو جولاّن بەرەو ئامانجی ناڕوون‌و بگرە ناواقعییش پاڵ پێوەدەنێت، لەلایەن کۆمەڵە ئایدیۆلۆژیایەکەوە رێبەرایەتی دەکرێن، کە دەزانن چۆن شتەکان وێران بکەن، بەڵام نازانن ناتوانن هیچ شتێك بونیادبنێن، سووك‌و ئاسان لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاکەکەسی بونیاد نەنراون. بۆیە تاکەکەسی جەماوەری دەبێتە لەیستۆکێك بەدەستی ئەو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارییانەوە، کە دەتوانن یارییان پێبکەن، چۆنیان بوێت‌و لەکوێ بیانەوێت ئاواو لەوێ هەڵیدەسووڕێنن. لەبەرئەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارییانە لە چەپاندن‌و ژێرپێخستنی جیاوازییە تاکەکەسییەکان بەولاوە کارێکی دیکەیان نییە. دەیانەوێ تاکەکەسەکان بکەن بە تەنها چەند

گەردێك، كە هیچ ئامانجو مەبەستێكیان نییە. هەر ریفۆرمێكیش لەڕێگای سیاسەتەوە ئەنجام بدرێت، ئەنجامەكەی كارەساتێكی گشتی دەبێت، ناوجەرگەی كۆمەڵگەی مەدەنی دەپێكێت، ئیتر پاش ئەوەش رژێمە تۆتالیتارییەكان سەرهەڵدەدەن، چونكە تاكەكەسەكان لەو بارودۆخەدا بەرژەوەندیی خۆیی روونی وایان نییە هەڵیانبسوڕێنێت .

بەڵام ئێمە جۆرە باسێكی دیكەی كۆمەڵگە سۆشیالیستییەكان دەبینین، كە زۆر جیاترن لەو دووباسەی پێشوو، راستە ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستییەی بەرقەرارە، لە دەوڵەتە هاوشێوە رۆژئاواییەكەی خۆی ناچێت، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەستپێشخەرییەكی كۆمەڵایەتیی سەربەخۆی وایان بەخۆیانەوە بینیوە، كە لە بەهای سیاسەتیان كەم كردۆتەوە. جگە لەوەش تۆتالیتێرییبوونی ئەم دەوڵەتانە مانای تیرۆریست بوونیان ناگەیەنێت، بەڵكو فۆرمێكی تری جیا لەئارادایە، ئەویش بریتییە لە توانایەكی بەردەوامی كاری سەربەخۆ. چونكە لەم بارانەدا پەیوەندییەكی ناهاوسەنگ هەیە لەنێوانی دەوڵەتو كۆمەڵگەدا، ئەمە مەسەلەیەكە گومانی تێدانییە.

بۆنمونە هەندێ كەس پێیانوایەلە یەكێتیی شوورەویداو لە گەرمەی دەسەڵاتی ستالینیشدا كۆمەڵگەی مەدەنی خامۆش نەبووە. بەڵكو ئاستێكی بەرچاوی ئەو چالاكییانە لەئارادابوون، كە نەدەوڵەتو نە حزب، هیچیان بەڕێوەیان نەبردوون. چەند



ئاماژەیەكیش لەئارادبوون بەڵگەبوون لەسەر پێشكەوتنێكی رێژەیی دامەزراوە مەدەنییەكان. بەڵكو گوتراوە، كە لەناو كۆمەڵگە سۆشیالیستییەكاندا بوارێكی گشتیی سەربەخۆی وا لەئارادابووە، كە لەوانەیە لەو بوارە زۆرتربوبێت، كە گریمانی ئەوەدەكرێت لەرۆژئاواد هەبوبێت.

(جۆن كۆنرادو ئیڤان چیلیینی) لە كتێبی (ڕۆشنبیران لەسەر رێگادا, بەرەو دەسەڵاتی چین - تەبەقە)ی خۆیاندا دەڵێن: (لەسەردەمی پاش ستالیندا سیاسەت لە دەرگای پێشەوەوە نەدەهاتە ژوورەوە، هاندەرە سیاسییەكانیش، كە لە دەرگای خەڵكیان دەدا, جێگەكەی خۆیانیان بۆ تەلەفزیۆن چۆڵكرد. پرۆسەی بە سیاسەتكردنی ژیانی رۆژانەی خەڵكیش گەیشتە كۆتایی خۆی، پیرۆزیی ژیانی تایبەتیی خەڵكیش زیندووكرایەوە، ئیتر كاتەكانی كاركردن تەنها بۆ كاركردن تەرخان دەكرانو لەكاتی بێكارییاندا خەڵك ئازادبوون لەوەدا، چۆن هەڵسوكەوت دەكەن.) بەهەرحاڵ بارودۆخەكان وەك جارانیان نەمانەوە، دەوڵەتە سۆشیالیستەكانیش چەند گۆڕانو بەرەوپێشچوونێكی وایان بەخۆیانەوە بینی، لەئاكامدا سروشتی رژێمە سیاسییەكەیان گۆڕیو لە دوائاكامدا تێكشاندنی دەوڵەتی كۆمۆنیستییشی لێكەوتەوە.

ڕەخنەی جیاییخوازو بزوتنەوە كۆمەڵایەتییە سەربەخۆكان لەناو دەوڵەتە سۆشیالیستەكاندا سیاسەتی رووبەڕوونەبوونەوەی

دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان گرتەبەر، یان بابڵێین سیاسەتی سیاسەتنەکردنیان گرتەبەر. ئەو رووداوە گرنگانەی لە پۆڵەندە روویاندا, گەواهیدەری ئەو راستییەن. چونکە بزوتنەوە کاریگەرەکانی ناڕەزاییدەربڕینی ئەو وڵاتەو دەسەڵاتی بەهێزی کڵێسای کاسۆلیکیی رۆمانیو کاریگەریی فراوانی چینی رۆشنبیرانو شکستخواردنی هەوڵەکانی بەهاری پراغ بۆ بەدیموکراسیکردنی سیاسەتی سۆشیالیستیو دەسەڵاتی خۆپیشاندانەکانی کرێکارانی ساڵی 1970و دەرکەوتنی بزوتنەوەی مافەکانی مرۆڤو هاوپەیمانیی بەبەرهەمی نێوانی کرێکارە هۆشیارەکانو رۆشنبیرە جیاخوازەکان، هەموو ئەمانە بەشدارییان هەبوو لە دەرکەوتنی ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ ئۆپۆزسیۆنی رێکخراوو گورجی پۆلۆنی.

ئەم بزوتنەوەی ناڕەزاییدەربڕینانە هەوڵی ئەوەیان دا سنورێك بۆ دەسەڵاتی سیاسی دابنێن، بەوەی، کە تەنها لەناو بوارە تایبەتەکەی خۆیدا کۆتی بکەن. هەروەها گرنگیی باشیشیان دا بە رێکخراوو پەیوەستە مەدەنییە سەربەخۆکان. نیگەرانیی ئەوەشیان نەبوو وێرانەیەکی سیاسی لەکارەکانیانەوە بێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی کارەکانی خۆیانیان نەگەیاندبوو بە ئەو ئاستە توندە.

دروستکردنی رێکخراوو گروپە خۆبەخشییەکان ئامانجی ئەو خەڵکە جیاییخوازانە بوو. ئەوەتا (ئادەم مشنیك) جیاخوازێکی پۆڵەندی بوو، هەوڵەکانی خۆیی تەرخان کردبوو بۆ چالاکییەکی



دیموکراتانەی رەسەن، کە لەناو ئەو گروپە خۆبەخشانەدا پەیدابببێت، کە سەر بە دەوڵەت نین.

بەڵام مەسەلەو رووداوەکان بەو ئاسانییە بەرێوەنەچوون، کە ئەوان بیریان لێکردبۆوە. بەهەرحاڵ بۆیەکەمینجار لەمێژووی فەرمانڕەواییکردنی کۆمۆنستی لەپۆڵەندەدا کۆمەڵگەی مەدەنی سەریهەڵدا، توانیی لەگەڵ دەزگایەکی سیاسیی لاواز، بەڵام شەڕەنگێزدا گوزەران بکات. ئەو قەیرانە توندانەی، کە وڵاتە سۆشیالیستەکانیان پێدا تێپەڕبوون، وایانکرد بەرقەراربوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی سادەیش لاوازبێتو توانای ئەوەی نەبێت رکەبەریی سەروەریی دەسەڵاتی دەوڵەتی حزب بکات.

ئەوەتا (ڤاسلاف هەڤڵ 1936 ـ ؟) دەڵێ سۆشیالیزم دروشمبازییەکی بێمانایە، بەشێوەیەکی نەزۆکو پووچ وتەزا سیاسییەکان فراوان دەکاتەوەو دەیانباتە ناو کۆمەڵە گۆرەپانێکەوە، کە ئەسڵەن گۆڕەپانی خۆی نین، ئازادییەکی زۆرکەمی بۆ سیاسەتمەدارە بەهەڵپەکانو بیرۆکراسیەتە مشەخۆرەکەشیان تێدایە.

بۆیە بەلای ڤاسلاف هەڤڵەوە رۆڵی دەوڵەت بەوە دیاری دەکرێت، کە بریتییە لە بەرگریکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵە رێسایەکی دامەزراوەیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ناسیاسی، سەربەخۆ، فرەیی خۆرێکخەر. زۆر لە جیاخوازە ئەوروپاییە رۆژهەڵاتییەکان هەستیان

بە ئەو بنەما دەستکردانە کردبوو، کەلەئەنجامی بەرپابوونی جەنگی جیهانیی دووەمەوە ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی  دەوڵەتی سەرکردەی وەکو یەکێتیی شووروەوی خۆشدەکرد، بۆیە دەیانویستو بەپێویستیان دەزانی ئەو بنەمایانە هەڵبوەشێننەوە. پەیمانی (یاڵتا) یەکێك لەو بنەمایانەبوو، کە ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکەی پێویستی بە وازهێنان لە پەیمانی وارسۆیش بکردایە، هەر دەبوو هەڵبوەشێندرێتەوە.

(ڤاسلاف هەڤڵ) جەخت لەوەدەکات پێویستە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی دژ بە سیاسەت بونیادبنرێت، لەبەرئەوەی خەونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەوشێوەیە دەبێ، گەر وابوو، ڕێگەیەکی دڵنیا بەرەو لێکجیاکردنەوەی لیبراڵییانەی نێوانی دەوڵەتو کۆمەڵگە دروست دەبێ. لەهەمان کاتدا ئەوە هەنگاوی بەرەو بەجێهێشتنی ئەو مارکسیزمەیش دەبێت، کە هەردووکیانی پێکەوە تێکەڵ کردبوو.

هەڤڵ دەڵێت: من سیاسەتێکی دژ بە سیاسەتم پێ باشە. واتە سیاسەتێك، کە لەسەر شێوەی تەکنەلۆژیای دەسەڵاتو مانۆڕکردن نەبێت، تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکردنی سیبەرنیتیکییانەی مرۆڤەکان نەبێت. سیاسەتێك نەبێت بوبێتە هونەرێکی پاراستنی بەرژەوەندی، بەڵکو ڕێگایەکی نێو چەندان ڕێگەی تربێت بۆ گەیشتن بە ژیانێکی مانادارو بەرقەرارکردنی ئەو ژیانەو پاراستنو گرنگیپێدانی.



هەروەها وتوشیەتی: سیاسەتێکی وام پێباشە ئاکارێکی پراکتیکییانەبێت، خزمەتی حەقیقەت بکات، بەشێوەیەکی بنەڕەتییش بەپێی پێوەرە مرۆڤایەتییەکانی  ئادەمیزاد خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات.

لەبەشی زۆری کۆمەڵگە مەدەنییە ئەوروپییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەم تێزی مرۆڤدۆستییە پاڵپشتو میسداقیەتی پەیداکردبوو. کەوابوو ئیتر پێویست بوو گۆڕەپانەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە بۆئەو گۆڕەپانانەی، کە بەشێوەیەکی شەرعی لەبەردەم بەشدارییەکانی دەوڵەتو ڕۆڵە پێویستەکەیدا کرابوونەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕەپانانەی، کە تەرخان بوون بۆ کردە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی  کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمەش مانای جیاکردنەوەی بازاڕ لە سیاسەت دەگەیەنێت، وەك هەنگاوێکیش مانای ئەوەی دەدا، کە ئیتر ئابوری لەلایەن دەوڵەتی حزبەوە ئاراستەی پێنەدرێت. ڕۆیشتن بەم ئاراستەیەدا بەڕوونیو ڕاستەوخۆ تێماندەگەیەنێت، کە ئیتر لۆژیکی بازاڕی سەرمایەداریو موڵکدارێتیی تایبەتی هاتوونەتەئاراوە، بەپێی ئەو تیۆرە لیبراڵانەش، کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکۆڵنەوە، کەی ئەم دووانە هاتنەئاراوە, دەبنە ڕێگەیەك بۆسەرهەڵدانی دیموکراسیی سیاسی.

خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە, کە سەرکەوتنی ئازادییە سیاسییەکان لە یەکێتیی شوورەویدا دەوەستێتە سەر

زیندووكردنەوە، یان سەرلەنوێ بووژاندنەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی (لەمەشەوە چەند هێزێكی كێبركێكار لەگەڵ دەوڵەت، یان هاوشانی دەسەڵاتی دەوڵەت) دێنەئاراوە. ئەمەش لەڕاستیدا پشت بەوە دەبەستێت مافی موڵكداریێتیی تایبەتی دابین بكرێو بازاڕیش بژێندرێتەوە، بە بازاڕی كاڵا سەرمایەدارییەكانیشەوە. هیچ داتایەكی دڵنیا بەدەستەوەنییە لەبارەی پەیوەندیی نێوانی موڵكداریێتیی تایبەتیو ئازادییە سیاسییەكانەوە، چونكە موڵكداریێتیی تایبەتی دەتوانێت بنەمایەكی پێویست بۆ ئازادییە سیاسییەكان دابین بكات، بەڵام كارەكە بەوە مەیسەر نابێت، چونكە ئەو بنەمایە بەس نییەو بەش ناكات. تاكە شتێك لێی دڵنیابین, ئەوەیە هەوڵی تێكشكاندنی موڵكیەتی تایبەتیو بازاڕ سەرەتایەكن بۆ لەدەستچوونی ئازادییە سیاسییەكانو نزمبوونەوەی پێوەرەكانی ژیان.

هەوڵی فیكریی ئەوروپای رۆژهەڵاتو بیریارانیان بۆ دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی لەناو سیستمی سۆشیالیستیی بەرقەرارداو لەپێناوی بە دیموكراتكردنی كۆمۆنیستەكاندا بە دوائاكام گەیشتو ئاكامەكەش ئەوەبوو خزانە ناو باوەشی(با بڵێین تۆڕی) بازاڕی سەرمایەدارییەوە.

بیرۆكەی ئەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی خۆی حوكمی خۆی بكاتو بەبێ دەستتێوەردانی حزبە سیاسییەكان بەڕێوەبچێت، تەنها



خەیاڵێكەو هیچی تر. ئەوەشی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا زیندووكرایەوە, كۆمەڵگەی مەدەنی نەبوو، بەڵكو سەرمایەداری بوو.

بەڵام ئەی كۆمەڵگەی مەدەنی لە جیهانی سەرمایەداریدا چۆنە؟

دەستەیەكی بیریاران لە دیاردەیەكیان كۆڵیوەتەوە، كە كەوتبووە بەرفراوانبوونو ئاستی پانتری بەخۆیەوە دەگرت، كە دیارە دیاردەیەكی هەڕەمەكییانە نەبووە، بەڵكو ئاكامێكی حەتمییانەی خودی بونیادی سەرمایەداری بووە، ئەویش دیاردەی بەكاڵاكردنی ژیانو گۆڕەپانی گشتی بووە. لەبەرئەوەی كۆتایی ساڵانی شەستەكان بزوتنەوەی ناڕەزاییدەربڕینی جەماوەریی زۆرو قەیرانی گەورەی بەخۆیەوە بینی, زۆربەی بیریارانی رۆژئاوا روویانكردە كارەكانی بیریارو تیۆركاری سیاسیی ئیتالی (ئەنتۆنیۆ گرامشی). چونكە گرامشی لەو دەمەدا گرنگیی بە چەند مەسەلەیەكی بنچینەییو سەرەكیی سەردەمەكە دەدا، وەك هۆكاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەكەم لەلایەن هێزە سەرمایەدارەكانەوە، شۆڕشی روسیەو قەیرانی سەختی ئابوریو كارە پرۆلیتارییە دیارو گەورەكان. بۆیە چەمكی (هەیمەنە)ی بەكارهێنا بۆئەوەی لە تێگەیشتنی مەسەلە ئایدیۆلۆژیو كەلتورییەكاندا سوودی لێوەربگرێت.

گرامشی هەوڵیداوە راستیی جیاوازییە بنەڕەتییەكانی نێوان دەوڵەتی رووسیای پێش شۆڕشو دەوڵەتی رۆژئاوایی پیشان بدات.

بۆیە بۆی دەرکەوتووە، کە لاوازیی دەوڵەتی رووسیای پێش شۆڕش‌و لەرزۆکییەکەی‌و نەتوانایی ئەو دەوڵەتە بۆ پشتبەستن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کە بتوانێت پشتگیریی لێبکات‌و پاڵپشتییەکی بۆ دابین بکات، لەکاتی رکەبەرییەکاندا پشتگیریی بکات، هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی بوون. بەڵام لە دەوڵەتی رۆژئاواییدا شتەکان بەپێچەوانەی ئەمانەوە بوون. چونکە دەوڵەتانی رۆژئاوایی توانییان نەریتی دیموکراسییانە پەرەپێبدەن، رژێمگەلێکی دەسەڵاتداری وایان هەبوو، کە رووخاندنیان ئاسان نەبوو، کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی واشیان دروستکرد، کە لەکاتی هەڕەشەی رووخاندا پشتگیرییان لێبکەن. بۆیە لەبەر ئەم هۆیانە گرامشی دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ناکرێ ئێمە لەناو جیهانی رۆژئاوادا چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەی شۆڕشی بەلشەفی بکەین. لەبەرئەوەی شۆڕشی رووسی شتێك نییە کۆپی بکرێتەوە. دەبێ رۆشنبیرانی رۆژئاواو بزوتنەوە پرۆلیتارییەکانیشیان گرنگی بە سروشتی ئەو ئایدیۆلۆژیاو کەلتورانە بدەن، کە لەلای خۆیان باوە. چونکە ئەمانەیان لەڕێگەی پشتگیریکردنی سەرمایەدارییەوە دەتوانن دەماری خۆیان بەهێزبکەن.

چونکە دەوڵەتی بۆرژوازی سەرباری سەپاندنی ناچارکردنی خەڵك بەشێوەی رێکخراوو یاسایی، لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیاشەوە دەسەڵاتی خۆی پیادەدەکات. هەرچی هەیمەنەیە لەڕێگەی پەسەندکردن،



کۆدەنگی‌و هاریکارییەوە بەڕێوەدەچێت. ئەم پێوەرانەش هەموو پنت‌و گۆشەکانی کۆمەڵگەیان لەرزاندووە. لەناو هەیمەنەیەکی کەلتوری‌و ئایدیۆلۆژیدا هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان رێکدەخەن، بۆیە هەیمەنەکردن کارێك بووە سەرچاوەکەی چووتەوە سەر بونیادی سەرخانی کۆمەڵگەو لەویشدا بەرجەستەبووە. بۆیە لێرەوە ململانەکردنی پرۆلیتاریا لە رۆژئاوادا ئاسان نابێت، ماوەیەکی زۆری کات دەخایەنێت. هەر لەو ململانەیە دەچێت، کە بۆرژوازیەت پێویستی پێی بوو لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بەڕێوەیبەرێت.

قوتابخانەی فرانکفۆرت هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سەرقاڵی پشکنینی شێوەو رەچەڵەکەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی نوێ بوو، لەم ئاراستەیەیشیدا پشتی بە تێزە مارکسیستییەکان‌و دەستکەوتە فیکرییەکانی زانستەکانی کۆمەڵناسی‌و دەروونناسیی نوێ بەستبوو، بۆئەوەی بتوانێت تیۆرێکی رەخنەگرانە گەڵاڵە بکات، دوواییش ئەو تیۆرە هەر مایەوەو لەگەڵ وەچەکانی سەر بەو قوتابخانەیەدا گەشەیکرد. لەم قوتابخانەیەدا (ماکس هۆرکهایمەرو تیۆدۆر ئەدۆرنۆ) پەرەیان دا بە کارەکانی گرامشی، ئاماژەشیان بۆئەوە کرد، کە توانای روو لە زیادبوونی کەلتورو ئایدیۆلۆژیا دەتوانێ کۆمەڵگەی مەدەنی رێکبخات. ئەم دوو بیریارە توانییان چەند بەهایەکی نوێ دەستنیشان بکەن، کە لەناو کۆمەڵگەی

رۆژئاواییدا دەردەکەوتن و پەیوەندیی توندیان بە بونیادەکانی سەرمایەدارییەوە هەبوو. دیارترینی ئەو بەهایانە بەهای بەکاربەری بوو لەگەڵ تەشەنەکردنی کەلتوری بەکاربەریدا. زۆربەی رەخنەکانی ئەم قوتابخانەیە لە دەوری ئەم تەوەرەیە کاردەکەن.

ڕەچەڵەکی ئەم بەها نوێیانە دەچێتەوەسەر خودی چاخی رۆشنگەری، واتە ئەو سەردەمەی، کە عەقڵانیەت سروشتی کرد بە تەنها بەرهەمهێنانی کاڵاو هیچی ترو کەوتە دژایەتیکردنی هەموو بەها ناعەقڵانییەکانی تری وەکو ئەفسانە، بۆیە زۆرترین سەودابیەکانی لەدەوری شتەکاتییەکانی ئەو سەردەمە دەسوڕایەوە. ئیتر ئەم بەهایانە بوونە تاکە سیمای ژیان و ئەڵتەرناتیڤێکی تریان نەبوو. ئیتر مەترسییەکانی دەسەڵاتی نوێ و دەستی دەستیکردنەکانی لەمەوە دەرکەوت، چونکە کاری ئەو دەسەڵاتە هەر لەوەدا نەمابوو پشت بە هێزو کاری زۆرەملەیی ببەستێت، بەڵکو هەر لەڕێگەی هەمان کەلتورو ئایدیۆلۆژیاوە خۆیی دەسەپاندەوە. بۆیە لەمەوە مەسەلەی ئاشکراکردنی ئەو وەهمەی لەناو دەسەڵاتدا کاردەکات دەبێتە شتێکی ئەستەم و لەوانەشە هەر ئاشکرا نەبێ، کەوایە ئەو دەسەڵاتە رژێمێکی زاڵم و ستەمکارە، بەڵام سەرنجڕاکێشیشە.

ئەگەر (هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ) جاڕی ئەوەیان دابێت، کە دەسەڵاتی سەرمایەداری لە کۆمەڵگای رۆژئاوایدا گەیشتۆتە لوتکەی



خۆی، ئەوا (هێربەرت مارکۆزە) لە کتێبی (مرۆڤی تاك رەهەند)دا کارێکی وای کردووە، کە هێزە پەراوێزکەوتووە نوێیەکانی تری جگە لە پرۆلیتاریای لە پێشەنگی ئەو هێزانەوە داناوە، کە دەتوانن ئەو هەلومەرجە بەرقەرارەی سەردەمی خۆیان بگۆڕن بە شۆڕش، ئەم کتێبەش کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەبوو لەسەر پەشێوییەکانی ساڵانی کۆتایی شەستەکان. ئەو هێزانەش بزوتنەوەی خەڵکە رەنگ جیاوازەکان و ژنان و خوێندکاران و گەلانی ژێردەستە دەگرێتەوە، چونکە سەرمایەداری توانیبووی پرۆلیتارەکان تێکەڵکێشی کۆمەڵگە بکاتەوەو توانای ئەنجامدانی گۆڕانکاریشیان لێ بسەنێتەوە.

مارکۆزە لەو بڕوایەدایە، کە ئەم هێزە پەراوێزخراوانە توانای ئەوەیان هەیە دەسەڵاتی باو بچوك بکەنەوە، نەیهێڵنەوەو ئەڵتەرناتیڤی تری بۆ بهێننەئاراوە، راگەیاندنی ئەم ئومێدەی مارکۆزەو زاڵبوونی دیاردەی بەکاڵاکردن کاریگەریی گەورەیان لەسەر فراوانبوونی ئاستی جەماوەریی مارکۆزە هەبوو. بەڵام گومانیش لەوەدانییە، کە هاوڕاییەکی هەبووە لەگەڵ هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆدا بەتایبەت لەو بارەیەوە، کە ئەوان رەخنەیان لە چاخی رۆشنگەری گرتووەو وتویانە ئیدارەی بیرۆکراسییانە دێنێتەئاراوەو سروشتیش دەگۆڕێت بۆ کاڵا.

جیهانی تەکنیك و کەلتورو سیاسەت و ئابوری سیستمێکن بوونێکی تەواوو گشتییان هەیەو توانای لووشدانی هەر ئەڵتەرناتیڤێکی تریان

هەیەو مرۆڤیش بچووك دەكەنەوەو وایلێدەكەن یەك ڕەهەندی هەبێت، كە ئەویش ڕەهەندی بەكاربەریی بێت. لێرەوە هۆشیارییەكی نوێ لەلای خەڵك دروست دەبێ، بە دەربڕینی ماركۆزە ئەو هۆشیارییە بریتییە لە (هۆشی ئاسوودە)و هۆشێكە پێیوایە هەرشتێك هەبوو، ئەوا پێویستیی بوونەكەی لەئارادایە, بۆیە ماوە.

گشتگیرییەكی تر هەیە لەلایەن كۆمەڵگە پیشەسازییە پێشكەوتووەكانەوە پاڵپشتیی لێدەكرێو دەكرێ بەرهەمهێنانی بەردەوامی كەرەستەو پێداویستییە زائیفەكان(ئەوانەی بەشێوە جوانن‌و وەك بەكارهاتن سوودی زۆریان نییە–و) بە سیمایەكی ئەم گشتگیرییە دابنێین. ئەو پێیوایە كە كۆمەڵگەی پیشەسازیی هاوچەرخ لەڕێگەی ئەو شێوازەوە توانیویەتی گشتگیر ببێتەوە، كە بناغە تەكنكیكییەكانی خۆیی پێ ڕێكدەخات. بۆیە گشتگیریبوون تەنها ڕێكخراوبوونێكی سیاسییانەی تیرۆریستانەی كۆمەڵگە نییە، بەڵكو كارسازییەكی تەكنیكیی ئابوریی نا تیرۆریستییە، كارەكەشی بریتییە لە یاریكردن بە پێداویستییەكان، لەژێر پەردەی پاراستنی بەرژەوەندییەكاندا. بەمەش لەوە دەربازی دەبێت، كە وەكو نەیارێكی كارای دژی بەرژەوەندیی هەموان دەربكەوێ، بۆیە ئەوەی كە كار بۆ دەركەوتنی نەزعەی گشتگیری دەكات، تەنها شێوەیەكی دیاریكراوی حكومەتێك، یان حزبێكی فەرمانڕەوا نییە، بەڵكو سیستمێكی دیاریكراوی شێوەی بەرهەمهێنان‌و دابەشكردنیشی



هەیە، كە لەوانەیە لەگەڵ فرەحزبێتی‌و بوونی ڕۆژنامەكان‌و هێزەكانی پاراستنی هاوسەنگیشدا هەڵبكاتو یارمەتیدەریش بێت بۆ دەركەوتنی گشتگیری.

كارەكانی (یۆرگن هابرمان) بە پەرەپێدانێكی ڕاستەقینەو پاراوی كەلەپووری قوتابخانەی فرانكفۆرت دادەنرێن. ئەم بیریارە ئەڵمانییە لە گەڵاڵەكردنی تیۆرەكەی خۆیدا چەندان مشتومڕی جۆراوجۆری زمانەوانی، فەلسەفی، كۆمەڵایەتی‌و دەروونیی هێناوەتەئاراوە.

هابرماز هەوڵە هزرییە نایابەكانی خۆیی بە باسكردنێكی مێژوویی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی گۆڕەپانی گشتیی گوتارخوێندن دەستپێكرد، كە دیارە ئەو گۆڕەپانەش لە ژیانی كۆمەڵایەتیی ئێمە بەولاوە چیی دیكە نییە.

لیبراڵیزم‌و بزوتنەوەی بازرگانیكردن وایانكردووە گۆڕەپانی گشتی وەكو پێداویستییەكی جووڵەی ناوبازاڕو پێداویستیی ئەو بازرگانانەی، كە بۆ ئاڵوگۆڕپێكردن‌و سەرۆكاریكردنی كارەكانی خۆیان چوونەتە ناو گۆڕەپانە گشتییەكانەوە بۆئەوەی زانیاریو هەواڵی پێویست وەربگرن، بێتەئاراوە. لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕەپانی گشتی پێكدێتو ئازادیو چالاكیی عەقڵیی ڕەخنەگرانەشی تێدا پەیدا دەبێو دەتوانێت سنورێكیش بۆ دەوڵەتو پیاوانی سەر بە دەوڵەت دابنێت.

بەڵام هەر زوو هەلومەرجەکە گۆڕاو دەسەڵاتی بازاڕ بەهێزەوە خۆیی سەپاند، ئیتر گۆڕەپانی گشتییش، کە لە سەرەتاوە لەڕێگەی عەقڵەوە دروست دەبوو وایلێهات, لەڕێگەی چەند بەرژەوەندییەکی چینایەتیی سەرپێییەوە پێکدەهات. هابرمازیش داخورانی سەربەخۆییەکەی گۆڕەپانی گشتیی گەڕاندەوە بۆ بەکاڵاکردنی گشتیی ژیان. لێرەوە ئیتر گۆڕەپانی گشتی لەبریی ئەوەی تێڕامانێکی عەقڵییانەی رەخنەگرانەبێت، بوو بە تەنها بەکاربەرییەکی کەرەستە بێکەڵکە قەڵبەکانو هیچی تر.

ئەم گۆڕەپانەش بەهۆی جاڕدان(واتە ریکلامکردن)و نمایشکردنەوە گۆڕاو بوو بە پرۆسەیەك بۆ دروستکردنی کۆیلایەتیو ملکەچکردن. چۆن خودی گۆڕەپانە گشتییەکە بوو بە ئامرازێکی هەڵخەڵەتێنەر, کە سیاسەتمەدارەکان بۆ دروستکردنی کۆمەکێکی رەوتەنییانە پشتیان پێدەبەست، ئاواش (کۆدەنگی) بووە ئامرازێكو کەوتە خزمەتی بەکاربەرییەوە.

ئەوەی گۆڕەپانی گشتیی گرت, بریتی بوو لە پێشبڕکێکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. ئەگەر بەرژەوەندییە لاوەکییەکان جارێك بواریان بەوە دابێت گفتوگۆکردنی گشتی بتوانێت ببێتە شتێکی عەقڵانیو کاریگەر، ئەوا ئەمڕۆ ئێستا دیمەنی بەرژەوەندییە رکەبەرەکان بەسەر سیمای ئەو گفتوگۆکردنەدا زاڵبووە. ئەو کۆدەنگییەی، کە لە مشتومڕە گشتییە رەخنەگرییە عەقڵانییەکەوە



هاتەئاراوە, توانیی مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە، یان سووکو ئاسان بڵێین توانیی تێزی ناگشتییێتی بسەپێنێت. ئیتر هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەوە نەمابۆوە بەهانە بۆ مانەوەی ئەو یاسایانە بهێنرێتەوە، کە بەمشێوەیە دەهێنرانەئاراوە، گوایە رەگەزەکانی گشتگیرییان تێدایە، چونکە گۆڕەپانە گشتییە سەرەتاییەکەیان (واتە ئەو گۆڕەپانەی، کە بەڵگەی پێویستبوونی خۆیانیانی تێدا پێشکەش دەکەن), هەرەسی هێنابوو.

لەبەرامبەر ئەم هەرەسهێنانە گشتگیرەی بەها عەقڵییە رەخنەگرانەی ناو کۆمەڵگەی کاڵاساغکەرەوەی هاوچەرخدا, هابرماز هەوڵدەدات تێزێك بێنێتەپێشەوە, کە ناوی دەنێت (ئاکاری گوتاری)، کە ئاکارێکە بەردەوامبوونی ئازادانەی راستەقینە دێنێتەئاراوەو خۆشنوودیی هەموانیش لە زاڵیی بەرژەوەندییە لاوەکییە تایبەتییەکان دەپارێزێت. ئومێدی ئەوەی هەیەو دەیەوێت لەڕێگەی ئەم مۆرکە ئاکارییەوە چرکەساتێکی مێژووییمان بۆ بگەڕێنێتەوە، کە تیایدا گۆڕەپانی گشتی بریتی بوو لە بەرجەستەبوونی مشتومڕکردنی ئازادانە. هەروەها سووربو لەسەر ئەوەش، کە گوتارەکەی رووی لە هەمووانەو هەمووان بۆیان هەیە دەعواکانی خۆیان بەشێوەیەکی عەقڵانیی پەسەند پێشکەش بکەن. دێت داوای ئەوەش دەکات گۆڕەپانی گشتی بتوانێت سەرپەرشتیاریی کاروباری سیاسیو ئابوریو ناوەندەکانی دەسەڵاتیش بکاتو ئەو

سەرپەرشتیکردنەش لەڕێگەی ئەو ڕێکخراوو دامەزراوە حکومی ونائابورییانەوە بێت، کە کۆمەڵگەی مەدەنیی نویٚ پێکدەهێنن. چونکە زۆر لە مەسەلەو گرفتەکانی وەکو پیسبوونی ژینگە، مافی مرۆڤ، هەڵاواردنی نێوانی ژنو پیاوو چەکی ئەتۆمی, هەموویان هەر لەلایەن ئەم دامەزراوەو ڕێکخراوانەوە وروژێنراون، بۆئەوەی بیشیاندەنە دەستی هەموو دامەزراوەکانی تری ناو کۆمەڵگە، بێگومان ئەو گواستنەوەیش پشت بە ئەوە دەبەستێت، کە ئایا کەسی هاوولاتی تاچەند رووحی دەستپێشخەریکردنی تێدا هەیە. ئیتر ئەم مەسەلانە دەبنە بابەتی قسەوباسی راگەیاندنو لەوێیشەوە دەگەن بە بەرفراوانترین ئاستی ناو گۆڕەپانی گشتی. چونکە هەندێك لەو مەسەلانەی، کە جاران داخراوبوونو هەر تەنها لەناو چێوەی خێزاندا بوون، ئێستا بوون بە بەشێکی ناو گفتوگۆکردنی ئاشکرای گشتی.

هۆکاری ئەو گەندەڵبوونەی گۆڕەپانی گشتیی گرتۆتەوە لە چەمکێکی بیریارێکی ئەمریکیدا دەبینین. ئەو بیریارە ناوی (ڕیچارد سێنیت)ەو پێیوایە کۆمەڵگەی سۆزداری، کە لەسەر شەیدایيو سۆزو پەیوەندیی خزمایەتیو هاوڕێیەتی رادەوەستێت، کۆمەڵگەیەکە ئایدیۆلۆژیای بێزراندنو دوورخستنەوەی خەڵکانی نامۆ بۆ خۆی لەبەرچاو دەگرێت. ئەمە لەکاتێکدایە، کە گۆڕەپانی گشتی پێویستی



بە خەڵکانی نامۆیش هەیە بۆ بەشداریکردن لە پێکانو گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکاندا.

گۆڕەپانی گشتی بریتییە لە گۆڕەپانی پەیوەندییە ناکەسێتییەکان، واتە ئەو پەیوەندییەی پێویستیی بەوەنییە کەسەکان یەکتری بناسن. چونکە کاری هاوبەش هەلومەرجێکی وانییە پێویستی بەوە هەبێت لەسەر بنەمای سۆز گونجانی تێدابێت. بەڵکو سازانو گونجانەکەی لەسەر بنەمای چەند ئامانجێکی هاوبەشە، هەموان کار بۆ هێنانەدییان دەکەن، بە خودی خەڵکە نامۆکانیشەوە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتی نییە لە هۆزێك. بۆیە چەمکە باوەکانی ئەمڕۆی کرانەوە بەڕووی خەڵکانی تر داو ناسینیان بە تەواویو رەسەنکردنەوەی ناخی مرۆڤ لەسەر پەیوەندیبەستن بەو کەسانەوە لەوە زیاتر هیچی دیی کە نییە, کە کۆمەڵە ئەفسانەیەك بێت کار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی وابکات، هەموو خەڵکێکی نامۆ رەت بکاتەوەو دووریشی بخاتەوە.

گرنگیدانی زۆر بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەریی گەورەی خستۆتەسەر ژمارەیەکی زۆری کەسێتییە سیاسیو فیکرییەکانی ناو کۆمەڵی ئەمریکی، بۆیە دەستیانداوەتە تاوتوێکردنی ئەم چەمکە، بەتایبەتییش لەو رۆژگارەی شەڕی سارددا، کە پێویستی بە بوونی ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتیی وا هەبوو لەو دەمانەدا پشتگیریی سیاسیەتەکانی ئەمریکا بکات، بۆیە ئاراستەی فرەیی یەکێك لە

دیارترینی ئەو ئاراستەیانە بوو. دیارە فرەییەکانیش لەوکاتەدا لە سفرو دەستی خاڵییەوە دەستیان پێنەکرد، چونکە کۆمەڵە چەمك و بۆچوونێکی وایان هەبوو، کە لە پەنجاکان و شەستەکانەوە گەڵاڵە کرابوون و کەلەپوورەکەی (تۆکفیل) یشیان لەبەردەستدابوو. بەڵام لە کەشێکدا دەژین, جیاوازە لەو کەشەی پێشوویان. چونکە کۆمەڵگەی ئەمریکی کەڵەکەبوونێکی بێوێنەی نایەکسانیی بواری ئابوریی بەخۆیەوە بینیووە. جیاوازیی ئابوریی نێوانی خەڵکەکە بەشێوەیەکی بەرچاو تاوی سەندووە، تا وایلێهاتووە بووە بە گرفتێکی وا، کە بەدوای چارەسەری خێرادا دەگەڕێت، چارەسەرێك داخورانی ئەو بارودۆخە رابگرێت پێش ئەوەی ببێتە کارەساتێکی چارهەڵنەگر.

بۆیە فرەییەکان لە چەمکی (گروپی بەرژەوەندییە رکەبەرەکان)ەوە دەستیان پێکرد، بۆئەوەی ئەو چەمکە وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئاراستە ناپەسەندە چەپڕەوییەکان دابنێن. کۆڵەکەی راگرتنی ئەم ئاراستەیە بریتییە لە دروستکردن و هەستاندنەسەرپێی ئەو پەیوەستە میانکارانەی دەتوانن خواستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان گەڵاڵە بکەن و بیانخەنە پێشچاوی دەستەبژێرە سیاسییەکان بەبێ ئەوەی کارێکی وابکەن رژێمە سیاسییەکە بلەرزێنن. سەرۆك (ترومان) ئەم ئاراستەیەی ناونا چەمکی (ڕێساکانی یارییەکە), کە ماناکەی دەکاتە ئەوەی گوایە



گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان بەشداریی لەو گەمە سیاسییە دیموکراسییانەدا دەکەن، کە لەسەر پنتی مونافەسەکردن و رێزگرتن لەکەسی نەیارو پەنانەبردن بۆ توندوتیژی لەکاتی دۆڕاندا رادەوەستێ.

ئامانجی فرەییەکان بریتییە لەوەی کارێکی وابکەن بەرژەوەندیی گروپە مونافەسەکارەکان جێگەی سیاسەتە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکە بگرێتەوەو بڕێکیش لە توندیی جیاوازیی ئابوریی کەم ببێتەوە، یان لەوانەیە بیانەوێ یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە.

کارکردن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی کاراکردنی فاکتەرە ناسیاسییەکان لەناو ئارامییەکی سیاسییدا دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستەیش دەبوو کەلتورێکی سیاسییانەی وا گەڵاڵە بکرێت، پشتگیریی ئەم ئاراستەیە بکات.

کتێبی (کەلتوری مەدەنیەت)ی هەردوو نوسەر (گابرێڵ ئاڵمۆندو سیدنی فێربا) تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیەی لەئەستۆی خۆی گرتووە. ئەم دوو نوسەرە پێیانوایە، کە سێ ئاراستە هەن چالاکیی سیاسییانە گەڵاڵە دەکەن و پێکیدەهێنن. یەکیان ئەو کەلتورە بەرتەسکەی جیهانی سێیەمە، کە بەوەدا دەناسرێتەوە ئاستێکی نزمی بەرژەوەندیو دڵسۆزیی تێدایە، ئەوی تریان کەلتورە ملکەچکارەکانی ناو کۆمەڵگە کۆمۆنیستییەکانە، لەگەڵ ئەو کەلتورە

هاوبەشییەدا، کە جیهانی ئەنگلۆساکسۆنیی پێ جیادەکرێتەوە لە ئەوانی تر.

ئەم دوو نوسەرە ئامۆژگاریی حکومەتەکانی جیهانی سێیەم دەکەن، بەوەی دەبێ لەکارکردنی خۆیاندا ئەم سێ ئاراستەیە بەهەند وەربگرن. دیارە بەپێی ئەو ئەزموونە پەرلەمانییە دانسقەیەی بەریتانیای پێدا تێپەڕ بووە, دەتوانیین بلێین ئەو وانەیە کەڵكو سودێکی زۆری هەیە، چونکە ئەو دوو نوسەرە پێماندەڵێن بەریتانیاش بەپێی ئەو پێوەرانە بەبێ زیانو بەبێ لەرزاندنی رژێمی سیاسی توانیویەتی ئەو وەرچەرخانە گەورەیە لەلای خۆی دروست بکات. بۆیە وانە سیاسییەکە ئەوەیە چەند بەشداریکردنی هاووڵاتییان لەکاروباری سیاسەتدا گرنگ بێت, هێندە سەرقاڵبوونەکەیان تێیدا وێرانکەرانە دەبێت، لەمەوە دەبێ بوار نەدەین هاووڵاتیان بێنە ئەم بوارەوەو لایان بدەین لە بوارەکەو وایان لێبکەین تەنها سەرقاڵی ئەو کارانەبن، کە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتیی خۆیانەوە هەیەو کاروباری سیاسەتیش بە خەڵکانی تر بسپێرن. بۆ ئەمەش پێویستە جیهانە کۆمەڵایەتییەکەیان بۆ پڕبکرێتەوە لە بەرژەوەندیی تایبەتی، بۆئەوەی هەموو کاتەکانی خۆیان بۆئەو بەرژەوەندییانە تەرخان بکەنو بەپیری مەسەلە خێزانییەکانی خۆیانەوە بچن.



کارڕاییکردنی بەرژەوەندیی سیاسییش دەبێتە ئەرکی سەرشانی ئەو دامەزراوە میانکارانەی کە لەنێوانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەسەلاتی سیاسیدا رادەوەستن.

چەند هەوڵێکی نوێ دەرکەوتن دەیانەویست ئەو رووحە مەدەنییە ئەمریکییە نەریتییە زیندوو بکەنەوە، کە شارە ئەمریکییەکان بەخۆیانەوە بینیبویان. ئەو رووحەش بەلای (تۆکفیل)ەوە مایەی بێزاری بوو. رێبەرانی ئەم ئاراستەیە بریتی بوون لە (کۆمەڵەییەکان) ئەوانەی، کە بەرژەوەندیی کۆمەڵیان لەپێشی شتەکانەوە دادەناو بەپێچەوانەی لیبراڵەکانەوە بوون. ئەوشتەی، کە کۆمەڵەییەکانی یەکدەخست, بریتی بوو لەو نەریتە درێژانەی, کە کەسێتیی هەرکام لە ئێمە پێکدەهێنێت. بۆیە چەسپانی ئەو نەریتانە لەناخی تاکەکەسو کۆمەڵدا، بەڕێگای جیاواز ئەو رووحە دانسقەیە دروستدەکات، کە لەناو کۆمەڵەکەدا دروستدەبێو دەبێتە راگری کۆمەڵەکەو ستوونی بوونەکەیشی. بۆیە ئێمە بە مەبەستو خواستێکی روونو بە هۆشی خۆمانەوە پێك نەهاتووین، بەڵكو کەلەپورێك هەیە بەدرێژایی چەندان سەدە درێژ دەبێتەوەو پشکی لە گەلاڵەکردنی ئارەزووەکانماندا، لە کەسێتیو شێوەی بیرکردنەوەماندا هەبووە. ئەمەش دەستەگەرییەکە گروپەکان لەناو خۆیاندا یەکدەخات. لەمەوە ئەم هەڵوێستە بوو بە رێگایەك بۆ بووژاندنەوەی ئەو رووحە گروپییەی کە لەناو شارە ئەمریکییەکاندا

باو بوو، بۆ رووبەڕوو وەستانەوەی بیرۆکراسیەتو ئابوریی گشتگیری بە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی نەریتە باوەکانی کۆماریو رووحی ئینجیل. ئامانج لەمە بریتی بوو لە خۆدەربازکردن لەو قەیرانەی کە تاکەکەسی ئەمریکی خۆیی بە هەڵپەسێردراوی تێدا دەبینییەوەو هۆکاری قەیرانەکەش دەگەڕاییەوە سەر پێکداهەڵپڕژانی گروپی بەرژەوەندییە ئابورییە کێبەرکێکارەکانو پەرتبوونی رووحی کۆمەڵەکانو زاڵبوونی رووحی تاکەکەسی.

هەرچی (رۆبەرت بوتنام)یشە, لەلای خۆیەوە هەوڵدەدات هۆکارەکانی داخورانی رووحی کۆمەڵایەتییانەی ناو کۆمەڵگەی ئەمریکی بدۆزێتەوە. دێت تێزەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی ئیتالی بەهێز دەکات، جەخت لەسەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە دەکاتەوە، کە خۆی ناوی لێدەنێت (سەرمایەی کۆمەڵایەتی)و دەڵێت لەنێوانی باکورو باشوری ئیتالیادا هەیە. سەرمایەی کۆمەڵایەتییش[2] بریتییە لە تەواوی خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو متمانە، پێوەرەکان، ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی لەناو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەنو بەهۆی خراپیی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانیت سەیری کتێبی ..سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی.. بکەیت، کە لەلایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە کراوە بەکوردی و لە سلێمانی چاپ کراوە-وەرگێڕ



رووحی کۆمەڵایەتییش خراپ دەبێت ئاستی کۆمەڵگەکان دادەبەزێننە سەر کۆمەڵگەیەکی نەریتی، کە ملکەچ دەبێت بۆ دەسەڵاتی باوکسالاریو زاڵێتی. ئەم شتانەیش بەڕوونی لە باشوری ئیتالیادا دیارن، کە دەمانێکەو ئێستاش بەهۆی بوونی مێژوویەکی درێژی پەیوەندیی ریزبەندییەوە دابەزینێکی ترسناک لە ئاستی رووحی کۆمەڵایەتیو رێزنەگرتن لە سەربەخۆیی کەسێتی بەخۆیەوە دەبینێت. کەچی لە هەمان کاتدا پێچەوانەی ئەم شتە لە باکوری ئیتالیادا دەبینینو لەوێ وێنەکە جیاوازە. لەوێ لە باکور وێنەکە تەواو جیاوازە، لەوێ کارایی هەیە، یەکسانیو ئازادی هەیەو تەنانەت کڵێساش ئەو ئامادەییەی نییە، کە لە باشور هەیەتی، ئەم رەوشە بە قورسی سێبەری خۆیی خستۆتەسەر گیانی بەشداریکردنی تاکەکەس لە سیاسەتو کۆمەڵگەدا.

بوتنام دەیەوێ لەسەر بنەمای ئەم شتانەی باسمان کردن هۆکارەکانی خراپیی رووحی کۆمەڵایەتی لەناو ئەمریکادا راڤە بکات. بۆیە دێت وێنەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر ئەمریکییەکان دادەڕێژێتو پێماندەڵێت ئەوانە (وایان لێهاتووە بە تەنها یاریی بۆلینگ دەکەن). دیارە ئەمەی ناو کەوانەکە ناونیشانی کتێبێکی ئەوە. باس لەوە دەکات کۆمەڵگەی ئەمریکی دابەزینێکی بەرچاوی لە بەپیرەوەچوونی سیاسەت لەلایەن خەڵکەوە بەخۆیەوە بینیوە. سیاسەتمەدارەکان رووحی گومان لەیەکترکردنیان زۆربووە، ئەگەرچی ئەو کۆمەڵگەیە

پەرەسەندنێکی باشی لە ئاستی فێرکردنو خوێندندا بەدەستهێناوە.

بوتنام هەموو ئەم دیاردە نەرێییانە، کە کۆمەڵگەی ئەمریکییان پڕکردۆتەوە, دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شتەی، کە خۆی ناویلێدەنێت (سەیرکردنی تەلەفزیۆن)و پێیوایە وەچەکانی ساڵانی پەنجاکانو شەستەکان هەموو کاتەکانی خۆیانیان لە سەیرکردنی تەلەفزیۆندا بەسەر بردووە، بۆیە ئەنجامەکەیان ئەوەبووە کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشاوەیان لێ دروست بووەو تاکەکانی گوێ بە یەکتری نادەن.

چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆی لەو پەتایە، یان بڵێین ئەو پەتا راستەقینانە نادات، کە دەبنە هۆی شیتاڵبوونی گیانی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی ئەو چەمکە چەمکێکی ئیجراییەو ئەو رۆڵە گرنگو گەورەیە فەرامۆش دەکات، کە هەریەکەی دامەزراوە ئابوریو سیاسییەکان دەتوانن لە شیتەڵبوونی ئەو گیانەدا بیبینن. هەروەها، کە بوتنام پێماندەڵێت (سەیرکردنی تەلەفزیۆن) هۆکاری سەرەکیی ئەو خراپییە بەرچاوەیە، کە دەیبینین، ئەوە دەیەوێ رەوتی راستەقینەی مەسەلەکانمان لێ پەردەپۆش بکات. کەمکردنەوەی بەهای دەوڵەت لە باکوری ئیتالیادا، لەلایەن بوتنامەوە گوێنەدانە بەوەی خودی ئەم دەوڵەتە چەندان سیستمو رژێمی جیاجیاو دژبەیەکی وەکو پاشاییو فاشیستیو کۆمۆنستیو کۆماریی بەخۆوەبینیوە. کۆمەڵگەی مەدەنی سەر بە دەوڵەتەو دەتوانێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاریبهێنێت، کە خۆی دەیەوێ.



لاوازیی ئەم بۆچوونەی بوتنامیش دەچێتەوەسەر ئەو لاوازییە کوشندەیەی لەناو هەموو ئەو باسە ئەمریکییانەدا هەیە، کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکۆڵنەوە، چونکە تائێستاو هێشتاش هەموویان چەمکەکانی (تۆکفیل) چەندپات دەکەنەوە، ئەگەرچی سەردەمێکی زەمەنیی زۆر بەسەر ئەو رۆژگارەدا تێ پەڕیوە، کە ئەم کۆچبەرە فەرەنسییە ئەو وێنایانەی خۆیی کردووە.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا نایەکسانییەکی ئابورییانەی قووڵ هەیە، داخورانێك رووحی کۆمەڵایەتیی خەڵکی گرتۆتەوە، کە چاوێك نییە نەتوانێت بیبینێت، گوێپێنەدانێکی بەربڵاو بە کاروباری سیاسی لەئارادایە، ئەم دیاردانەو زۆری تریش هەن، کە دەبێت بۆچوونی تر لەبارەی تاوتوێکردنیانەوە بدۆزینەوە. پێویستە زمانی ئەم گوتارە باوەی ئێستای بۆ بگۆڕین. فاکتەرە ئابوریو سیاسییەکان، رێگاو شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان و ژنان، دامەزراوە هاوشێوەکانی تر، دەزگاکانی تری ناو کۆمەڵگە، هەموو ئەمانە پێکەوە بارە واقعەکەی ئێستا دەسەپێننەوە، بۆیە دەبێ لە هەموو ئەمانە بکۆڵدرێتەوەو تەنها جەخت لەسەر زمانی رۆشنبیری یان ئاکاری نەکەین.

لەڕاستیدا سۆزی گەڕانەوە بۆسەر رووحە دێرینەکەی ئەمریکا ناتوانێت راڤەکردنێکی شیاومان بداتێ لەبارەی ئەو هەلومەرجەی ئێستا کۆمەڵگەی ئەمریکا تێیدا دەژیو ناشتوانێت چارەسەری

گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام (گرانت مەککۆنێل) پێیوایە ئەم جەختکردنە لەسەر (یەکە خۆجێییە بچوکەکان) دەبێتە لەمپەرێك لەسەر رێگەی هاتنەئارای دیموکراسی، لەبەرئەوەی چەند یەکەیەکن لەسەر کەلتوری ملکەچیو وابەستەییو شوێنکەوتن دامەزراون. ئەو شتە دێنێتەئاراوە، کە (سێنێت) ناوی دەنێت کۆمەڵگەی سۆزداری. ئەو سازانەی، کە یەکە بچوکەکانی پێ جیادەکرێنەوە لە شتەکانی تر, رووی لەوەیە بەپێچەوانەی دیموکراسیو مافی بەشداریکردنی خەڵکە جیاوازەکان کاربکات، لەبەرئەوە دەبینین سەرباری بۆچوونەکانی (ترومان) یش, دابەزینێکی بەرچاو هەیە لە ئاستی بەشداریی نیگرۆکانو هەژارانی ناو شارەکانو پەراوێزخراوەکاندا.

تەرکیزکردن لەسەر گروپەکانو زیندووکردنەوەی نەریتەکانی رێزلەیەکترگرتنو چالاککردنی بواری گشتیو هەموو ئەو شتانەش، کە پێیاندەوترێ هەستە باشەکان، هەرگیز ناتوانن شتێك پێشکەش بکەن، هیچ شتێکیان نییە پێشکەشی بکەن، جگە لە ئەو بێهیواییە قووڵەی بەناو دەمارەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا رۆچووەتە خوارەوە. بەم مانایەبێت کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییەکی نابێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا، چونکە بیرۆکەی سەربەخۆبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەوڵەتو لە بازاڕیش لە وەهمێك بەولاوە چیی دیکە نییە. ئەو دیموکراسیەتە راستەوخۆیەی کە لەناو بونیادە ناوخۆییەکاندا بەڕێوەدەچێت، هەر ئەوەیە، کە سەرنجی تۆکفیلی



راکێشاوەو کاتێك، کە پێوەری بەرژەوەندیی گشتی شتێکی روون بێت بۆ هەموان, ئەویش کاریگەرییەکی باشی دەبێت، بەڵام دیارە ئەمە لەسەر حسابی نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسییانەو پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەبێت. روونترین وێنەی ئەم باسە لەناو ئەنجومەنە نوێیەکەی شارەوانییەکانی ئینگلتەرەدا دەرکەوتو هەر ئەو هەڵبژاردنانەش بوون نوکی قەڵەمەکەی تۆکفیلیان بەوشێوەیە تیژ کردبوو. بەڵام دوایی ئەو ئەنجومەنانەش بەوشێوەیە دەرنەچوون، کە تۆکفیل بۆیان دەچوو، چونکە هەموو کۆبوونەوە ناوخۆییەکانیان پووچو بێمانا بوون، هۆکاری ئەمەش بەپێچەوانەی وەهمی زۆربەی تیۆرکارانی کۆمەڵگەوە دەچووەوە سەر ئەو مۆرکە خۆجێییانەی ئەو کۆبونەوانەیان پێدەناسرایەوە. گومانێك لەوەدانییە دیموکراسیەتی یەکە بچووکەکان باشیی خۆیانیان هەیە، بەڵام ناشتوانن بڵێن، پێیان دەکرێ هەموو تاکەکەسەکان وەکو یەك بپارێزن، کاتێك دەتوانن بیانپارێزن, کە بەگژیەکداچوونەوەی بەرژەوەندییەکان لە ئارادانەبێت.

ئەم بەگژیەکداچوونەوەی بەرژەوەندییانە بۆتە مایەی قسەوباس لای رەخنەگرانی تیژی فرەیی، چونکە توێکارییە تیۆرییەکان پیشانیانداوە بەرژەوەندیی چینە هەژارەکان لەناو یەکە گەورەکاندا بەشێوەیەکی زۆر باشتر لەوەی ناو یەکەبچوکەکان دەپارێزرێت. راستە گروپە خۆبەخشەکانو بونیادە دیموکراتییە راستەوخۆکان

گرنگییەکی وایان بۆ ژیانی هاوولاتییان هەیە، کە ناکریێ فەرامۆش بکرێن، بەلام وەلامی پرسیاری ئەوەی، کە داخۆ ئەو بونیادانە تاچەند دیموکراسین، دەوەستێتە سەر کۆمەلە هەلومەرجێکی ناوخۆییو دەرەکی، کە لەوانەیە لەناو هەمان ئەو کۆمەلگەیەدا دەست نەکەون. بەلکو بگرە لەوانەشە ئەو کۆمەلگەیە خۆی مەیلی بۆ چەسپاندنی دابەشکردنی دەسەلاتە بەرقەرارەکەی ئێستا هەبێت. بۆیە کارێك لێرەدا دێتەپێشەوە، کە دەبێ باسی لێوەبکەینو بیهێنینەوەیاد، ئەویش ئەوەیە: کۆمەلگەی مەدەنی ئەگەر بتوانێت سنورێکیش بۆ دەسەلاتی مەرکەزی دانبێت، لەتوانایدانییە بەسەر کۆسپی ئابوریدا زال ببێت.

رۆلی رێکخراوە میانکارە مەدەنییەکان هەر چییەك بێت, مەترسییەکانی بازاڕی سەرمایەداری هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە. بوونی جیاوازی لە داهاتی مادییدا کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لە مەیلی بەرەو بەشداریکردنو ئەو زانیارییانەش دەشێوێنێت، کە سیاسەتمەدارە رەسمییەکان دەیدەن بە یەکتری، پرۆسەی کارگێڕیی گشتی دەشێوێنێت، هەولی تاکەکەسو گروپەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخاتە بەر مەترسی. لە ئەمریکادا سەردەمێکە ئالوگۆڕێك لە پرۆسەی بەڕێوەچووندایە، هەرکەس بەشداریی ئەو ئالوگۆڕەی کردبێت, حەزی لە بەرز پیشاندانی خەلکی ئەوێیە، ئەمانە خۆیان ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەموو ئەو هێزە



بنچینەییانەی بەهانە بۆئەوە دەهێننەوە، کە دەبێ جیاوازی لە قەبارەی بەشداریکردنی خەلك لە سیاسەتدا هەبێت، هەموویان زادەی ئەو جیاوازییانەن، کە لە داهاتیاندا هەیە. لەم رووەوە (فێربا) دەلێت: ململانەی سیاسییانە لە ئەمریکاداو بە بەراورد لەگەل شوێنە دیموکراتەکانی تردا، لەڕووی تەقلیدەوە کەمتر تێکەلی گوتاری چین بوبوو. لەم سالانەی دواییدا لەناو زاراوە سیاسییەکاندا کەمتر لە هەر سەردەمێکی تر ئاماژە بە (چین– تەبەقە) دراوە. ئەمە بارودۆخێکەو ئێمە لەڕووی تیۆرییەوە دەتوانین بیگەڕێنینەوە سەر ژمارەیەك پێشڤەچوون، کە لەم دە بۆ بیست سالەی دواییندا روویانداوە: مەبەستم لەو سەردەمەیە، کە پارتی کۆماری توانیویەتی وەك پارتێکی جەماوەریی گشتی دیفاع لە خۆی بکاتو ئەندامێتیو دەسەلاتی یەکێتییە کرێکارییەکان تێیدا تووشی داخوران هاتوونو جەخت لەسەر سیاسەتی فرەکەلتوری کراوەتەوەو شیکردنەوەی کۆمەلایەتییانەی مارکسیستانەیش وەکو ئامرازێکی فیکری ماتو کپ بووە، بونیادە پیشەییەکان گۆڕاونو لەگەلیشیاندا دابەزینێك لە ئاستی کاری پیشەسازیدا روویداوە.

کەچی سەرباری ئەمانەش چین بە قوولی گرنگیی خۆیی لەناو سیاسەتی ئەمریکیدا پاراستووە، ئەگەرچی لەناو گوتاری سیاسییانەی هاوچەرخی ئێمەدا، کە باس دێتە سەر بەشداریکردنی سیاسییانە, باس لە چین ناکرێت.

ئێستا ئیتر بوارێك بۆئەوە نەماوەتەوە بکەوینە دوای توێکارییە نوێیەکانی تۆکفیل، چونکە ئێستا نایەکسانیی ئابوری لە هەر کاتو سەردەمێکی تر روونترو دیارترە، ئەمە شتێکە ناکرێ فەرامۆش بکرێ. (سارا رایمەر) لە زنجیرە گوتارێکی نایابیدا ئەو بۆشاییەی ئاشکراکردووە، کە ژیانی کۆمەڵایەتیی گرتۆتەوە، ئەو دەڵێت هەموو شتەکان گۆڕانو جێگۆڕکێیان پێکراوە، بەدڵنیاییشەوە هۆکاری ئەم گۆڕانانە بریتی نییە لە تەلەفزیۆن، بەوشێوەیەی، کە بوتنام بۆی چووە، بەڵکو بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوەیە، کە لە سروشتی کارکردندا روویانداوە. ئێستا کە هەلی کارکردن کەم بۆتەوە، باسە ئاکارییەکان مەسەلەیەك نیین تۆ تیشکیان بخەیتەسەر. (ویلیەم یۆلیۆس ویڵسن) ی زانای کۆمەڵناس بەشێکی ژیانی خۆیی بۆئەوە تەرخان کردووە توێژینەوە لەبارەی کاریگەریی بێکاری لەسەر کەشی کۆمەڵایەتیی شارەکان روون بکاتەوە. وێلسن دەڵێت، کاتێك، کە هەلی کارکردن نامێنێت، ژیانی مەدەنیەتیش لەگەڵیدا نامێنێتەوە. کەوابێ کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەستە بە دابینبوونی کارەوە، کاتێك هەلی کارکردن نەما, پێکهاتە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش نامێننەوە، لەبەر ئەم هۆیەیە دەبینیت حکومەتەکانی وڵاتە رۆژئاواییە دیموکراتەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەرنامەی تایبەت بە بووژاندنەوەو دابینکردنی هەلی کارکردن بۆ خەڵك مسۆگەر



بکەن، لەبەرئەوەی ئەو دابینکردنە ماناکەی دەکاتە بوژاندنەوەیەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی.

زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتیی تێکدەری وەکو تاوان، هەڵوەشانەوەی خێزان هەن, دەچنەوە سەر دیاردەی کەمبوونەوەی هەلی کارکردنو دیارە ئەمانەش چەند دیاردەیەکن زۆرجار لە کەناری ئەو شارانەوە دەردەکەون، کە لەڕووی سیاسیو ئابورییەوە فەرامۆش کراونو دەبنە هەوارێك، کە رێکخستنی کۆمەڵایەتیی مەدەنییانەیان تێدا کەمەو دەستەی چەتەگەریو بازرگانیکردنی بەنگو تریاکیان تێدا زۆر دەبێت. ئەم ئاراستەیە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەمان ئەو ئاراستەیە دەسەلمێنێتەوە، کە نوسەرانی کتێبی (دەنگو یەکسانی) بۆی چوونو پێیانوایە بەشداریکردنی دیموکراتییانەی بە بەرهەم پێویستی بەوە هەیە دەنگی هاووڵاتییان لەناو سیاسەتدا روونو بەرزو یەکسان بێت: روونیەکەی بۆئەوەبێت، کە خەڵکە رەسمییەکان لەوە تێبگەن هاووڵاتییان چییان دەوێتو پێویستیان بەچییە، بەرزبێت بۆئەوەی ببێتە هاندەر بۆ خەڵکە رەسمییەکان, بۆئەوەی گوێ بەوشتە بدەن، کە دەیبیستن، یەکسان بێت بۆئەوەی نمونەی دیموکراتیەت پێشێل نەکرێتو بتوانێت بە یەکسانی وەڵام بە مافو بەرژەوەندیی هەمووان بداتەوە. ئەو توێکارییەی ئێمەیش، کە لەبارەی چالاکیی خۆبەخشانەوەیە لە سیاسەتی ئەمریکیدا,

پێماندەڵێت دەنگی جەماوەریی لە ئەمریکادا زۆرجار بەرزەو روونیشە، بەڵام زۆر بە کەمی هەڵدەکەوێت یەکسان بێت.

کۆمەڵگەی ئەمریکی بەرفراوانترین گواستنەوەی سەرمایەی ناو هەموو مێژوو لە خەڵکە هەژارەکانەوە بۆ دەوڵەمەندان بەخۆوە دەبینێت. ئەوەتا لەوێ رێژەی (1٪)ی دانیشتوان دەستیان بەسەر دوولەسەرسێی گەشەی ئێستای سەرمایەدا گرتووە، نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکەش ئێستا داهاتیان لەو داهاتە کەمترە، کە خۆیان لەساڵی(1973)دا هەیانبووە. ئەم ئاماژانە، کە لەمێژووی خۆیاندا بێوێنەن, وادەکەن هەرکەسێك تیۆریزەو شیکاری لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بکات، ئەم جیاوازییە قورسانە لە پلەی یەکەمدا دابنێت.

ئەو ئەمریکایەی، کە (تۆکفیل) سەدەونیوێك پێش ئێستا سەردانی کردبووو ستایشی ئەوەی کردبوون، کە ئەمریکییەکان مەیلێکی مێژووییان بۆ پەیوەستبوونی خەڵکەکە پێکەوە هەیە، جیاوازە لەم ئەمریکایەی ئێستا. ئێستا کەلێنی نێوانی ئەم ئەمریکایەو ئەو ئەمریکایەی ئەو سەردەمە زۆر جیاوازو گەورەیە، مەسەلەکەش ئاکاری نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئابوورییانەیە. نە گریان بەسەر دابونەریتی کۆنو رێگاخراپەکانی هەڵسوکەوتدا هیچی لێ سەوز دەبێو نەیادی ئەو گروپانەیش هیچی لێدێتە بەرهەم، کە هەبوونو لەناوچوون.



کاتێك دێینە سەر باسی شێبوونەوەی ژیانی مەدەنییانەی ئەمریکا, شتێك هەیە دەبێ خۆمانی لێ لابدەین، ئەویش باسی ئاکارە. ئەم بۆچوونە وەك دێتەبەرچاو (نەریتێکی سۆزدارییانەی ئەمریکییانەیە), چونکە ناکرێ بە گوتارێك، کە باس لە بەهاکان بکات بتوانیت ئاستی ئامانجی گشتی بەرز بکەیتەوە، مەگەر ئەو گوتارە ئەو تێگەیشتنە چەواشەیە بێنێتەئاراوە، کە دەڵێت گەندەڵیی کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم گرفتێکی ئاکارییەو باشترین چارەسەریش بریتییە لە هێنانەئارای کەلتورێکی مەدەنییانە، کە رێنمایی تەندروستی تێدابێت. ئەو کۆمەڵگە مەدەنییەی لەمەوە سەر هەڵبدات, پێویستی بەوە هەیە لە ئاستێکی باڵادا ململانە لەسەر ئیدارەی دەوڵەت بکات، نەك جەخت بکاتە سەر رەوشتی باشو گوتاری شارستانییانە.

ئێستا بواری تیۆریزەکردن بۆ ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە نەماوەتەوە، کە وەك گۆرەپانێك بۆ چالاکیی دیموکراسییانە کاربکاتو لە سەنگەری بەرامبەری دەوڵەتێکی بەزۆرسەپاودا دابنرێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ستەمکارییانەی لە پێکهاتەی سیستمی سەرمایەداریدا هەنو کاریگەری دەخەنەسەر ژیانی رۆژانە.

کەوابێ, دەبێ ئاسۆکانی روانینو کارکردنمان فراوانتر بکەین، بۆئەمەش هەر دەبێ دەوڵەتو سیاسەت بەیەکەوە وەربگرین. ئەم بۆچوونەیان تەواوی کۆمەڵگە لەبەرچاودەگرێ.

ئەو نایەکسانییەی، کە بەقووڵی ڕەگاژۆ بووەو تەرکیزکارییەکانی دەسەڵاتی تایبەت گەورەترین مەترسییان تێدایە بۆسەر دیموکراسیەتو کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو مەترسییە بە چەند سەردەمێك گەڵاڵە بووە، کە لەو سەردەمانەدا بۆچوونەکان وابوون، گوایە کۆمەڵگەی مەدەنی پاراستنی تەواوی تێدایە لە دژی جیاوازیی چینایەتیو کۆبوونەوەو پاوانکردنی دەسەڵات لە چنگی خەڵکانێکدا. ئەمڕۆ کێشە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکان، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێیوایە ئەم گۆڕەپانانە لە یەکتری جیاوازن، پشت بە یەکتری دەبەستن. بۆیە تەحەدای گەورەو پێویستی ئەمڕۆ بریتییە لە فراوانکردنەوەی دیموکراسیەت بۆ ئابوریو بۆ دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە پێویستمان بە چالاکیو تیۆرێکی سیاسییانەی سەراپاگیر هەیە، لە پێگەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەرمایەوە بیخەینەگەڕ.

جارێکیان (تۆکفیل) وێنایەکی وای لەلا دروست بووە، کە دەبێ فەرەنسییەکان دیموکراسیەت لە ئەمریکییەکانەوە فێربن، بەڵام وەك دەبینین چەرخی ڕۆژگار پێچی خواردۆتەوە، ئەوەتا وامان لێهاتووە لە فەرەنساوە ئەوە هەڵێنجین، کە داخۆ دەبێ چۆن لە گرفتو ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بکۆڵینەوە! ئەوەتا سیستمی پەروەردەییو فێرکاریی فەرەنسا لەلایەن سیستمێکی باجگریی نیشتمانییەوە کۆمەکی پێدەکرێت، کە بەشێوەیەکی یەکسان پارەو



بودجەی خوێندنو پێوەرەکانی پەیڕەوی خوێندن بەسەر وڵاتدا دابەشدەکات، پەیوەندیی پتەوو قووڵی دانیشتوان بە تێزی گشتگیریی شۆڕشگێڕانەو یەکسانیخوازانەوە ئامادەیی هەزاران هاووڵاتیمان پیشان دەدات بۆ دابەزینە ناو شەقامەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك بکرێتە سەر ئەو سیستمەی خۆیان بەدەستیان هێناوە. کەوایە سەرباری هەموو ئەو شتانەی وتران، سەرباری ئەو شتانەی ڕوویاندا, هێشتا فەرەنسا شتی وای ماوە ئەمریکای پێ فێر بکات، ئێستایش کاتی وەرگرتنو فێربوونی وانەکە هاتووە.

* * *

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵانی (2008 ـ 2009)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .251 | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | 2008 |
| .252 | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گورون | 2008 |
| .253 | جلال الطالباني رجل القرار | حوار مع الفضائية العراقية | 2008 |
| .254 | لەکیبە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵلا یونس | 2008 |
| .255 | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | 2008 |
| .256 | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | 2008 |
| .257 | كركوك بموجب احصاء عام 1957 | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | 2008 |
| .258 | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | 2008 |
| .259 | گۆڤاری نۆڤین ـ 13 ـ | | 2008 |
| .260 | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | 2008 |
| .261 | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | 2008 |
| .262 | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | 2008 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .263 | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | 2008 |
| .264 | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | 2008 |
| .265 | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | 2008 |
| .266 | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | 2008 |
| .267 | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | 2008 |
| .268 | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە: ئیسماعیل حەمەئەمین | 2008 |
| .269 | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | 2008 |
| .270 | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵلا یونس | 2008 |
| .271 | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵلا<br>تاریق رەئوف محەمەد | 2008 |
| .272 | نوروز عيد الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | 2008 |
| .273 | الكرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | 2008 |
| .274 | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە:<br>مەسعود بابایی | 2008 |
| .275 | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | 2008 |
| .276 | علميني يا كركوك كيف ابكيك | محمد شوان | 2008 |
| .277 | چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | 2008 |
| .278 | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | 2008 |
| .279 | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | 2008 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .280 | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوونو نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | 2008 |
| .281 | پیسبوونی بینینو کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی | هەوراز محەمەد | 2008 |
| .282 | شارەزوورو لوڕستانی باکوور | د. حسام الدین نەقشبەندی | 2008 |
| .283 | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوفو سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ | 2008 |
| .284 | زاراوەکانی کۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵلا | 2009 |
| .285 | دەرکەوتنی رێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عیراقدا | یوسف گۆران | 2009 |
| .286 | سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بەکەرکوکو فیدراڵی | ئارام رەفعەت | 2009 |
| .287 | مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون | زانا رؤوف حمەکریم | 2009 |
| .288 | یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا | و. خەلیل عەبدوڵلا | 2009 |
| .289 | سجالات عربية كردية | د. هەڵکەوت حکیم | 2009 |
| .290 | ئیدارەی کوردی ئاستەنگو ئاسۆی گەشەکردن | مامۆستا جەعفەر | 2009 |
| .291 | سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، رەخنە) | د. ئەکرەمی میهرداد | 2009 |
| .292 | بیر ـ ئاوەز ـ زمان | فوئاد عەبدولڕەحمان | 2009 |
| .293 | مدينة إله القمر | تأليف: تمارا . إم. غرين<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | 2009 |
| .294 | ئەستێرەی سوور ـ بەشی یەکەم | بوار نورەدین | 2009 |
| .295 | ئەستێرەی سوور ـ بەشی دووەم | بوار نورەدین | 2009 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .296 | لەبارەی کوردو عیراقو چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە | شاكر نابولسی<br>و: عەدالەت عەبدوڵلا | 2009 |
| .297 | هاریکاری نوێ | و: کارزان کاوسێن | 2009 |
| .298 | کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەرهەڵدانی شۆڕشدا | سەمەد زەنگەنە | 2009 |
| .299 | مێژووی بیری کوردی | مامۆستا جەعفەر | 2009 |
| .300 | بایەخی جیۆپۆلۆتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك | تارق کاکە رەش | 2009 |
| .301 | گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەی شنۆو ورمێ و رەواندوز | و. لەئەڵمانییەوە:<br>ماکسیمیلیان بیتنەر<br>پێشەکیو پێداچوونەوە:<br>مامۆستا جەعفەر | 2009 |